-Qandê alîkarey û destdergeyda cemiyetê şima kurdê Qoçgîrî û ê Dersimî hadre û amade yê. Vano:

Ma xo miyan di muşewre û munaqaşe kerdo ki, ma destderge ya cemiyetî bikerê. Ca ca şûbe yê cemiyetî akerdê û heme girêda yê cemiyetî bî.

Roj bi roj partîzan û welathesker-



www.arsivakurdi.org

do xê Kurdan, bîyê zahfî û kewtê refandê (safandê) karwandê eskerandê xo mîyan. Roj bi roj xortan, çek û pûsat (rext) girêda yê û xo kerdê hedre, qandê sere hewadini, azadî û serkewtenda welatê xo.

Di ser da... (1336 an dê hîcrî) di yeno Dersim. Qandê mudaxele û vernî giroten da SEWR i. Miletda Dersimi ya pîya name, namî sero nûşnenê û rişenê Hukmatdê Anqara rê. Name, namî ser o varnenê Ankara, qandê muxtareyda Kurdistanî.

Kiştê ra namey nûşna yê riştê, kiştê ra jî qandê serkewteni û azadî da Kurdistnî veng nêmendê, şew û roj gir weya yê. Ci rê nefes giroteni û solix çinê bî. Ca bi ca dê Dersimî di, bi ziwandê Kurdî ya Konferansî viraştê û vistê ray. Qandê ki bişênibo milleta Kurdan arêkero pêser û qandê serkewteni û azadî da Kurdistanî ray fîno. Qandê îstiqlal û serkewtenda Kurdistanî teşkîlatî viraştê û ardê meydan (hol). Xortê Kurdistanî arêkerdê pêser, h ergi jewî rê wezîfe yê dayê. Wezîfey, kar û bar xo mîyan di, pê ra bara kerdê. Qandê ayakerden da milleta xo û girweynayişî, şew û roj ci rê hewn û vindertiş çinê bî.

Teşkîlat, teşkîlat ser o viraştê, grubî, gruban ser o ronayê. Welat û milleta xo ra, qewm û éşîrandê xo ra, qeç û xortandê xo ro zaf hesker dê. Çimê ci hewna ser o berqa yê, laberê adirê bindestey û bêazadiyey o veşna, kerd koz. Hesretey, serkewteni û azadî ya Kurdistnî ey pîze di mendi. O, adira veşa, helaya û şî mezel. Êmrê do dûr û derg di, heyatê do pak û weş di, bênefes û bêsolix girwe ya bî. Bê meselan û dozan dê Kurdistanî, nêvat bî rojê xo rojkera û rojanê xo bi kêfa ravêrna. Hen di tehda û zulmî bin di, hen di tedbîr û zordestey da Dewleta Tirkan bin di jî, nêvinderd bî. Karê xo yê milleti ayakerdeni û teşkîlatî ronayeni domnay bî.

Di sere hewadena Dersimî (1937) di, Seyîd Riza ya pîya jewbiya yena kar û barî viraşti û quwet arêkardeni û pê resnena.

Elîşêr efendî tewrdê şoreşdê Qoçgîrî bî bi. Qandê şoreşdê Qoçgîrî şew û roj girweya yê û jewbiyayena eşîran temîn kerdê. Qandê şoreşî eşîrî pê ro resnaybî pê. Wexto ki şoreş pe de şî, mecbûr mend terkê Qoçgîrî bikero.

Qoçgîrî ca verda û çend enbazan dê xo yê çektaran û Zarife Xanima pîya amey bî, Dersim di ca bîbî. Elîşêr efendî û Seyîd Riza dost û enbazê pê bî û verî ra pê sinasna yê (silasna yê).

Dewleta Tirkan derheqdê Elîşêr efendî di fermanê dardakerdeni vet bî û geyra yê ci. Qandê nê sebebî, Qoçgîrî ca verdabî û ameybî Dersim di varbîbî (ca).

Dewleta Tirkan çend finî ey Seyîd Rizay ra wazene. Labrê Seyîd Riza ey nêdano înan. Meridm o zey Seyîd Rizay, qe dostê xo, enbazê xo teslîmê Destandê dişmenî keno. Serê xo dano, dostê xo nêdano. Ma Kurdandê dimilîyan mîyan di çî yê do wina bol eybo, ma mirenê dostê xo nêdanê destandê neyaran. Seyîd Riza qîmiş nêbiyê bi namedê ciya veyn do ci. Qimiş nêbi yê name yê ci bigîro xo ziwanî ser û ci rê vajo: "Elîşîr" Ci rê vatê:

Mîr, mîrê mi, Elîşêr efendî. Ci ra zehf (zaf) heskerdê. Qadir û qîmetê ci bol berz bi. Milleti rûmetê do gird dayê ci. Wexto ki Elîşêr efendî şî yê teber û ameyê zere, heme ci ver di weriştê pay. Verê hemini Seyîd Riza weriştê lingan ser û ca daynê cê. Seyîd Rizay, o tim cordê xo di dayê ronişteni.

Elîşêr efendî, merdimê do bol zanaye bî, o zey (gol) da bê bin bî. Hewt qat ser û binê erdî zana yê. Ha qeçek bişiya yê ci heti, ha merdimêdo pîl. Qandê ey ferq nêkerdê, qîmet dayê wirnan û dest ra bîyame yê, bişa yê girwe yê wirnan dîyê. Bi rî yêdo germ û hûwate ya qedir û qîmet dayê însann û înan ra hal xatir perskerdê. Goştare ya derd û kulan dê mileta xo kerdê. Derd û kulandê înan rê geyra yê derman û çare. Goştare ya gird û werdîdê xo û înana şa bî yê. Tim vaştê ki mileti bîro ci het, meselan û derdanê xo ci rê vajo. Bol waştê milçeti derdanê xo û pîze hê xo ci rê akero û o jî, goştare ya înan bikero.

Dest ra bîro meselanê înan halbikiro û destanê xo hetê înana derg kero. Milleta xo ra, xortan dê xo ra, çekdarandê xo ra zahf (zaf) heskerdê. Merdimêdo nûranî û p ak bî. Merdimêdo zerînerm û zerîtenik bî. Wexto ki, cemeatê di yan jî, kombiya yenê (civînê) di ronişte, yan jî tewr bî yê, giranê ya xo dayê millet û welatê xo ser. Bindestey û neçarey da înan ser qisey kerdê. Ey qet qiseyê vengî û bê sere nêker dê. Qiseyê xo ca di û wextê ci di kerdê. Bol waştê rojê ravey welatê ci azad bo û mileta ci serkewo, roşnayî kewo. Nêwaştê mileta ci destan bin di binalo. Ey bol waştê milleta xo hemini kopmê pêser kero (arêkero) û înan vero qisey bikero û mselenaê Kurdistnî jû bi, jû jînan rê îzahkero. Pers û perskerdanê milleti ser verî ramanê (fikrê) Seyîd Rizay girotê. Wexto ki çî yê bî yê, yan jî mesele yê vijya yê verî Seyîd Riza ra, bahdo jî mileti ra Perskerdê, qandê çare dîyayeni (çareserkerdini). Teniya, bi seredê xo ya karnêkerdê û qerarî nêda yê û negirotê.

Wexto ki milleti mîyan di mesele yê vijya yê ci vernî. Winya yê rîdê Seyêd Rizay ra.

Seyîd Rizay fahm kerdê o yo se vano, yan jî keno se vajo. Wexto ki fahm nêbiyê jî, fikrê ci perskerdê. Wexto ki mesele yê, yan jî persê vijya yê se, Seyîd Riza zî, winya yê rîdê Elîşêrî ra. Ey jî fikrê ci perskerdê û fikrê ci girotê, wirnan qîmetêdo gird dayê pê.

Seyîd Rizay, nemêdo gird dayê vaten û fikrandê Elîşêr efendî, fikrê ey girotê û bahdo jî, qerar dayê, yan jî girotê. Qandê coy jî milleti hemini ci rê vatê, aqildanê, fikirdanê Seyîd Rizay.

Elêşêr efendî zaf wend bî û hewna jî şew û roj kitaban sera nêweriştê. Çiçî bîyê, çiçî nêbî yê defterdê xo di, kitab da xo di nûşna yê. Heme çî, heme bîyayenî not girotê. Kotî çiçî bîyo, çiçi nêbîyo qeyd kerdê. Çend serî verêî serehewaden da Dersimî vat bî:

-Mûsfefa Kemal do ma ser di bîro û hêrişê Dersimî bikero. Lazimo ki ma verê tedbîrê xo bigîrê û hadreye ya xo bivînê (bikerê). Dişmenetey û qahrî eşîran mîyan ra hewadê, qebîlan û eşîran ûmişê pê kerê. Hemini berê keyandê pê, bîyarê pê heti, qahrî werte ra hewadê heme pê di merheba bikerê û ûmişê pê bê. Lazimo ma pêro dest û doşiyan bidê pê, jew bê û pîya sere hewadê û hemberdê dişmenan di vinderê û lejbikerê. Ma xo jew nêkerê, ma nêşenê hemberdê dişmenan di xo ver bidê. Bê jewbiyayeni çî yênîşino sere û sernêkewno. Heta ê nîyame yê û hêriş nîyardo ma ser, ma jew bê, plan û programê xo virazê û tebdîranê xo bigîrê.

Elîşêr efendî, tim dişmişê vernî bî yê û hesabê vernîyeri viraştê.

Bi aqil û zekalixeyda xo ya, plan û programê xo ronayê. Gamê xo qandê jewbiyayen da milleta Kurdan û Kurdi-

www.arsivakurdi.org

stanî eştê. Ey rind zana yê bê jewbiyayeni, bê serehewadeni û bê xoverdayeni welat nêreyêno û ser nêkewno. Kes do dest, destan, doşî, doşiyan, mil, milan do û o hesaba hemberdê dişmenî di vindero û gamanê xo çekero. Ey timn vatê, berê ma jewbê û dişmenandê xo ver di werzo lingan ser ûlej bikerê.

Elîşêr efendî, Şaîrê do, bi name, sinasnaye û bi veng bî. Şeher ê ey cemeetandê beg û axaleran di ameyê wendeni û vateni. Ey weş tenbûri cina yê. Jû jû jini tembûre cina yê, zerî ya kesî honik bî yê vengdê tembûrîya. Şeherê xo bol kî Dersim û welatî ser o nûşna yê. Seherê xo bi Tirkî û Kurdî zeravandê Dimillî û Kurmancî (Kirdkî û Kirdajî) ya nûşna yê.

Şeherê da ci wina ya

Qoçgîrî başladi harba
Sesi gitti şarka garba.
Bir ordu asker geldi
Dayanamadilar bu darb
Dılo yaman yaman,
Çıyan gırt berfo dûman
Mera bışin şahê merdan
Ev dermanê hemû derdan

Ovacigin aşireti
Zapt eyledi memleketi
Geriden imdat gelmedi
Hozat çekmedigayreti
NakaratNakarat

Kürdistanın Orduları
Kahır ettiler babarları
Vaten için ölecegiz
Istemeyiz Moxûl
Dilo yaman yaman, yaman
Dilo yaman dilo yaman
NakaratNakarat

Yemin ederler almaya
Zülfükar Murtezay
Geriden eller çektiler
Bir uymayı eskıyaya
Dılo yaman yaman,yaman

Şeherê ki Elîşêr efendî nûşnayê, bolê ci bîyê vinî û vîra şî yê. Kesî hewlnêdayo xo, ê nîyarêkerdê pêser û kitabê di çap nêkerdê. Bol heyf bî, şeherê Elîşêr efendî pêro pede sî. Jû jû fini, jew jew rêzê şeheran û dêrandê ci yenê vîrîdê tay tay kal û pîran. Ey bol weş beytî bi sara cina yê û vatê. Deyi ra ci ya binamadê Dersimiya zaf ameya vateni û bi şekildê xo ya resa ya ewro. Qitayê da ci bi tirkî wina ya:

Gönül gel gezelim Dersim dagını
Ne hoş memleketti Elî Dersimin
Seyran eyliyelîm Sultan dagını.
Ne hoş çiçekler var gülü Dersimin.

Dengbêjan deyrê Elîşêr efendî, xo fek ra nêvistê. Wedandê Dersim û Qoççgîrî di, roşanan û şayiyandi deyirê Elîşêr efendî wendê û goştarey kerdê. Mane yê şeher û dêrandê ci zaf xorî bi û bol çî dayê îfade kerdeni.

Dewleta Tirkan jî nêwaştê seher û deyirê Elîşêr efendî milleti mîyan ra villay bê û bîrê vateni. Heme ca di ê qedexe (yasa) kerdê. Waşte ki, înan hemini werte ra hewadê û vinî kerê.

Elîşêr û kebani ya (kewaniya, bermaliya, xatûna) ci Zarîfe xanima pê ra zahf (zaf) heskerdê. Wirnan bol qedir û qîmet dayê pê. Wirna merdimê pê û eşîr da Şêx Hesenan ra bî. Winî pê ra heskerdê, winî heskerdê, qîmiş nêbi yê neme yê pê bidê û namedê pê ya veyndê pê. Name yê pê nêgirotê ziwanî ser. Înan pê rê vatê; "enbaza me, enbazê mi". No babeta veng kerdê a pê û veynda yê pê, û gazî pê kerdê. Rojê qelbê pê nêşikna bî û pê nêtewna bî û pê vero dîk nêbî bî. Ronişteni û weriştena înan, dayen û girotena înan, pers û perskerdena înan, hemina est bî. Înan qedir û qîmet dayê dost û enbazandê xo, millet û welatê xo û welatheskerdandê xo. Pê ra heskerdeni, qedir û qîmet dayena înan milleti mîyan di destani bî. Melleti bi zerî da weşi û sere berza, can û cîgera behsê (qalê) înan kerdê.Goş nayê pê, pê mîyan di qiseyê xo kerdê jewî. Pê nêtewna yê û pê ra nîyabirya yê.

Zarîfe Xanimi tenîya cini ya keyî, kebani ya keyî nêbî. Ay jî tim rext, çek û pûsatê xo girêda yê, tifinga xo zey camêrdana eştê xo mil, mileta xo, eşîran dê xo mîyan di geyra yê. Qiseyê nêweş, sext û xezelî û mesele yê ki eşîran mîyan di qehr pey da kerdo, bi şeklê do weş û nerm û rehete ya bişa yê halkerdê û werte ra hewada yê. Eger nêşa yê halkero, bi şeklê do akerde ya raporkerdê û berdê mîr û Seyîd Rizay rê.

Serdar û qîmetgiranandê (qîmetdayandê) éşîran rê û ê ki qise yê ci milleti mîyan di perey kenê. Înan jî ê meseley, ê nêweşî, ê qiseyê sext û xezelî çareser kerdê û xo mîyan di halkerdê. Meseley peyşna yê, nêweşiyan rê derman û çare dîyê û kok ra halkerdê. No babeta heme çî halbiyê û werte ra weriştê. Tay mesely û nêweşî jî estî bî, mîr û Seyîd Rizay nêşayê halkero, yan jî wext nêdîyê pa mijûl bîya yê yan jî mesele yê cinîyan bîya yê, Zarife Xanimi xeberdar kerdê û qandê halkerdeni a riştê.

A jî şî yê nê meseley çareser û halkerdê, ê nêweşîyan rê çare û derman dî yê, ê dirbetî derman kerdê û ameyê. No babet û hesaba mesele yê nêweş, sext û xezelî jî xo mîyan di bara kerdê. Zarîfe Xanimi cinî yê da zaf jîhatî û aqili bî. Cinîyê da bejinderng û xatûni bî. Merdim qîmişê cinêbiyê ki bewnî ro cara. Ziwan weş, zerînerm û zerîteniki bî. Ciniyandê Serokan, şêxan û began heti aleqe yê do germ ronabî û viraşt bî. Bolinanê ci a xo rê kerdi bî way. Karê herkesînê bî hemberdê ay di qisey biekro û ay ver bivijîyo. Bi raştey cinîyê da bol aqili û çelengi bî. Kê bahsê ay kerdê vatê:

-Xanimêda wina diha nîyame ya dinya û çiniya. Cinîyan vatê:-Xanimi wina vato, xanima wina vana. Labrê çi heyt, çi heyt ki ciniyê da bê qeç bî û ca rê qeçek nebî yê.

Elîşêr efendî, merdimê do zahf demokrat û zana ye bî. Herûn da ey di jewna biya yê, do goreyê Kultur û edetandê Kurdan raybişiya yê. Goreyê Kultur û edetandê ma Kurdan, cemêrdo ki ciniyer da ci ra qeçek nêbeno, biwazao şêno newe ra bizewiciyo û cinîna (yanê wesnî) bîyaro cenîda xo ya verêni ser. Ciniyanê xo didi kero, yan jî ciniya xo ya sifteyêni (vernîyêni) ver do. Labrê Elîşêr efendî, winî nêkerd û wesnî nîyan di ciniyer da xo ser. Vanê ya, halê zanayî halna yo, babetna yo. Zanaye zano sekeno, senêkeno. Zana ye zano linga xo senî çekero û senî nêçekero. Zaneyey heme çî yê xo bi plan û programa virazeno û ronano.

Not: Dewamê ci hejmara ki bêro do

***



www.arsivakurd.org

HELBEST

## Ariqê ma

Ez nêşena abirna pê ra
şan û roj
û nêwazena vinî bikera,
cayê di
bêveng,
hewnayişê çiman.
jew qedyayeni di
ma xu vînay.
Peynîya heme çî di,
germeya hezkerdeni estbî.
Hezkerdeni qandê dûrî,
qandê nezdî,
qandê to...
Ti nêbîya ki, lewandê mi ser o
to
dansê folklorî kerdênê
destê ma pêra hendi dûrî nêbî,
germey a roji ariqê ma ser o bî,
beno ki,
çî yê weş bîro vîra kerdeni,
la, ma nêşênê vîra bikerê.
serdî
Ma,
senî
peyda kerd
germey.
û ariqê ma,
zeydê raman ê ma
nezdî yê sinor bî,
ma, nezdîyê pê bî,
ma, bedilîyayê şanî bî,
ma maçkerden a germey a lewan bî,
ma, şermayeya keynekan bî,
ma, qaçaxî germey a hezkerdeni
û ma ziwanê xo.
qaçax kar ard
û ma êyê, ê nêmerdî...

**FARUK YAKUP**
12. 02.1992

## ARTEMÎSÊ WELATÊ MI

Senî ez to vîra bikera?
Ma to destanê mi ra aw nêşimit?

Homa yê Afrodîtî nêbî,
zerîya ma kerdi germ?
Adirê "Harîman" bî çimanê mi di
û to destê xo day ser
û çimanê xo yê delal bewna....
û ay çiman di roj werya.

No çend serî yo ma éhlaq ra
qanûn peyda kerd.
No çen serî yo mûyî ma rijîya yo?
No çend serî yo ma çina kerd bi xo?
No çend serî yo "Homay" xo peyda kerd?
Ka , Homa Sapîens?

Ez a...
Ez a , Homa yê érdî.
Ez a, homa Sapîens.
Û ez bî ya, mi Hewa peyda kerd.
Adem bî, Qeçê Homa yê girdî.
Û Hewa ey xapêna.

Homa yê girdî,
lacê xo,
key xo ra eyşt.

To destê mi ra aw şimit
û mi adirê to bi çimanê xo ya wişk kerd.
Şîrqanê ma bî, bi vayê Aîlos
Winî ma veynda hezar serî ra tîya,
şîrqanê vengê dîroki ê ma bî
Dîrok heskerdena ma bî.
Ma ez nêbîya to kerda herra yê xo
û hera,
O yo ca yê xo gîno,
û vengey a zerî ya yê mi di o çi hewar bî...
Ti kotî di ra?
Ti welatê mi no şêrîn di,
xo nêvisna.
O yo welatê ma di zî, peyda beno Artemîs î...
Çi delalê Artemîsê welatê mi
û çi xurtî yê wunî zimistanî di,
adir vilikî akeno leşê înan di.

**Farûq YAKUP**

www.arsivakurdi.org

## بەرهەمی نوێ

**بەربانگ ئەو بەرهەمانەی پێگەیشتووە:**

* ڕووناکبیری: گۆڤارێکی کولتووری گشتییە، ژمارە (١)ی لە مانگی مارتی ١٩٩٢دا بە بەرگێکی قەشەنگ و چاپێکی جوان لەلایەن کۆمەڵی هونەری کوردییەوە لە سوێد، بڵاوکراوەتەوە.
لەم ژمارەییەی (ڕووناکبیری)دا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، مێژوویی، بابەتی کوردناسی و وەرگێران لە زمانە زیندووەکانەوە، بەرچاو دەکەون. ل. ١٣٣.

* لە بیرەوەرییەکانم: بەرگی پێنجەمە لە بیرەوەرییەکانی (کەریمی حسامی)، تایبەتە بە ساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٩، لەلایەن نووسەرەوە لە ستۆکهۆڵم بڵاوکراوەتەوە.

* پرسی کەسایەتی لە کوردستاندا: نووسینی: عەبدوڵڵا ئۆجەلان. کتێبێکە لەسەر تایبەتمەندییەکانی خەباتگێڕی شۆڕشگێر و ژیانی پارتی. مەهاباد کوردی وەرگێڕاوە و پێشەکی بۆ نووسیوە. بنکەی سەرخۆبوون بۆ چاپ ئامادە کردووە و بڵاوی کردۆتەوە. ل. ٥٨٢.

* کلاوڕۆژنە: گۆڤارێکی وەرزی ڕۆشنبیری ئەدەبییە، لە پاکستان چاپ دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە. ژمارە (٢) زستانی ١٩٩٢.

* بانگی حەق: گۆڤارێکی ئیسلامی ڕەنگاوڕەنگە، لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامیی کوردەوە، بە کوردی و عەرەبی بڵاودەکرێتەوە. ژمارە ١٩٩٢/٤.

* ئاوارە: گۆڤارێکی فەرهەنگی کۆمەلایەتییە. ئەنجوومەنی فەرهەنگی کورد لە ئالمیرە- هۆڵەندا- سەرپەرشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی دەکات.

* مەڵبەند: بڵاوکراوەیەکی مانگانەی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردە لە لەندەن. لەم ژمارەیەدا بێجگە لە هەواڵی ڕۆشنبیری لە کوردستان، دەنگوباسی مەڵبەند، شیعر و هونەر بەرچاو دەکەون.

لەگەڵ سوپاسماندا بۆ خاوەنی ئەو بەرهەمانە.



## ڕاگەیاندن

**بڕیاری حکومەتی تورکیا لەسەر خەلاتی ئەتاتورک بە نیلسۆن ماندێلا.**

**ڕاگەیاندنی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقی (ANC) بۆ ڕۆژنامەکان:**

کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقی، لەمەڕ بڕیاری حکومەتی تورکیاوە، کە دەخوازێت لە ١٩ ی گوڵانێدا، خەلاتی ئەتاتورک بە نیلسۆن ماندێلا بدات، ڕایدەگەیێنێت کە:
نیلسۆن ماندێلا، تەواوی ژیانی خۆی بۆ خزمەتی سەربەستی، چەسپاندنی دیموکراسی، ئازادی و پاراستنی مافی مرۆڤایەتی مرۆڤ تەرخانکردووە، خەلاتی ئەتاتورک بەو شێوەیەی هەیە قبوڵناکات و لە ئێستاشدا هیچ نیازێکی نییە کە سەردانی تورکیا بکات.
لەو هەڵوێستەشدا چ مەبەستێکی نهێنی لە هەمبەر ئەتاتورکی ڕیفۆرمیست و دامەزرێنەری تورکیای نوێ نیە.
لە لایەن دەزگای چاپەمەنی و ئاگاداریەوە بڵاوکراوەتەوە.

www.arsivakurdi.org

# دوای منداڵبوون

د. سەریەست رەواندزی

ئافرەت، لە رۆژ و هەفتەکانی یەکەمی دوای منداڵبووندا، هێشتا هەر خوێنی دەمێنێ. لە رۆژانی سێیەم و چوارەمیشدا شیر لە مەمکەکانیدا پەیدا دەبێ. گەلێ جارانیش شیرەکە زێتر لە پێوست دەبێ. ئەم مادەیە قۆناغێکی گەلێ گرنگ و ناسکە لە ژیانی ئافرەت و مناڵەکەدا، بۆیە دەبێ، پێش هەموو شتێک، ئاگاداری پاکی و خاوێنی بێ، بە تایبەتیش خاوێنی دەست، نوێن و پەڕۆکانی خۆی و مناڵەکەی؛ چونکە شیر و خوێن یاریدەدەرێکی چاکی زاوزێکردنی گەلێ جۆری میکرۆبن، بە تایبەتیش میکرۆبەکانی ئافرەت خۆی کە هەمیشە لەسەر پێست و پەردە لینجەکان «الأغشیه المخاطیه» دەژین.

ئەو ئافرەتەی تازە منداڵی دەبێ، دەبێت دوو سابوون بەکاربهێنێ، یەکێکیان بۆ دەست و چاو و مەمک شوشتن، ئەوی تریش بۆ پاککردنەوەی ناوگەڵی. دەست شوشتن نابێ تەنها هەر بەیانیان بێت، بەڵکو گەلێ گرنگە پێش هەموو شیردانێکی منداڵەکەی ئافرەتەکە دەستەکانی خۆی پاک بشوات، هەروەها دوای گەڕانەوەی، لە دەرەوە، بۆ ماڵ. لە کاتی شوشتنی سنگ و مەمکەکانی، ئافرەت دەبێ لە گۆی مەمکەکانییەوە دەست پێبکات، دوایش مەمکەکانی و ئینجا بن هەنگڵی بشوات.

دوای منداڵبوون، دیوارەکانی ناوەوەی منداڵدان، تا ماوەیەکی درێژ برینی هەر دەمێنێ. دوای حەوت تا هەشت هەفتە پەردەیەکی لینج سەر لەنوێ دیوارەکان دادەگرێتەوە. لوولەی منداڵدان راستەوخۆ بە ناوگەڵەوە نووساوە، بۆیە مەترسی ئەوە زۆرە کە میکرۆبی پێبگا و نەخۆشی لێ پەیدابێ. جا بۆ ئەوەی منداڵدان زوو چاکبێتەوە و باشتر بکەوێتە کار و ئەم خوێنەی تیایدا ماوەتەوە فڕێبدا، دەبێ ئافرەکە رۆژانە چەند جارێک لەسەر سک بخەوێ و هەروەها مەشقی «سویدی» بکات.

دایک، پێش شیردانی منداڵەکەی، دەبێ نەختێ مەمکەکانی خۆی بگوشێ، بۆ ئەوەی هەندێ شیریان لێ دەرچێ و نەرمتر بن و منداڵەکەی بە ئاسانی بیانمژێ. دوای شیردانیش، دایک دەبێ مەمکەکانی خۆی بەتاڵ بکات، ئەوەش دەبێ بە گوشینێکی لەسەرخۆ بێت، تا ئازاریان پێنەگات، گەلێ باشرە دەبێ ئەگەر بە شەویش بەتاڵ بکرێن. دایک دەبێ هەمیشە وریای ئەوە بێت کە مەمکەکانی خۆی بۆ شیردان بە نۆرە بەکار ببات، جارێک مەمکی دەستە راست و جارێکی تر هی چەپ.

پێویست ناکات دایک منداڵەکەی ماوەیەکی درێژ لەسەر مەمکەکانی رابگرێ، بە تایبەتیش رۆژانی یەکەم کە هێشتا سیرەکەی کەمە، چونکە منداڵەکە بە جارێک هەر تێر نابێت و ئەگەر ماوەیەکی درێژ مەمکەکان بمژێ لەوانەیە گۆیەکانیان بریندار بکات و بقڵیشێن. قەڵیشانیش جگە لەوەی دەبێ بە هۆی ئازاردانی دایک، دەشبێت بە رێچکەیەک بۆ میکرۆب، بۆ چوونە ناو مەمک و هەڵاوسانی. بۆ خۆ پاراستن لە قڵیشانی گۆی مەمک، وا چاکە رۆژانە بەدەرمانێکی موعەقەم بشۆرێ.

هەروەها ئافرەت دوای منداڵبوون، دەبێ ئاگاداری میزەڵدانی بێت. گەلێ جاران ئافرەت، یەکسەر دوای منداڵبوون، هەست بە پێویستی میزکردن ناکات، کەچی میزەڵدانی پڕ دەبێت و پاڵدەداتە منداڵدانی و نایەلێ جموجۆڵ «تقلصات»ی خۆی بە باشی بکات. بۆیە پێویستە ئافرەت هەر ٢-٣ سات جارێک میزەڵدانی خۆی بەتاڵ بکات، بە تایبەتیش پێش شیردانی منداڵەکەی. هەروەها، بە گشتی ٣-٤ رۆژ دوای مناڵبوون، پیسایی لە ناو ورگی ئافرەت کۆدەبێتەوە و بۆیە پێویستە رۆژانە، بەلای کەمەوە، جارێک بچێتە سەر پێ، ئەمە هەروەها بۆ جموجۆڵی منداڵدانیشی چاکە.

هەروەکو لە پێشەوە گوتمان، ماوەی منداڵبوون قۆناغێکی گەلێ گرنگە لە ژیانی ئافرەتدا، بۆیە دەبێ لە ئەوپەڕی وریایی و ئاگاداری دابن، وەکو چۆن ئافرەتەکان خۆیان، ئاواش پیاوەکانیان، بە تایبەتیش لە یارمەتیدانی خێزانەکانیاندا لە بەڕێوەبردن و ئەنجامدانی کاروبارەکانی ناوماڵدا و نەهێڵن بە هیچ جۆرێک کاری زۆر و قورس بکەن.

شایانی باسە کە هەموو ژن و مێردێک دەبێ بزانن ماوەی هەشت هەفتە نابێ لەگەڵ یەکدا بخەون. بەر لەوەی بگەڕێنەوە سەر ژیانی ژن و مێردایەتی خۆیان، چاکتر وایە رای دکتۆر یان مامان وەرگرن، بە تایبەتیش بۆ ئافرەتێک کە یەکەم جار مناڵی بووبێت.

www.arsivakurdi.org

و خەڵکی وولاتەکانی تر هاتوون و لێرە نیشتەجێ بوون. ئەمەش وای کردووە بوونی بیانیان لەم شارەدا دیاردەیەکی ئاسایی بێت و کاریگەریەکی خراپیشی لەسەر باقی خەڵکەکە نەبێت.

*بەربانگ*: پێوەندی کۆمەڵەکەتان، بە باقی کۆمەڵە کوردییەکانی شارەکانی دەوروبەری ئێسکلستووناوە چۆنە؟

*فرات*: ئێمە کۆمیتەی هەرێممان هەیە و لەو رێیەوە پێوەندیمان لەگەڵ تەواوی شارەکانی دەوروبەردا باشە و لەو پێوەندیەدا، ئێسکلستوونا بۆتە نێوەندی ئەو پێوەندییە.

*بەربانگ*: ئەی پێوەندیتان لەگەڵ فیدراسیۆن چۆنە؟

*فرات*: لەم پێوەندییەدا کەموکوڕی زۆرە و هەردوولاش بەرپرسیارن. لە راستیدا، بەرەوپێشچوونی فیدراسیۆن، لەسەر بەرەوپێشچوونی کۆمەڵەکان وەستاوە و هەر چالاکییەک کۆمەڵەکان دەیکەن، راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، کاردەکەنە سەر ئێستا و داهاتووی فیدراسیۆن. کۆمەڵەکان چالاک بن، فیدراسیۆنیش چالاک دەبێت. بە پێچەوانەشەوە، گەر کۆمەڵەکان چالاکیان کەم بێت، کارێکی خراپ دەکەنە سەر چالاکییەکانی فیدراسیۆن. لەبەر ئەوەی فیدراسیۆن، لە ئێستادا، گرنگی پتر بە کوردستان دەدات و خەباتی خۆی بە خەباتی ئەوێوە بەستۆتەوە و کەمتر لە جاران لە کۆمەڵگەی سویدیدا دەبینرێت. پێموایە رەوشی فیدراسیۆن، لە دوو ساڵی رابردوودا گەلێ چاکتر بوو لە ئێستای. ئەوکات پێوەندی فیدراسیۆن، لەگەڵ کۆمەڵە کوردییەکاندا زۆر باشتر بوو، هەر بۆیە دەبێت خەباتی پشتگیری فیدراسیۆن بۆ کوردستان، نەبێتە رێگر لەبەردەم چالاکیەکانیدا لێرە. بۆ پتر لە دوو ساڵ دەچێت، پێکهێنانی رێکخراوەیەک بۆ (پیری کورد) باسی لێوەدەکرێت، کەچی هەتا ئیمڕۆش ئاکامێکی بەرچاوی نەبووە.

*بەربانگ*: باشە، ئێوە چ لە فیدراسیۆن دەخوازن؟

مشیر: پێوەندی فیدراسیۆن و کۆمەڵەکان بە تەنێ، بەس نیە. فیدراسیۆن دەتوانێت کۆمەڵەکان بە یەکتر تێکەڵ بکات. ئەمەش بە ئاسانی لە رێگای پێکهێنانی پێشبرکێ لە بوارە جیاجیاکانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەتوانرێت، ئەنجام بدرێت. دوور نیە پێشبرکێیەک لە بواری وەرزش، یەکی دی لە بواری پێکهێنانی ئاهەنگێکی گەورەدا بۆ تیپی مۆسیقای کۆمەڵەکان، بەس بێت بۆ بەیەکگەیشتن و پێکهێنانی پێوەندییەکی بەردەوام لە نێوان کۆمەڵەکان و فیدراسیۆندا.

*فرات*: بێ لەمەش، فیدراسیۆن دەتوانێت لە رێی پێکهێنانی پێشبرکێیەکەوە بۆ تیپە وەرزشییە کوردییەکان، ئەو تیپانە و کۆمەڵەکان لە یەکتر نزیک بخاتەوە. دەمێک نیە، پێشبرکێیەکی فۆلکلۆری لە نێو کۆمەڵەکانی ئەندامی فیدراسیۆندا هەبوو. ئەو پێشبرکێیە بۆ خۆی بووە هۆیەک، بۆ پێکهێنانی چەندەها گرووپی فۆلکلۆری. فیدراسیۆن، لە پێوەندی خۆیدا لەگەڵ کۆمەڵەکان گەلێ کەمتەرخەمە، زۆرجاران ئەو نامانەی کۆمەڵەکان بۆ فیدراسیۆنی دەنێرن ونەبن و ئەو نامانەی لەوانەوە دەنێردرێن بۆ کۆمەڵەکان، هێند دڕەنگ دەگەنە کۆمەڵەکان کە هیچ مانایەکیان نامێنێ. لە راستیا دەبێ فیدراسیۆن، هەوڵبدات بە شێوەیەکی رێکوپێک و بەردەوام پێوەندی خۆی لەگەڵ کۆمەڵەکان راگرێت. شتێکی گرنگتر ئەوەیە، بتوانرێت چالاکی وا بکرێن، کە خەڵکی کورد لە دەوری کۆدەبنەوە. دەبینیت، پێکهێنانی تیپێکی تۆپی پێ، دەتوانێت خەڵکێکی زۆر، بە تایبەت لاوان، لە خۆی کۆبکاتەوە، کەچی هیچ کۆڕێک ناتوانێت لە ٥٠ کەس زیاتر کۆبکاتەوە. هەر لەبەر ئەوەش چالاکییەکانمان دەبێت، بە پێی خواست و ویستی خەڵکەکە بێت نەک بە پێچەوانەوە.

*بەربانگ*: بە دیتنی مە، بەربانگ لە بەرەپێشچووندایە، ئێوە چۆن بەربانگ دەبینن و پێشنیارتان چیە بۆ زێتر بەرەوپێشچوونی؟

مشیر: نەبوونی بەشێکی تایبەت بۆ وەرزش لە (بەربانگ) دا شتێکی باش نیە. گەر مەسەلە نەبوونی توانایە لەو بوارەدا، ئەز بۆ خۆ دەتوانم، بۆ هەر ژمارەیەکی (بەربانگ) بابەتێکی تایبەت بۆ ئەو بەشە ئامادەبکەم و بۆتانی بنێرم، چون من بۆ خۆم دەمێکە لەو بوارەدا کاردەکەم و تاقیکردنەوەی باشم لەو بابەتەدا هەیە. چۆن تا ئێستا بیر لەمە نەکراوەتەوە؟

*بەربانگ*: لێرە را، پێویستە شتێک لەبارەی (بەربانگ)ەوە بووترێت: دەستەی نووسەرانی نوێ، چەند بڕیارێکی بۆ باشترکردنی گۆڤارەکە وەرگرتووە، بەڵام دەبێت ئەوە لە بیر نەکەین کە هەر هەنگاوێکی تازە کۆمەڵێ گیروگرفتی تازە لەگەڵ خۆیا دێنێتە پێش و هەموو ئەو بڕیارانەش هەر وا بە سانایی بە یەک دوو ژمارەی (بەربانگ) ناگەێنرێنە ئەنجام. ئەوی گرنگە، رزگارکردنی (بەربانگ)ە لەو حاڵەتەی دووچاری بووە. هاتنی ئێمە، بۆ ئێرە خۆی یەکێکە لەو هەنگاوانە و هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ تاقیکردنەوەیەکی نوێ. ئەم هەوڵەش لە گاڤی یەکەمیا بێ کەم و کورتی نابێت. ئێمە پێمان وایە (بەربانگ) بەم دەستپێکەی، بۆ ئامادەکردنی چەند رووپەلێک بە نێوی «کۆمەڵێن مە»ەوە دەتوانێت پێوەندی هەم لە نێوان کۆمەڵەکان و هەم لە نێوان فیدراسۆن و واندا چاکتر و پتەوتر بکات.

*فرات*: ئەمە بڕیارێکی گەلێک باشە. پێم وایە لە داهاتوویەکی نزیکدا، ئەو چەند رووپەلە لە بەربانگدا، دەبێتە هۆیەک بۆ لەیەکتر نزیکخستنەوەی کۆمەڵەکان و ناساندیان بە یەکتر.

مشیر: بێ لەمەش (بەربانگ) دەتوانێت لەگەڵ کۆمەڵەکان پێوەندی بگرێت و لە هەر یەک لەو کۆمەڵانەدا کەسێک دیاری بکات بۆ بەردەوامیدان بەو کارە، تا لە هەر کار و چالاکیەکی تر (بەربانگ) ئاگاداربکەنەوە.

*بەربانگ*: لەبری دەستەی نووسەرانی بەربانگ سوپاستان دەکەین و سەرکەوتوبن.

www.arsivakurdi.org

ئیمسالّدا، کۆبوونەوەیەکی نارەزاییمان لێرە پێکهێنا. بەشداری چەژنی ۱ ی گۆلانیشمان کرد. لە کاری دژایەتی کردنی راسیزمدا، کۆمەڵەی ئێمە یەکێکە لە کۆمەڵە هەرە چالاکەکانی ئێسکلستوونا. کۆمەڵەی ئێمە، هەم ئەندامی «کۆمیتەی دژ بە راسیزم» و هەم ئەندامی «ئەنجومەنی کۆمەڵەکان» ی شارە.

مشیر: لە نێو قوتابخانەکانیشدا، کۆمەڵەکەمان رۆڵێکی دیاری هەیە و تا ئێستا بۆ بەشێکی زۆر لە قوتابیانی ئەو قوتابخانانە لەسەر مێژووی کورد و باری ئێستای کێشەی کورد، چەند کۆڕمان گێڕاوە.

*بەربانگ*: لەناو چالاکییەکانی کۆمەڵەکەتاندا، پرسی ژنان چ رۆڵێکی هەیە؟

*فرات*: لە بەرنامەی ئێمەدا، پێکهێنانی (کۆمیتەی ژنان) هەبوو. دەمێک نیە ئەو کۆمیتەیەمان پێکهێناوە.

*هەیان*: هەتا ئێستا (کۆمیتەی ژنان) چالاکییەکی وای نەبووە، کۆمیتەکەمان تازە پێکهاتووە، هێشتا کۆبوونەوەی خۆی نەکردووە و بەرنامەی کاری دانەناوە. هیوادارین بە زوویی بەرنامەیەک ئامادەبکەین و دەست بە چالاکییەکانمان بکەین.

مشیر: بەشی رۆشنبیری و وەرزش، چالاکی باشی هەبووە. تا ئێستا، دەورەیەکی تاوڵە و دەورەیەکی تێنسی سەر مێزمان پێکهێناوە بۆ لاوان، دەورەیەکی تریشمان بۆ ئەوانەی تەمەنیان لە ۱۸ ساڵان پترە پێکهێنا و خەڵاتی یەکەم، دووەم و سێیەممان پێدان. بێ لەمەش دوو تیپی تۆپی پێمان هەیە. تیپی مۆسیقاشمان هەیە و لە ئاهەنگەکاندا بە نێوی کۆمەڵەکەمانەوە بەشداریدەکەن.

*شوان*: ئەو ماڵانەی لەگەڵ کۆمەڵەش ساردن، لە لایەن کۆمەڵەوە سەردانیان دەکرێت و گرنگی بە رەخنە و پێشنیارەکانیان دەدرێت و لە دووی چارەسەر بۆ گیروگرفتەکانیان دەگەڕێین.

فرات: ئێستا کەرەسەی چاپ و راگەیاندنمان باشە و لە بیری ئامادەکردنی بڵاوکراوەیەکی نێوخۆیی داین.

بەربانگ: چۆن دەڕواننە خەباتی ئایندەی کۆمەڵەکەتان؟

*فرات*: لە هەوڵی ئامادەکردنی دوو کۆڕداین. یەکەمیان لە رۆژی ۲۸ ی مانگدا دەبێت، لەسەر (شۆڕشی شێخ سەعید) و ئەوی دییان کۆڕێکە بە نێوی (گرنگی خەباتی دیموکراتی لە ناو کۆمەڵەکاندا).

مشیر: ئەم مانگە کۆرسێکی فێربوونی زاراوەی کرمانجی بۆ «سۆران»ییەکان دەکەینەوە. بۆ جوانانیش چوار تیپمان پێکهێناوە و لە چالاکییەکانی خۆیاندا هەر بەردەوامن.

*فرات*: شتێکی گرنگ هەیە! ئێمە پرۆژەیەکمان بۆ (ئاوەدانکردنەوەی گوندێک لە باشووری کوردستان) ئامادەکردووە. پرۆژەکە لەلایەن قوتابخانەی (ستۆلفۆش)ەوە قبووڵکراوە و ئەوان لەو پرۆژەیەدا، بەشی (ئاوەدانکردنەوەی قوتابخانەیەکیان) گرتۆتە ئەستۆ و ئەو یارمەتییەی کۆمەڵەی ئێمەش تا ئێستا بەدەستی هێناوە، بەشی ئاوەدانکردنەوەی خانوویەک یان دوو خانوو دەکات.

کۆمیتەیەکیشمان هەیە بە نێوی (کۆمیتەی هالیکاری) و توانیویەتی تا ئێستا ۸٫۹٠٠ کرۆن کۆبکاتەوە. بۆ بەڕێوەبردن و پێکهێنانی ئەم پرۆژەیەش کۆمەڵەی مە، پێوەندی لەگەڵ، خاچی



سوور، کۆمیتەی سویدی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤی کورد، قوتابخانەی ستۆلفۆش و شارەوانی ئێسکلستوونا هەیە و لە ئێستا ئێمە چاوەڕێی کۆمیتەی سویدین، تا گوندێک بۆ بەجێهێنانی ئەو پرۆژەیە دیاریکات و دەست بەکاربکرێت. لە پاییزیشدا بەو نیازەین کە ئاهەنگێکی گەورە بۆ یارمەتی بە کوردستان پێکبهێنین.

*بەربانگ*: هەڵوێستی کۆمەڵەکانی دژ بە بیانیان چۆنە؟

*فرات*: دژایەتی کردنی بیانیان لە هەر لایەکی ئەم وڵاتەدا هەیە. لە ئێسکلستووناش هەیە، بەڵام ئەو شێوەیەی وەرنەگرتووە کە لە شارەکانی تردا دەیبینین. دژایەتی کردنی راستەوخۆ، یا هەڵسوکەوتێکی دیار و لەبەرچاو نیە. لەو بڕوایەدام دەزگاکانی راگەیاندن هەوڵێکی تایبەتیان بۆ ئەم مەسەلەیە دابێت و کاریگەریەکی باشیان لەسەر خەڵکەکە، کە بەتایبەت سویدییەکان، هەبووبێت. لەبارێکی تردا، خەڵکەکە چ بیانیان چ سویدێکان، لە چالاکی بەردەوامی خۆیاندان لە دژی هەر کارێک کە بە ناهەق لە دژی بیانیان دەکرێن.

*بەربانگ*: بە دیتنی ئێوە، هۆی چیە کە کۆمەڵەکانی دژ بە بیانیان لە شارەکەی ئێوە، بەشێوەیەکی راستەوخۆ چالاکی ناکەن؟

حەمید: لە راستیدا، ئێسکلستوونا بۆ خۆی یەکێکە لەو شارانەی کە هەر لە دەمێکەوە بێگانە روویان تێکردووە و تیایا نیشتەجێ بوون. لەو بڕوایەدام یەکێک لە هۆ گرنگەکان ئەمە بێت. لە زۆر دەمێکەوە بیانیان هاتوونەتە ئێرە. سەرەتا هۆڵەندیەکان و دواتریش، بەر لە جەنگی جیهانی دووەم و پاش جەنگیش ئەڵمانەکان، جووەکان

www.arsivakurdi.org

بەربانگ: ئەی بەپێی ئاگاداری خۆتان، ژمارەی ئەو کوردانەی لێرە دەژین چەندن؟

فرات: من لە (ئالار کوتمان)م بیستووە کە نزیکەی ٥٠٠ کورد لەم شارە دەژین.

بەربانگ: چەند لەو کوردانەی لێرەن، ئەندامی کۆمەڵەی کوردین؟

فرات: نزیکەی ١٠٠ خێزانی کورد لێرە هەن، لەوان نزیکەی ٧٠-٨٠ خێزانیان ئەندامی کۆمەڵەن.

بەربانگ: کۆمەڵەکەتان لەکەیەوە دەستی بە چالاکی کردووە؟

شوان: کۆمەڵەی ئێمە لە ساڵی ١٩٨٥ دا دامەزرا و من بۆ خۆم لە دامەزراندنیدا بەشداربووم.

بەربانگ: ئەو کوردانەی لێرە دەژین، بە زۆری لە کام بەشی کوردستانەوە هاتوون؟

فرات: ئەو کات کە من هاتمە ئێسکلستونا، ساڵی ١٩٨٧، زۆربە، کوردەکانی باشووری کوردستان بوون. لەبەر ئەوەی گەلێکیان لێرە نەماون و بۆ شارەکانی تر گواستوویانەتەوە، ئێستا، زۆربە ئەو کوردانەن کە لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتوون، لە پاش ئەوان کوردی باشووری کوردستان، ئینجا باکووری کوردستان و رۆژهەڵاتی باشوور دێن.

بەربانگ: پێوەندی کۆمەڵەی ئێوە لەگەڵ کۆمەڵگای کوردی لە ئێسکلستونا چۆنە؟

شوان: پێوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵەکەمان زۆر خۆشە. دەرهەق بەوانەی ئەندامی کۆمەڵەش نین، ئێمە، لە ئێستادا، کۆمیتەیەکمان هەیە بۆ پێوەندی کردن لەگەڵ ئەو ماڵانەدا کە ئەندامی کۆمەڵەکەمان نین و بە هەر جۆرێک بتوانین یارمەتیان دەدەین.

مشیر: شتێکی تریش هەیە، هەر کات یەکێک یا خێزانێکی تازە دێتە ئێرە، سەری لێدەدەین و ناونیشانی کۆمەڵەیان ئەدەینێ. لە بواری پێویستی وەرگێران و پێوەندی لەگەڵ دامودەزگانیشدا یارمەتییان دەدەین. دامودەزگاکانی تایبەت بە بیانیانیش، لای خۆیانەوە ئەوان لە کۆمەڵەکەی ئێمە و چالاکیەکانی ئاگادارەکەن.

بەربانگ: پێوەندی ئێوە لەگەڵ (Flykting Mottagning) دا چۆنە؟

حەمید: پێوەندی کۆمەڵەکەمان، نەک بە تەنیا بە (Flykting Mottagning)، بەڵکو بە هەموو دامودەزگاکان و بە تایبەتیش بە (شارەوانیی ئێسکلستونا)وە زۆر باشە. لەم رووەوە کۆمەڵەی ئێسکلستونا، لەناو گشت کۆمەڵە کوردییەکانی ئەم وڵاتەدا نموونەیەکی گەلێک باشە.

بەربانگ: لە نێو کۆمەڵە کوردییەکاندا، چالاکییەکانی کۆمەڵەی ئێسکلستونا دیاردەیەکی لەبەرچاوە و زۆرجاران باسی چالاکییەکانی ئێوە دێتە گوێ، دەتوانن باسی هەندێ لە چالاکییەکانی کۆمەڵەکەتان بکەن؟



مشیر: ئێمە، بۆ هەر شەش مانگ جارێک بەرنامە دائەنێین، بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵەکەی دەنێرین و بە پێی ئەو بەرنامەیە چالاکییەکانی خۆمان دەکەین. هەر دوو مانگ جارێکیش، لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەکەمان کۆدەبینەوە و وتووێژ لەسەر چۆنێتی بەرێوەچوونی دەکەین و گوێ بۆ پێشنیار و رەخنەکانیان دەگرین.

حەمید: هەر لەو کۆبوونەوانەدا، ئەو چالاکییانەش کە دەبێت کۆمەڵە بەجێیان بهێنێت، دیاریدەکرێن.

فرات: بۆ هەر چالاکییەک کۆمیتەیەکی نوێ هەڵدەبژێردرێت و ئەو کۆمیتەیەش بۆ بەرێوەچوونی کارەکانی، بەرنامەیەک دادەنێت و بە پێی ئەو بەرنامەیە چالاکییەکانی خۆی دەکات. بۆ سێ ساڵ دەچێت، ئێمە بەو شێوەیە کاردەکەین. بە پێیی بەرنامەیەکی دیاریکراو، کۆڕ، شەوی کوردی و هەر کارێکی تر کە رووبەرووی دەبینەوە بەرێوەدەبەین. ئیمساڵیش، تا ئێستا؛ دوو کۆڕمان پێکهێناوە، یەک لەسەر (دوای ساڵێک رەوشی کوردستانی عێراق) و ئەوی دیش لەسەر شاعیرانی کورد (جگەرخوێن، هێمن، هەژار و گۆران) بوو. لە ساڵرۆژی هەڵەبجەدا، خۆپیشاندنمان پێکهێنا. یادی جەژنی (نەورۆز)مان پیرۆزکرد. لەسەر دەستدرێژی تورکیاش لە نەورۆزی

www.arsivakurdi.org

# کۆمەڵەی کوردی لە ئێسکلستوونا

*یەکێک لە بڕیارەکانی دەستەی نووسەرانی بەربانگ، گرنگی دانە بە چالاکیی کۆمەڵە کوردییەکان و ناساندنی خەبات و کاری ئەوانە بە کۆمەڵگای کوردی لەم وڵاتە. بۆ ئەو مەبەستەش چەند رووپەلێکی تایبەت، لە گۆڤارەکەمان بە نێوی «کۆمەڵێن مە!» بۆ بەجێگەیاندنی ئەو کارە تەرخانکردووە و هەڵبژاردنی کۆمەڵەی کوردی لە ئێسکلستوونا، هەنگاوی یەکەمە بۆ ئەم کارە وهیوادارین لە داهاتوویەکی نزیکدا تەواوی کۆمەڵە کوردییە چالاکەکان لەم رێیەوە هەم بە کۆمەڵگای کوردی و هەم بەیەکتر بناسێنین.*

*ئێسکلستونا، دەکەوێتە نێو سنووری هەرێمی( سوێدەرمان لاند)ەوە و جێیەکی ناوەندی هەمان هەرێمە، بەپێی زانیاریەک لەبەردەستدا بێت، نێوی شاری ئێسکلستونا، لە نێوی قەشەیەکی ئینگلیز، بە نێوی (ئێسکل.ی پیرۆزەوە) هاتووە. شارەکە بۆ خۆی لە دوو بنکەی بازرگانی کۆن پێک دێت، کە بریتین لە: ١- توونا و ٢- فۆش. بەو پێیە نێوی باژێری ئێسکلستونا لە کۆندا، (توونافۆش) بووە.*

*لە ساڵی ١٧٣٩ دا نێوی (توونافۆش) دەگۆردرێت و (ئێسکلستوونا) جێی دەگرێتەوە و بەرە بەرە هەندێ شارۆچکەی بچووکیشی دەخرێتە سەر.*

*چەمی ئێسکلستوونا بە نێو شاردا دەڕوات و جوانییەکی تایبەت بە شارەکە دەبەخشێت.*

*لە ١٦٪ سەرجەمی دانیشتوانی شارەکە بیانین. کورد لە دوای ساڵی ١٩٧٩ەوە هاتوونەتە ئەم شارە و نیشتەجێ بوون، دواتر کۆمەڵەیەکی کوردییان بە ناوی( کۆمەڵەی کوردی لە ئێسکلستوونا) پێکهێناوە و بەکاروباری کۆمەڵایەتی و کولتورییەوە خەریکن.*

*یەکێک لە بڕیارەکانی دەستەی نووسەرانی بەربانگ، گرنگی دانە بە چالاکیی کۆمەڵە کوردییەکان و ناساندنی خەبات و کاری ئەوانە بە کۆمەڵگای کوردی لەم وڵاتەدا. بۆ ئەو مەبەستەش چەند رووپەلێکی تایبەت، لە گۆڤارەکەمان بە نێوی «کۆمەڵێن مە!» بۆ بەجێگەیاندنی ئەو کارە تەرخانکردووە و هەڵبژاردنی کۆمەڵەی کوردی لە ئێسکلستوونا، هەنگاوی یەکەمە بۆ ئەم کارە و هیوادارین لە داهاتوویەکی نزیکدا تەواوی کۆمەڵە کوردییە چالاکەکان، لەم رێیەوە هەم بە کۆمەڵگای کوردی و هەم بەیەکتر بناسێنین.*

*بەربانگ:* ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین، ژمارەی بیانیان لەم شارەدا زۆرە و (ئێسکلستوونا) بە شاری بیانیان دێتە پێش چاو، دەمانەوێت لە دیتنی ئێوەوە بۆ ئەم مەسەلەیە، دەست بە گفتوگۆکەمان بکەین.

*فرات:*دەمەوێت بەر لە هەموو شتێک، سوپاسی گۆڤارەکەتان بکەم. بە راستی، لە مێژووی فیدراسیۆندا، ئەمە یەکەم جارە (بەربانگ) بەرپرسیارییەکی وا دەگرێتە ئەستۆ و دەیەوێت لەگەڵ کۆمەڵەکان پەیوەندی بگرێت و چالاکی و خەباتی وان پێکتر بناسێنێت. ئەمە کارێکی گەلێک باشە و هیوادارم لە بەجێگەیاندنیدا سەرکەوتووبن. راستە، لە ئێسکلستوونا ژمارەی بیانیان زۆرە. دەمێکە بیانیان روویان لەم شارە کردووە و تیایا نیشتەجێبوون. پێم وایە سەرەتای رەوتی وان بۆ ئێرە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی بەر لە جەنگی جیهانی دووهەم و دوای وی. سەرەتا ئەڵەمانێکان و جووەکان و پاشان خەڵکی بیگانە لە وڵاتانی ترەوە هاتوون و لێرە نیشتەجێ بوون. ئەمڕۆ لە ١٦٪ ی دانیشتووانی ئەم شارە بیانین و لەناو وانیشدا فینلەندییەکان بە پلەی یەکەم، یۆگۆسلاڤێکان بە پلەی دووەم و کورد بە پلەی سێیەم دێن.

*بەربانگ:* کورد کەی هاتنە ئێرە؟

*شوان:* کورد لە نێوان ساڵی ١٩٧٩ و ١٩٨٠ دا هاتوونەتە ئەم شارە. لە ئێستاشدا، کاتی ئێسکلستوونا، بیانیان وەردەگرێت، بەتایبەت کورد هەڵدەبژێرێت و ئەمساڵ نزیکەی ٢٠ خێزانی کورد روویان لێرە کردووە و وەرگیراون. بۆ سیانزە ساڵ دەچێت کورد هاتوونە ئەم شارە و تیایا نیشتەجێ بوون.

*بەربانگ:* چ ئەژمارێک لەسەر ژمارەی ئەو کوردانەی لێرە ئەژین لەبەر دەستی ئێوەدا هەیە؟

حەمید: کورد، بەپێی ئەو وڵاتانەی لێوەی دێن ناونووسکراون و بە هاووڵاتی ئەو وڵاتانە دەژمێردرێن، نەک بە کورد، لەبەر ئەوە؛ هیچ ئەژمارێکی راست لەبەر دەست ئێمەدا نیە.

www.arsivakurdi.org

چارەسەربکرێن، هەر لە کاتی گفتوگۆدا سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران «دکتۆر عبدالرحمان قاسملو» یان کوشت.

(هەر بۆ بیرهێنانەوە، ئەو پیاوە لە چیکۆسلۆڤاکیا خوێندنی تەواوکرد و دواتریش ئەندامی یارمەتیدەربوو لە کۆلێژی ئابووریناسی لە پراگ).

*گۆڤار:* تۆ وەک کوردێک چۆن سەیری یارمەتی وڵاتانی تر، بۆ کورد دەکەیت؟

*قادر دیلان:* لە خودا بەزیاد بێ! لەبەر ئەوەی گەلی کورد چەندەها تاقیکردنەوەی تاڵی لەگەڵ رژێمی عێراقدا هەیە، هەر لەگەڵ هەڵاتنی کوردەکاندا، بۆ پاراستنی گیان وماڵی خۆیان و هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم کارەساتە گەورەیەدا لە رۆژنامەکانی جیهاندا، خەڵکی دنیا شێلگیرانە بە دەنگ کوردە هاتن و لە هەر چوار قوڕنەی دنیاوە دەنگی ناڕەزایی دژی رژێمی «صدام حسێن» بەرزکرایەوە. ئەو هەڵوێستەش وایکرد کە تەنانەت حکومەتی تورکیا کە یەکێکە لە دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، ناچاربێت بە داڵدەدانی کوردە هەڵاتووەکان. هەرچەند لە رواڵەتدا وا دیاریش بێت کە ئەوە بۆ تورکیا چ گرنگیەکی نەبوو، بەڵام لە راستیدا ئەوە تاقیکردنەوەیەکی نۆی بوو بۆ گەلی ئێمە کە کوردەکانی باشوور و باکووری کوردستانی لە دوای لەیەکدابڕانێکی دوور و درێژ بەیەک گەیاندەوە و لە نزیکەوە لە یەکتر ئاگاداری کردن.

> کورد، بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خۆی لە سیاسەتی حکومەتی عێراق، ناچاربوو سەرلەنوێ دەستبداتەوە چەک. رژێمیش بە دڕندەترین شێوە دەسەڵاتی سوپایی خۆی لە دژی کورد بەکارهێنا.

*گۆڤار:* پێش چەند هەفتەیەک تەلەفزیۆن، وێنەیەکی نیشاندا کە چۆن «صدام حسێن» دەست دەکاتە ملی سەرۆک «جەلال تاڵەبانی». ئەم کارە لای چیکییەکان ئەوەی گەیاند کە «صدام حسێن» لەو کارەساتە و لە هەرچییەک دژ بە کورد کردوێتی، بووردراوە. وەک کوردێک هەستی تۆ چی بوو؟

*قادر دیلان:* رۆژنامە و دەزگاکانی تری راگەیاندنی وڵاتان، ئەمەیان بە راوەشاندنێکی بەهێز دانا، بەڵام بە لای منەوە ئەو کارە تەنیا ئەتیکێتێکی سیاسی بوو. هەرچەندە دەروونم بریندار بوو، بەڵام تووڕەی نەکردم. لە راستیدا ئەوەی لای من گرنگە، ئەوەیە کە ئەو خاڵانەی کە خراونەتە پێش رژێمی بەغداد بۆ گفتوگۆ، دەربارەی سنووری کوردستان، بە دەستهێنانی ئاسایش و رێژەی دەستکەوتی کورد لە سامانی نیشتمان و خاڵەکانی تر لە وتەی سەر کاغەز تێپەڕێت و بگاتە باری بەجێهێنان و عێراق رێچکەی دیموکراتی بگرێ. ئەگەر ئەمە روویدا کە داخوازی زۆربەی خەڵکی عێراقە، «صدام حسێن» دەکەوێت، بەعس نامێنێت و «محاکمی عورفی»یش سەرەونگوم دەبێت. ئەوسا هەڵبژاردنێکی سەربەست و دیموکراتی، لە ژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بۆ هەموو پارتە سیاسییەکان پێویست دەبێت.

*گۆڤار:* تۆ لەگەڵ کام پارتی کوردستانی عێراق مەیلت هەیە؟

*قادر دیلان:* ئەندامی هیچ پارتێک نیم، رێز و خۆشەویستیم بۆ هەموویان هەیە و گیان و ژیانی خۆم پێشکەش بەوە دەکەم، کە لە کانگای دڵییەوە بۆ کورد تێدەکۆشێ.

*گۆڤار:* جارجار، هۆشت ئازارت نادا، لە کاتێکدا میللەتەکەت لەو کارەساتە ناهەموارە دا دەژی، تۆ لێرە دەژیت؟ ئایا کوردەکان سەرزەنشتت ناکەن، وەک ئێمە کە سەرزەنشتی ئەو چیکانە دەکەین کە هەڵاتوون و لە دەرەوەی وڵات دەژین؟؟

*قادر دیلان:* میللەتی کورد پێویستی بە هەموو لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە. ئەگەر بچوومایە شاخ ماوەی ئەوەم نەدەبوو، خەریکی کاری کۆمپۆزیشنی مۆسیقا بم. خۆت دەزانی، من پێوستم بە ئۆرکێستری گەورە و بچووک هەیە «لای ئێمە تا ماوەیەک لەمەوبەر تەنانەت پیانۆیەکیش نەبوو». بە لای منەوە کورد زیاتر پەسەندی ئەوە دەکات کە لە بواری مۆسیقا دا خزمەتی کورد بکەم و کەڵک لەو ماوەیە وەگرم کە لێرە دەژیم. ئاشکرایە ئەو ئاوازانەی کە لێرە لەگەڵ تیپی سیمفۆنی رادیۆی پراگ و تیپی سیمفۆنی ئۆپێرای سمیتانا تۆمارمکرد، بە هیچ جۆرێک لە کوردستان نەدەکرا. ئەم تۆمارکراوانە ئەگەر رۆژێ بە ئاشتی و ئاسایش ژیاین، سوودبەخش دەبن بۆ کولتوری کورد. من کوردم و خۆشەویستی من کوردە. لەو کاتەوە کە دەستم بە مۆسیقا کرد، تا ئەمڕۆ، هەرچی ئاوازێک بە شێوەی زانستی و نوێ دەنووسم هەمووی بۆ کوردە و دەشزانم کە کوردەکان ئەمەیان لەبیرناچێت و ئەوانیش منیان خۆشدەوێ و رێزمدەگرن، ئەمەش سەربەرزییە بۆ من.

ئیتر زۆر سوپاس.

** کورتەی ئەو گفتوگۆیەکە، کە لەگەڵ رێداکتۆری گۆڤاری مانگانەی چیکی «روستیسلاڤ زەمان» کراوە.*



www.arsivakurdi.org

١٦-١٧ ی نەورۆزی ساڵی ١٩٨٨ دا دەکەوێتە سەر شانی رژێمی صدام حسێن.
تۆ گومانت هەبوو لەوەی کە ئەم هەواڵە لە رێی ئێمەوە، بکەوێتە بەرچاوی خوێنەران!
دواتر هەواڵەکە بلاوبۆوە و تۆ گرەوەکەت دۆڕاند!

*قادر دیلان:* زۆر راستە، بەلام ئەوکات گومانەکەم لە شوێنی خۆیدا بوو، چونکە ئەمڕۆ لە چیکوسلۆفاکیا دا چ گومانێک لەوەدا نەماوە کە کاربەدەستانی ئەوسا هالیکاری تاپووریبان، لە هەموو شتێک لا گرنگتر بوو، هەرچەند تێشیان گەیێندرابوو کە دڕندەیی رژێمی عێراق گەیشتبووە چ رادەیەک بەتایبەت بەرانبەر گەلی کورد.
بێدەنگی لایەنێکە و رەتنەکردنەوەی دڕندەیش لایەنێکی ترە.
پێش مانگی یازدەی ساڵی ١٩٨٩، گەلێ جاران داوامان لە چەند ئۆرگانی ئەوسای ئێوەکرد، کە باشتر وایە لە باسکردنی کێشەی کورد بێدەنگ بن، لە بری ئەوەی کە درۆ و دەلەسەکانی رۆژنامەی «پراڤدا» بلاوبکەنەوە، بەلام مخابن، رۆژنامەکانتان تەنێ جوینەوەیەکی کوێرانەی رۆژنامەی «پراڤدا» و درۆ و دەلەسەکانی وی بوو.

*گوڤار:* دیارە بروانەکردنەکەت، لە جێی خۆیدا بوو، بە تایبەت ئەگەر بروانینە ئەوەی کێشەی کورد چی بەسەردا هاتووە، لە قۆناغە جیاجیاکانی شۆرشەکەیدا، چونکە مێژووی کورد لەم بارەیەوە زۆر شتمان وەبیردێنێتەوە.

*قادر دیلان:* رەنگە نەزانیت، کە میللەتی ئێمە گەلێ جاران کەوتۆتە بەر شالاوی لەناوبردن، گا لە لایەن تورکانەوە و گا لە لایەن فارسەکانەوە. ئەوساش و ئێستاش هەر گفتێک دراوە بە کورد، بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دیمۆکراسی و پێڕەوکاری مافی مرۆڤ بۆ کورد، بە درۆ و فێلێ دەرچووە.
لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٤٦ دا، لە کوردستانی بندەستی ئێران، کۆماری کوردستان لە «مەهاباد» دامەزرا، بەلام هەر زوو بە دەستێوەردانی حکومەتی سۆڤیەت و رێکەوتنی لەگەڵ حکومەتی ئەوسای ئێران دا، لە بەرانبەر رێکەوتنێکی بازرگانیدا، لەناوبرا. دواتریش هەر بە کشانەوەی سوپای سۆڤیەتی لەشکری ئێران پەلاماری کوردستانی دایەوە و داگیریکردەوە و سەرۆک کۆمار «قازی محمد» و ئەندامانی تری کۆمارەکەشی هەر لەو شوێنەدا کە بانگی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی تێدا درابوو، لە سێدارە دا.
لای ئێمەش لە کوردستانی بندەستی عێراقدا، لە ساڵی ١٩٦٠ ەوە لەگەڵ کاتدا، شۆرش لە هەلچوون و داچوونی خۆیدا بەردەوامبوو، تا لە ساڵی ١٩٧٠ دا رێکەوتنێکی مێژوویی لە نێوان سەرکردایەتی شۆرش و حکومەتی عێراقدا پێکهات. بە گوێرەی ئەو رێکەوتنە دەبوایە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی بندەستی عێراق جێبەجێبکرایە. لە راستیدا گەرچی سەرکردەکانی شۆرشی کورد لە بەندەکانی ئەو رێکەوتنە زیاتریان دەویست، بەلام پێی رازیبوون و رێکەوتننامەکەیان پەسەندکرد، بەلام حکومەتی عێراق دوای ماوەیەکی زۆر کورت، لەو رێکەوتنەش پەشیمانبۆوە و تەواوی ئەو دامودەزگایانەی کە لە چوارچێوەی ئەو رێکەوتننامەیەدا پێکهێنرابوون، هەر لە دەزگاکانی یاسادانان و جێبەجێکردنەوە تا دەزگاکانی خوێندن و کولتوری لە دەست رێبەرانی شۆرشی کورد سەندەوە و خستنیە ژێر دەسەلاتی کەسانێکەوە کە لە لایەن خۆیەوە پەسەندکرابوون.
بەو کارەش ئیدی، لە ماوەی تەنیا چەند مانگێکدا، ئەو رێکەوتنە هیچ دەرچوو. بۆیە ناچار کورد سەرلەنوێ دەستی دایەوە چەک بۆ دەربڕینی نارەزایی لە سیاسەتی حکومەتی عێراق، رژێمیش بە دڕندەترین شێوە دەسەلاتی سوپایی خۆی لە دژی کورد بەکارهێنا.

*گوڤار:* باشە، ئەوسا، بەر لە رێکەوتنەکە، حکومەتی عێراق بۆ ناچاربوو گفتوگۆ لەگەڵ کورد بکات؟

*قادر دیلان:* ئەوسا کوردەکان یارمەتییان لە ئێران وەردەگرت و زۆر بەهێزبوون. رژێمی عێراقیش مەترسی ئەوەی هەبوو کە پارچەیەک لە سەرووی عێراق، لە عێراق جیابکرێتەوە و بکەوێتە ژێردەستی کوردەوە، بۆیە بە هەموو جۆرێک کەوتە هەوڵدان بۆ خستنەوە ژێر دەستی ئەو پارچەیە و ئاکامیش ئەو رێکەوتنە کاتییە، بێمانایە بوو.
هاوکات لە لایەکی دیشەوە، بەدزیەوە لەگەڵ ئێران رێکەوت. بەو رێکەوتنە توانی ئێران رازیبکات بەوەی کە لە بەرانبەر وەرگرتنی بەشێک لە «شط العرب»، دەست لە یارمەتیدانی کوردەکان بکشێنێتەوە. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٧٥ دا لە «جەزائیر»، رێکەوتنامەیەک لە نێوان عێراق و ئێراندا بەسترا و بە گوێرەی ئەوە ئێران زۆری لە سەرۆک بارزانی و هێزەکانی پێشمەرگە کرد کە بەیانی هەرەسهێنانی شۆرشی کورد بکەن و کوردەکانیش لە خۆبەدەستەوەدان زێتر رێیەکی تریان لەبەردا نەمایەوە.

*گوڤار:* وا دیارە ئێران ئەمڕۆش یارمەتی کوردەکان نادات؟

*قادر دیلان:* پێم وایە، ئێران مەرجی یارمەتیدان، بە هەستی ئیسلامییەوە دەبەستێت، هیچی تری لا گرنگ نیە و لە روانگەی ئاینەوە لە خەلکی ئێران دەروانێت، نەک لە روانگەی نەتەوایەتییەوە. شاراوە نیە، کە سێ ساڵ لەمەوبەر گفتوگۆ لە نێوان نوێنەرانی ئێران و نوێنەرانی کوردەکانی کوردستانی بندەستی ئێراندا هەبوو. لە بری ئەوەی گیروگرفتەکان لە رێگای گفتوگۆوە

www.arsivakurdi.org

# چیکییەکی کورد:
# قادر دیلان


Kadir Delan
قادر دیلان


Kurdische Musik

## پێشەکی

*نووسەری چیکی ناسراو، «کارڵ چاپێک» لە کاتی خۆیدا چیرۆکێکی بە ناوی «کوردستانی دڕ»وە نووسی. ماوەیەکی درێژە، ئەو چیرۆکە لە هەموو کونجێکی جیهاندا، «کوردستان» ی لێدەرچێت، وێنەیەکی راستگۆیە بۆ پیشاندانی ئەو ناوچە پڕ گیروگرفتە. دەبێت ئەوەش لە بیرنەکرێت کە نووسەران، هونەرمەندان و هەموو جیهان، لەگەڵ ڕێزیاندا بۆ ئەو نووسەرە بەناوبانگە، دەزانن کە لە ژیانیدا کوردستانی نەدیووە.*

*تا ئەمڕوش جیهان چاوەنواڕی ئەوەیە، کە بە قووڵی و بە چاوێکی هونەرەییەوە بنواڕدرێتە کێشەی کورد. ئەگەر لە ئێستادا بکرێت لە بواری مۆسیقادا ئەو هیوایە جێبەجێ بێت، ئەوە بێگومان ناوی «قادر دیلان» لە ریزی هەرە پێشەوە دێت، لەگەڵ ئەویشدا، ناوی چیکۆسلۆڤاکیا.*

*لە ساڵی ١٩٥٢ دا، شاری سلێمانی «پایتەختی ئەوسای کوردستانی عێراق -گزڤار-» ی بەجێهێشت و بۆ خوێندن لە کۆلێژی ئابووریناسی، روویکردە بەغداد. ئەو لاوە ئەوکات کلارنێت ژەن بوو، توانی بە زوویی جێی خۆی لە بەشی کوردی رادیۆی بەغداد دا بکاتەوە و ببێتە ئەندامی تیپە کوردییەکەی.*

*ئەو کات، لە سەردەمی دەسەڵاتداری قەڕاڵ فەیسەڵی دووەمدا، کورد بەمجۆرەی ژێر دەسەڵاتی رژێمی بەعس دابڕاو و دەستبەسەر نەبوو.*

*پاش ماوەیەک «قادر دیلان»، وەک ئاوازدانەر دەرکەوت و نەک تەنێ لە نێو کورداندا، بەڵکو لە سەرانسەری عێراقدا ناسراو و تا ئەمڕۆش لە نێو ئەواندا، کە مۆسیقایان خۆشدەوێت، هەمان جێی دیار و لەبەرچاو و بگرە گەلێ لە پێشتری هەیە.*

*ئەی تۆ لەم بارەیەوە، دەڵێیت چی؟*

قادر دیلان: راستە ئەوسا زۆر هاندەدرام و خۆشیان دەویستم، بەڵام خۆم هەستم بەوە کردبوو، کە دەبێت پتر گرنگی بە مۆسیقا بدەم و بەوەندە نەوەستم کە لە توانامدا بوو. بۆیە بڕیارمدا بۆ خوێندنی مۆسیقا روویکەمە ئەورووپا، تا بتوانم لەو رێیەوە لەبارتر سوود بە موسیقای کوردی بگەیێنم.

*گزڤار*: لە ساڵی ١٩٦٢ دا هاتیتە پراگ و دوای ساڵێک خوێندنی زمان لە شارۆچکەی «میمۆن»، دەستتکرد بە خوێندنی دانان و نووسینی ئاواز «کۆمپۆزیشن» و فێربوونی «فلوت» لە ئەکادیمیای مۆسیقا.

*قادر دیلان*: بەڵێ وایە! لە ساڵی ١٩٦٣ دا کودەتای رەشی بەعسییەکان روویدا. دیاربوو ئاکامی گەڕانەوە، لەو کاتەدا یان زیندان یان دەمکوتکردن بوو. بۆیە دوای تەواوکردنی خوێندنیش هەر لێرە مامەوە و دەستمکرد بەکارکردن لە رادیۆی چیکۆسلۆڤاکیا و تا خانەنشین بوونم، هەر لەسەر هەمان کار بەردەوام بووم.

*گزڤار*: لە نێوان مانگی یازدە و دوانزەی ساڵی ١٩٨٩ دا، من و تۆ گرەوێکمان کرد، ئەویش ئەوە بوو، کە ئایا ئەم گۆڤارە «زاپیسنیک» لە ژمارە ٢ ی ساڵی ١٩٩٠ دا، «دوای کۆتایی تەمی سوور»، بۆ یەکەم جار دانی بەوەدا نا کە بەرپرسیاری لەناوچوونی هەزارەها منداڵ و ژن و پیری کورد لە شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی، لە

www.arsivakurdi.org

روویدابوو رۆڵی کوڕەکە دەگێڕێ و ئەکتەری یەکەم دەبێتە باوک.

بەزمێکی خۆشە: ئەکتەری دووهەم کە نەیدەزانی چی روویدابوو؟ چۆن هەمووی زانی و دەورەکەشی گێڕا؟...

پرسیار مەکە ماڵ ئاوەدان بێت! بۆخۆت خەریک بە!!

لە کۆتایی ئەم «شانۆ لە نێو شانۆ»یەشدا (یادی ڕێژی دێبری بە خێربێ- شۆڕش لەنێو شۆڕشدا-!) ئەکتەری دووهەم کە بۆتە کوڕەکە پێڵاوەکەی تێهەڵدەدا و رادەکاتە دەرەوە، ئەوسا ئەکتەری یەکەم کە دەوری باوکی بینی بوو، لە پڕێکا دەبێتەوە کوڕەکە و پاشماوەی سەرهاتەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە.

قسەی خۆمان بێ، من زۆر شت لەم شانۆگەرییە فێربووم. فێربووم قەدری ئافرەت بگرم، قەدری مناڵ بگرم، ئاگام لە سیاسەتی وڵات هەبێ، دژی شتە کۆنەکان راپەرم و زۆر شتی تریش...

بەڵام ئەوەی فێر نەبووم کە بۆ نووسینی ئەم چەند رستەیە، دووسێ قسەی زەلام زەلامی چیخۆف و ئاسترۆفسکی و برێشت و کۆکتۆ و هانتکە و میلەر و سارتەر و بێکت و پینتەر و دۆرەنمات و یۆنسکۆ و... بێنمەوە کە نەڵێن ئەم کابرایە هیچی لە باردانییە. گرنگ نییە!

گرنگ ئەوەیە: من دەزانم هیچ نازانم بەڵام......

* * *

نەمتوانیبوو بۆ بینینی «چرپەیەک لە هەڵەبجەوە» خۆم بگەینمە شوێنی دیاریکراو. بەڵام خۆشەویستێک (خودا خێری نەنووسێ!) دەقی شانۆگەرییەکەی (پیەس؟ ...... قەت فێری ئەم وشەیە نەبووم!) لە نووسەر و دەرهێنەری بەرێز وەرگرتبوو و گەیاندنیە دەستم و خوێندمەوە.

بەر لە هەموو شتێک بۆم دەرکەوت و زانیم کە هەردوو رەحمەتیەکان (مام هەژار و محەمەدی خاڵ) هی ئەوە نەبوون دانیش و فەرهەنگ بنووسن و وشەکانمان بۆ لێکدەنەوە. چونکە مانای - چرپە - (دەنگی سەبر نییە!) و بەڵکو: هات و هاوارە!! چما؟ ... چونکە: «چرپەیەک لە هەڵەبجەوە» هەر وەکو دەقەکەی لەبەردەستمە و پێم دەڵێ: هات و هاوارێکە نەک بۆ ئەوەی منی خوێنەر و تۆی بینەر بزانین قووڵایی کارەساتی هەڵەبجە چەند و چۆن بووە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە منی خوێنەری کڵۆڵ و تۆی بینەری فەقیر (نەک هەژاری دەرهێنەر) بزانین: چونکە هەڵەبجە زێدی گۆران و ئەحمەد موختار بووە، هەر چۆنێک بێ تۆڵەمان لە دوژمن دەستێنێتەوە. (بۆ نموونە: ئەگەر زێدی ئەم دوو کەڵە شاعیرە نەبووا، لەوانەیە، وازمان لە دوژمن هێنابا! بەڵام تازە بۆ کوێ؟!)

«چرپەیەک لە ......» چونکە شانۆگەرییەکی مۆدێرنە ( و قسەی خۆمان بێ بە شێوەی کارەکانی- برێشت- نووسراوە) نەسەرەتای هەیە و نەگرێ و نەکۆتا.

کەسەکانی ئەم تراژیدیا فریکە هاوارییە پێکهاتوون لە: رۆژنامەنووس- رەمزی خاکی هەڵەبجە (؟)- کرێکار (هی کام کارگە و کۆمپانیای زێدی ئەحمەد موختار و گۆران؟ حەقت بە سەرەوە نەبێ!)- جوتیار- دوو قوتابی و کۆرس. (کارمان بەوەش نەبێ کۆرسەکە لە کوێوە هاتووە و بۆ کوێ دەچێ. وەک رۆژنامەنووسە نەمرەکە. دوای بۆمبارانە ژەهراوییەکە، هەموویان دەمرن، کەچی رۆژنامەنووس خەریکی کاری خۆیەتی. یادی - ئاشیل- بەخێربێ!)

ئەگەر ئەم دەرفەتە بە هەلێکی باش بزانین دەکرێ دوو قسەش بۆ خودا بکەین و کورتی کەینەوە. یان سابلاغی گوتەنی: بیکەینەوە دوو پێنج توومەنی!.

نووسەر و شاعیر و هونەرمەندانی کورد، دەمێکە بە دانەوێڵەی رووداوەکانی وڵات ژین دەبەنەسەر (واتە رووداو و کارەساتە ئەدیب و هونەرمەند پەروەرەکان!) یانی رەنگە بتوانین بڵێین: ئەگەر (زمانم لاڵ بێ) ماوەیەک رووداوێکی دڵتەزێن لە وڵات روونەدا، کانیەکەی زەیینیان چک دێنێ!!

زۆربەی ئەو شیعرانەی بۆ هەڵەبجە نووسراون (تۆ بڵێ هەر هەموویان!) یان قرپەی مەچەک هەڵماڵینن، یان کاسەی دەرۆزەکردنی فرمێسک. (خودا هەڵناگرێ، یەکێک لە شیعرە هەرە درێژەکانیش نەختێ باسی پارە و نەبوونی ئەو دەعبایەش دەکا!)

کەواتە هیچیان هی ئەوە نین مرۆڤ بخەنە چاڵی بیرکردنەوە و وامان لێبکەن، سەفەرێکی دەروونی بکەین. (دیارە مەبەستم ئەو تابلۆیانە ناگرێتەوە کە چەند خۆشەویستێکی وەک رەمزی و هەردوو رێبوارەکە و...... کێشاویانە) دەنا ئەو گۆرانیانەش کە بۆ ئەم کارەساتە گوتراون، هەمان تاس و هەمان حەمامن!

«چرپەیەک ......» ش هەر لەم دۆخەدا، گێژ دەخواتەوە:

نەبوونی یەکیەتی بابەت و زنجیرەی تێکست، هەرەشە و گورەشەی قسەی زل زل و گەلێ شتی تر، وای لەم شانۆگەرییە کردووە کە ببێتە هەمووشت، تەنانەت شانۆگەری نەبێ. خۆبەستنەوە بە گوریسی شیعری (رەفیق سابیر)یش نەک تەنیا ئەم شانۆگەرییە مردەڵەیە لە گێژاو دەرناخا، بەڵکو زیاتر بە دەوری ملیدا پێچ دەخواتەوە و دەیخنکێنێ.

خنکاندویەتی!

کەسێکی لێقەوماو لەم شانۆگەرییەدا دەپرسێ:

«دەنگی ئازار لە کوێیە؟»

کەسێکی نادیار وەڵام دەداتەوە:

«لە کوردستانە ...... لە کوردستانە»

بەڵام کاکی برای، دەنگی ئازار لە شانۆگەرییەکانی ئێمە دایە و هیچی ترنا.

کەچی: ماندوو نەبن!!

١٩٩٢/٥/١.



www.arsivakurdi.org

# دوو بەرهەم و یەک تێڕوانین

بەرۆژ ئاکرەیی

## رخنۆکەیەک لەمەڕ جووتە شانۆی پێشاندراو لە ستۆکهۆلْم:
## ١- کلکی مار (فەتاح خەتاب). ٢- چرپەیەک لە هەڵەبجەوە (هەژار).

ئەم مانگەش کە تێپەڕی، وەک هەموو مانگەکانی خوا (؟) چوار حەفتە بوو. کۆتایی حەفتەکانیش وەک هەمیشە، دوو رۆژی پشوودانی بە دواوە بوو. رۆژی پشووەش بۆ زۆر کەس نیعمەتە. دەکرێ دانیشی و بیر بکەیتەوە. دەکرێ میوانداری کەسێک بکەی، یان هەر هیچ نەبێ ببیە میوانی کەسێ. قسەش قسە دێنێ و دەکرێ باسی فلانەکەس و فیسارەکەس بکەیت. قرپە سیاسەتیش هەر خۆشە! وادیارە گرینگ ئەوەبێ، رۆژەکان چەند تێپەڕن، نەک چۆن تێپەڕن.

بەلاْم دوو شتێ نوێ، شلْپەی خستە گۆمە مەندەکەی دوو رۆژی پشووی یەکێک لە حەفتەکانی مانگی رابردوو:

ئەویش هەبوونی دوو شانۆی کوردی لە شاری ستۆکهۆلْم بوو. «کلکی مار» دەمێک بوو، رێکلامەکەی بە دیوارەکان هەلْواسرابوو و دەلەقایەوە. کلکەکەش ناوی «درامای کوردی- سوێد»ی بە دوای خۆیدا رادەکێش. بەر لە هەموو شتێک: ئەوەی کە دراما چییە و چی نییە و بە چ نووسراوە یاخود فیلم و شانۆگەرییەک دەگوترێ- دراما- نەمن دەزانم! نەتۆ!!

من و تۆش خۆ خودا لێی نەگۆڕیوین بە دوای لێکدانەوەی ماناکەی بکەوین و شتێک حاسل بکەین. هەر وەک ئەوەی کەمن و تۆی کلْۆل نابێ بیر لە - ستراکتۆری- شانۆنامە بکەینەوە. نابێ بیر لە یەکیەتی بابەت و سەرەتا و گرێ و ئەنجام و هەزاران شتی تر بکەینەوە.

نازانم کێ گوتوویەتی، بەلاْم خەراپ نییە ئێمەش بلْێنەوە: «هیچ دەرهێنەر و ئەکتەرێک ناتوانێ، شانۆنامەیەکی لاواز و مردەلە، لەسەر تەختی شانۆ بەهێز و زیندوو کاتەوە. کەچی پێچەوانەکەی دەکرێ.»

با بەر لە چیلکەتێوەردان لەم شۆربایە، ئەوەش بلْێم کە: زمانم لالْ بێ و پێنووسم کۆلْ ئەگەر بەوێ زەحمەتەکانی دەرهێنەر و هەردوو ئەکتەرە خۆشەوستەکان بێ نرخ بنوێنم. ئەوەیان لەلایەک، لەلایەکی ترەوە: برای بابم! من پێم وایە ئەگەر پەیامی کلکی مار لەدەستگرتنی پێلاْو دژی هەموو شتە ناحەز و نابەجێ و تەقلیدیەکانە، بۆچی بابایەکی وەک منیش نەتوانێ پێلاوەکەی لەدەست بگرێ؟

قەرار وایە «کلکی مار» فێری زۆر شتمان بکا و ئاوڕ لە دەروون و دەورووبەرمان بدەینەوە. دەی باشە! کەرەسەکان چین؟

سیاسەت+ فرۆفیشالْ+ بەندوباو+ ڕەخنە+ بەرگری کردن لە مافی ژن+ بەرگری کردن لە مافی منالْ+ هێنانەوەی قسەکانی حەمە شێت= کلکی مار.

بەلاْم: کلکی مار+ بینەر= سەر ئێشە و سەرگێژی و سەر..... (ئەوانی تر خۆتان بنووسن!).

کلکی مار، قەرار وایە شانۆگەرییەکی مۆدێرنیش بێ. بۆچی نا؟... بە تایبەت کە مانای مۆدێرن ئەوەبێ: دەرهێنەر بێتە سەر شانۆ و بەناوی رەسەنەوە بانگی ئەکتەر بکا و بە خەلْک بلْێ، کاتی پشوودانە. یان دەرهێنەر بێت لە کۆتایی شانۆگەریدا پێلاوەکەی خۆی لەدەست بگرێ. دیسان قەرار وایە هەر کەسێ لە ئاست هەموو شتە کۆن و تەقلیدییەکاندا پێلاْوی خۆی لەدەست بگرێ، کەچی (بەداخەوە؟) ئەکتەری یەکەم لە باتی لەدەستگرتنی پێلاْوی خۆی، پێلاوی ئەکتەری دووهەم لەدەست دەگرێ!؟ دانانی چەند تایەی ئۆتۆمبیل لەملاو ئەولای شانۆ، تەلەفۆنێک (بۆ وەی جار جار ئەکتەرەکە هەلْیگرێ و بلْێ: ئاوا قسەی پێدەکرێ؟) و چوار پایەیەک. ئەم شوێنە کوێیە؟ هەندێکجار مالْە، هەندێکجار چەقی رێگا، هەندێک جاریش نەمن دەزانم، نەدەرهێنەر. (تۆش کەیفی خۆتە!) دیالۆگە درێژ دادڕەکان، بێ مانا و سواوەکان، نەبوونی میزانسەنێکی لەبار، مۆسیقایەکی ناتەبا لەگەلْ ئەتۆمسفەری مەوزوع، نەبوونی یەکیەتی بابەت و شوێن و کات و یەکدەست نەبوونی دیالەکتی دیالۆگەکان و... فاولْەکان، پشتی «کلکی مار»یان شکاندووە.

ئەکتەری یەکەم باسی خۆی دەکا کە رۆژێک لە سەردەمی منالْیدا پێلاوەکەی دڕابوو. چۆتە لای باوکی و داوای کڕینی پێلاْوی لە باوک کردووە، باوکیش بۆی نەکڕیوە و لە وەلاْمیدا تەنێ گووتوویەتی: ئینشائەلْلا!

لە گێڕانەوەی ئەم بیرەوەریە تراژیدیا کۆمێدیەدا (؟) لە ئەکتەری دووهەم دەپرسێ: «دەزانی منیش چیم کرد؟»

ئەکتەری دووهەم (فەقیرەی)!) دەلْێ: نا!

ئەکتەری یەکەم دەلْێ: کەواتە با رووداوەکە بۆ بینەران بنوێنین تاکو ئەوانیش ببینن (بینەری فەقیر!).

ئەوسا دەبینین ئەکتەری دووهەم کە (فەقیرەی) هەر نەیدەزانی چی



www.arsivakurdi.org

## فوئاد سورخی

# چەند حاڵەتێکی گەواڵەکان

- با گەواڵەیەکی هێنا
لەسەری مانگایەک دەچوو،
تارمایی دەیان ئادەمیزاد
کە بە گوریسێکی درێژ
بەرەو خۆیانی کێش دەکرد.
مانگاکەش لە گوانەکانی
شیر دەچۆڕایەوە...

- با گەواڵەیەکی هێنا
لە ئاسکێکی دەکرد،
هەروەک بە تیرێکی سوور پێکرابێ و
گوانەکانیشی پڕبوون
لە شیر.

- با گەواڵەیەکی هێنا
پارچە نانێکی سپی بوو،
بە دەمی سەگە ڕەشی شەوەوە
سەگێک کە نانەکەی دەخوارد و
دەیڕاند
جارجاریش چاوی دڵسۆزی و
وەفای بۆ مرۆڤەکان دەتواند!

- با گەواڵەیەکی هێنا
لە «ماردین»ی هونەرمەندی دەکرد.
کەمانجەکەی دەژەنی و
درەختەکانیش،
سەمایان دەکرد.

- گەواڵەیەک - با - هێنای و
خەندەی سەرلێوەکانی «پۆلا» بوو
هات و پێدەکەنی
تابوو بە باران و
دایکرد، هەر پێدەکەنی...

١٩٩٢/٥/٧

* ماردین جۆلا- کچە کەمانجەژەنێکی لاوە، خەڵکی ڕەواندوزە و لە ئوردوگای زێوە پەنابەر بوو.

# سەفەر

ئەو ئێوارەیەی بەرەو ئاوابوون هەڵفڕین،
سەفەرت کرد.
زەردەپەڕ پشیلەیەک بوو
بە دەمیەوە گرتی و ڕفاندنی.
لە دوورەوە، لە گزشەی شەوا
چۆلەکەی زەردی سیمات
لەسەر چڵێکی بەرزدا نووستوە.
ئەم بەیانیە،
چەشنی خۆر
پرژایە سەر جێگەکەم و
بارانیش هات و پەڕەکانی بزواندی
فرمێسکی کانیەک بووی و
چیمەنە سەوزەکەی کراسەکەت
لە بەرتدا ئەشنایەوە
پەنجەکانم بوون بە پێنج درەخت و
لە دامێن کراسەکەت گیربوون.
پەنجەکانم خوێنیان لێدە تکایەوە
تۆش دەڕۆیشتی
کە ڕۆیشتی چرپەیەکم بە گوێ دا هات
- ئەو مەلەی لە سیمای ئەو دەکا، مالْیە
گەر لە دەرەوەی تۆ بێ دەمرێ.
تۆ دەمری؟
ئەم ڕۆژانە
سەرم دەخەمە سەر گوڵە حاجیلەکانی
کراسەکەی بەرت و
تێدەگریم...
دەگریم ...
دەگریم ...
لە بەستەڵۆکی خوارەوەی زەویدا
سنەوبەرێک ئەڕوێ،
لەناو ئەم سنەوبەرەدا
جریوەی تۆ دێ!

١٩٩٢/٥

www.arsivakurdi.org

بیرتۆلت بریشت

# دەربارەی نازناوی

# کۆچەر

ناوی کۆچەر، کە پیاماندا لکێنراوە، هەڵەیە لام
ئەو وشەیە تەنیا مانای کۆچکردنە
بەڵام ئێمە بە دڵی خۆ کۆچمان نەکرد
بەڵکو ئێمە هەڵاتین و راونراین و، لە وڵاتمان بە دەرکراین
بێ نیشتمان و سەرگەردان،
ئەو وڵاتەمان هەڵبژارد وەرمان بگرێ
ئەو وڵاتەی تا هەتایە رەنگە تیایدا ئاوارەبین
هەر بە تاسەی گەڕانەوە و بە ئومێدی چوونەوەمان بۆ
نیشتمان
بەپێی توانا نزیک سنوور، نائاسوودە ڕۆدەنیشین.
بچووکترین گۆڕان لەوێ
چاومان لەودیو سنوور دەبڕێ.
هەرکەس کە تازە ڕووی لەمدیو نابێ
بیرمان ناچێ و،
کەسمان دەستبەرداری نابێ
زۆر بە پەرۆش، بە پرسیار دای دەگرینەوە
گەر ڕووداوێک پشتگوێ بخا
نایبەخشین و، ناتۆرەی لێ نابڕینەوە
ئاخ، لەسەرخۆیی کوشندەی ئەو ساتانە
ئێمەیان پێ نەگۆڕراوە!
هات و هاوار لە ئۆردوگاکانەوە، هەتاکو دەگەنە ئێرە
بە گوێماندا هەڵواسراوە
ئێمە خۆشمان
تەنانەت یەک، پاگەندەی بەدناو
بەسەر سنووردا بۆمان، بەڕێ کرابێ
هەریەک لە ئێمە
بە پێڵاوی هەڵاهەڵاو بە ئۆردو
بەپێ خشە، هەنگاو دەنێن
شایەتی عەیب و عارمانە و، وڵاتمانیان نەنگ کردوە
بەڵام لێرە، کەس لە ئێمە نامێنێت و
ئەمەش دوا وتەی ئێمەیە
کە هێشتا کەس نەیوتوە

ئەنوەر رەشید: لە ئەڵمانییەوە کردوویە بە کوردی

* شیعری «ناوی دایک Der Name der Mutter» و «بەدایک بوون Mutter Sein» لە سەرجەمی بەرهەمەکانی (بریشت)ەوە وەرگیراوە. لە بەرگی دووەمی شیعرەکانی، بڵاوکراوەی زوور کامپ Suhr Kamp. بریشت ئەو دوو شیعرەی لە قزناغەدا نووسیوە، کە خۆی قوتابی بووە.

* شیعری «دەربارەی نازناوی کۆچەر: Uber die Bezeichnung Emigranten لە بڵاوکراوەیەکەوە وەرگێراوە بە ناونیشانی «پەنابەر Asyl»، لە کاتێکدا وتراوە کە بریشت خۆی پەنابەر بووە.

www.arsivakurdi.org

فەقیرانە: ئامان و خەجیٚ رەەش بۆ نامرن؟ ئەوە یەک مانگی رەبەقە تەندوور و دێزە و گۆزەی بۆ درووستدەکەن. خۆ بەخودای هەتاوەکو تەندوورەکان نەینە چاڵ و نۆرەکولێرە ناسکەیەکیان پێنەکەن، هەتا دێزە و گۆزەکانیش نەخەنە گڵ و سووریان نەکەنەوە هیچیان مەرەخەس ناکات!.

جا من دوای ئەم هەموو خەرج و پیتاکە چیم بۆ دەمێنێتەوە! خۆ بەخودای دێمە زەردیش تازە مەگەر چۆلەکە بیخوا و مشک بیبڕێ، دەنا نە وەفریادەکەوم و نە دەشتوانم تازە بیدوورمەوە. ئەو هەشت، نۆ عارەبە کۆڵۆشەی دێمی پشت ماڵانیش، ئەگەر وەفریانەکەوم و نەخۆشییەکەم لێیم پیستر نەکات، دوای ئەم خزیانەی ماڵی ئاغا گێرەی بکەم، خۆی بکوژێ سی، چل تەغار دەکات. دێمەکاری ئەم ولاتە هەر یەک و پێنج و شەش دەبڕێ. دە و دووی ئاغای لێهەڵگری چی دەمێنێتەوە!.

بە ناشکوری خودای نەبێ دێمەکار گێلێ بۆکاسسییە؟ شەو و رۆژ دەبێ دەستە و دوعا بی لە کاتی خۆیدا پەڵەبدات و بارانی لێ بباریٚ. چۆرەئاوێکم نیە دوو دێراوە تەماتە و شەش، حەوت برکە تەڕەکاری بۆ ئەو منداڵانە لەبەردا بەقێنم!. پاش ساڵێک زەحمەت و کوێرەوەری بیست، سی تەغارێکم بۆ ماوەتەوە!. تۆوی پاییزی لە چی بکەم؟ زمهەری تا ساڵێکی دی سەر خەرمانان لە کوێ بێنم؟ خەرجی ماڵێش بەو کرانیە! هێشتا تیتۆڵێکم لیباس بۆ خۆم و دایکی منداڵان و ئەو کچۆڵانە نەکڕیوە. خۆ پیاو لە ترسی دووکانداری شاریش، شەو خەوی لێناکەوێ! رۆژێ جارێک رادەسپێرن: خەرمانەکان سوورنەبوون؟ ئەوانیش داوای قەرزەکانیان دەکەنەوە. دەنا دەبێ نوێی کەیەوە بۆ ساڵێکی دیکە. ئەوەش وەک دە بەکڵوو هەر دێتە سەری. دوای سێ، چوار ساڵ تازە پیاو لە ژێری نایەتە دەرێ.

سۆفی سەلیم، کە لەوبەرەوە خەریکی خەرمان شەنکردن بوو. بایەکەی تۆزێک هێدی کردبوو. کاوانی لەیەک جیانەکردەوە. دەستی هەڵگرت. شەنەکەی لە مالووسکەکە چەقاند. کەوشەکانی کە لە قەراغ جۆگەلە ئەوەکە، لەلای بەردەنوێژەکان داکەندبوو، چوو لەپێیکردن. دەستی نا پشت قوونی و وردەوردە هات بۆ ئەمبەر بۆ لای خاڵەسەعید.

– ماندوونەبی خاڵە سەعید!

– خودا عافووتکا! یا خودا کوڕت نەمرێ! بۆ خۆتان ماندوونەبن!

–ئەمڕۆ زۆر بێتاقەت و بێواز دیاربووی. خۆ شوکر نەخۆش و ناڕەحەت نین؟

– بە خودای جا چت عەرزکەم! پیاوی فەقیر و تەنیابال، هەمیشە نەخۆشە!.

– چاوم لێبوو، چەندجارێک لە خزیانەکە کەوتی! گێرەکەشت تێکهالأبوو!

– بەڵێ وەڵاهی راست دەفەرمووی. ئەوە چەند رۆژێکە زۆر نەخۆشک. ئەورۆ لە هەموو رۆژان خراپترم. سەعاتێکیش لەدوای خەڵک گێرەم دابەست. لە ترسی رەشیدئاغا نەمویرا، ئخورۆ لە ماڵی بکەوم، بەڵکو تۆزێک چاتربوومایە.

– باشە ئاخر دکتۆرێک؟ دەرزی و دەرمانێک؟ دۆعایەک؟ تۆ چوویتە لای کەس؟ ناڵێن چیتە؟ چیت نیە؟

– جا براڵە! دەرزی و دەرمانی چی؟ ئێمەمانان کوا دەتوانین، بچینە شار بۆ لای دوکتۆر؟ لەو وەختەدا دەبێ رۆژێکی بۆ لەکاربێ. پوولی دوکتۆر و دەرزی و دەرمانیش لەوێ راوەستێ. ئەوانە هەمووی بە جێگای خزیان. جا بۆ لە ترسی ئاغا دەوێرم لەم وەختەدا لە ماڵ نەبم! بە خودا شاف لە شاف تالآنم دەکات. لەسەر ساجی عەدلیم دادەنێ. بەو پاییزە دەرمدەکات. خۆ لەم دەوروبەرانەش ئاغاکان رەعیەتی یەکتری راناگرن. پەیمانیان لەگەڵ یەکتر بەستووە. هەموویان قسەیان کردۆتەیەک!! یەک دوو ئێواران چوومە لای پوور خاتوون. دەڵێ: نیوکت کەوتووە! بۆشی هێنامەوە. دوو رۆژیش پرێسکە خوێیەکەی هەر لەسەر بوو، بەڵام هیچ چاکترنیم!

دوێنێ فاتم چوویوە لای مەلا نووشتەیەکی بۆ نووسیوم. قسەی خۆمان بێت، فرووجێکیشی سەرقەڵەمانە بۆ بردبوو. جا نازانم کاردەکا یان نا؟

دوێنێ ئێواریٚ، کوێخا حەمە هات، سەری مەزرا بدات و خەرمانەکان شەقڵکات، چوومە پێشی و پێم وت: خزیانەکە باش وردبووە، گاگێرەی لێدەرناچێ، بیست و پێنج رۆژە خراوەتە بەربێ!! دە دوازدە کەرەت وەردگراوە. بۆم عەرزی ئاغا کە!، بەڵکو ئیجازەم بدات، چیدی لەسەر نەگێرم، کەچی زۆرم لێتووڕەبوو ووتی: دەبێ ئەم ئیسوارەیە وەردیکەیت! دوو، سێ رۆژی دیکەشی بەسەردا بگێڕی، هەڵدانەوەشی هەر لەسەر خۆتە!.

کوڕە خەجاڵەتی ماڵی مام رەحیمیش بووم. پێنج، شەش سەر پانیرگێرەم بە دەستەوام لێوەرگرتوون و لێم خواستوونەتەوە کە دوای ئەم خزیانەی ماڵی ئاغا لەگەڵ ئەو چوار، پێنج سەرە وڵاغەی خۆماندا بیاندەمەوە. ئەوانیش بیست و چەند رۆژێک گێرەیان پێبکەن! بە خودای تاقە یەک رۆژیشیان گێرە بۆ ناکەن. هەموو سمیان ساوە، گەیشتۆتە سەر گۆشت!. ئەو دوو مانگا زاوەشمان، بە جارێک وشکیانکرد. گوێرەکەکانیشیان تێر ناکەن. ئەوانیش دەمرن!.

– جا براڵە! مانگا زاو کوا بۆ گێرە دەبێ؟ پیاو چۆنی دڵ دێ، لە گێرەی کات؟ دیارە وشکیش دەکات و گوێلکەکەشی لە برسان دەمرێ، نابێ بە هیوای ماست و رۆنیشیان بی.

– ماست و رۆن! ئەوە دەفەرمووی چی؟ تێر ئاگای لە برسی نیە! بەو خودایەی هەموومان دەچینەوە بەر دیوانی، ئەو پیاڵە ماستە و ئەو کیتەڵە دویە نەبێ، کە ئێواران فاتم لە ماڵی حاجی برایم دەیانهێنێ، پێخۆر و چەورەسانم لە ماڵێدا نیە.

– باشە ئەی کەنگێ ئەو تۆزە کۆڵۆشەی خۆتان گێرەدەکەیت؟ کەنگێ ئەو دێمە دەدوورییەوە؟

– جا کەی؟ تازە هەوا ساردی کردووە و ساڵ خەریکە تەواو دەبێ. من کوا وەفریای کاری خۆم دەکەوم؟ ئەویش ئاوا لەش بەبار و دەردەدار!

– ئەگەر ئێوارە چوومەوە، لادەدەمە دیوەخان و بە رەشید ئاغا دەڵێم، بەڵکو تکام بگرێ.

– وەڵاهی لە رووم هەڵنەدەهات عەرزت بکەم، دەنا دوو، سێ رۆژە بە تەمام، بێتان بڵێم تکایەکم بۆ بکەن!

– باشە ئەدی تۆ بۆ بە مامۆستات نەدەوت؟ خۆ بە خودای ئاغا لە قسەی دەرناچێ! زۆری حورمەت دەگرێ!!

– مامۆستا!! کەس نا مامۆستا! جا بۆ خۆشت نازانی، ئەوانیش هەر لەسەر قازانجی ئاغاکانن!! ئەویش لەم وەختی برات وەرگرتنەدا!! بە خودای هەر جوابیشم ناداتەوە!!

– قەتم لەبیرناچێتەوە، کە جستانی رەشیدئاغا هاتە مزگەوت، لە پەنا کوورەکە دانیشت، لاقی لەسەر لاقی دانابوو، بە پۆزێکەوە، رووی کردە خەڵکەکە و وتی: ساڵێکی دیکە بەراوکێڵەکان دەبێ تووتن و چەوەندەر بکەن! لە هەموو بەهارەکێڵێکی بەراو سێ، یەکێکتان لێدەستێنم. لە پاییزەکێڵیش دە و دوو دەگرم! بێگار و خەرج و پیتاک هەروەک ساڵانە! رەشاییش دەبێ: ماڵی ٥ فرووج بدەن! بێگاریشتان بە کەیفی خۆم پێدەکەم! هەر کەس پێی رازی نیە! فەرموو کوێی پێ خۆشە بابچێ!! کەچی مەلا لە میحرابەکەوە سەری هەڵێنا و وتی: بەڵێ شەرعیش هەروا دەفەرمووێ. ملکی خۆتە!!

سەرماوەزی ١٩٩١

سالا

www.arsivakurdi.org

# بەڵێ موڵکی خۆتە!

هیوا کەریمی

دەستی توند بە زگیەوە گرتبوو. بە لارەوە لارەوە هات، بۆ دەوری خەرمانەکان. گوریس و دەمبێنەکان کە دوێنێ دوای گێرەبەردان لەناو خۆیانەکەدا شاردبوونیەوە، پاش تاوێک لێگەڕان و بیرکردنەوە دۆزینیەوە و هێنانیەدەرێ.

گێرەکەی دابەست. گاگێرەکانی توند دەمبێن کرد. نەقیزە درێژە داربەلاڵوکەکەی کرت بە دەستیەوە. گوگرەکەی هەڵگرت. کەوشەکانی داکەند و وردە وردە گێرەکەی لێ خوڕی و بردیە ناو خۆیانە وردە کوتەکەوە. بە کزمەکزم، بەدوای گاگێرەکاندا دەڕۆیشت و خولی پێدەدان. جاربەجارێک لە خۆیانەکە دەچەقی. لاتراسکەی دەبەست و دەدرا بەعەرزدا. دەمی پڕ دەبوو لە کا و کۆت و سەر و گوێلاکی تۆزاوی دەبوو.

پاش تاوێک حەسانەوە، دەستێکی لەسەر ئەژنۆی دادەنا و بە دەستەکەی دیکەشی نەقیزەکەی لە خۆیانەکە دەچەقاند. بە لەرزەلەرز ڕاست دەبۆوە و دیسان هەڵدەستاوە. گێرەکەی لێدەشێوا و تێکەڵ دەبوو. لەیەکی جیادەکردنەوە. خێراخێرا چەندجار بەسەریەک و بە دەنگی بەرز، دەنگی گاگێرەکانی دەدا: وەحە وەحە! وەلە وەلە! بە قوڕە و لاڕەشە مرن! ئەوە بۆ دەڵێی قەت لە گێرە نەکراون!.

جارجارێکیش بەترسەوە، خێسەیەکی لە دەرگای ماڵی ئاغا دەکرد. کە بە حاڵ لە گۆشەی دیواری لای قیبلەی مزگەوتەوە دیارە. حەزرەتی غەوث! سەیدی زەنبیل! حاجی ئێخ گوڵ! ئەمڕۆ ئەو بەرازە لە ماڵ نەبێ. ئەگینا چاوی لێ بێ ئابروو و حەیام دەبات. سەعتێکە خەڵک گێرەی دابەستووە.

ئای چەندە نەخۆشم! زگم بۆ هێندە دێشێ؟ خۆم بە پێوە ناگرم، چاوم لە ڕەشەوە دێ، سەرم دەسووڕێ، هەموو گیانم دەلەرزێ!. دە دانە ڕۆژە ئەوە حاڵمە. خودایە! ئەو دەردە چی بوو؟ تۆ لەم وەختە ناوەختەدا تووشی منت کرد! زۆر شوکر بە بەشت: ڕاستە: بەڕە هەر لە لای تەنکیەوە دەدڕێ.

ئەو هەموو کارەم بەسەر یەکدا کەوتووە: ئەو سێ چوار ڕبە نیسکەم بەهارێ بە سەد جاڵ و دەردیسەری چاند، بۆ دانەوێڵەی ئەو جستانەی منداڵان. ئەوا پەری و بوو بە پووتن و بۆمان نەکرا دەسکەنەی کەین. خۆ بە خودای دێمەزەرد تازە دەبێ وەبەر پەڵەی پایز و بەفریش کەوێ. بۆ ناکرێ: گەوزی تێخەم. هێشتا سەوەتەیەکم کۆڵو هەڵنەکەندووە بۆ سوختی جستانێ. سەربانی ئەو تەویلەیەش هەڵنەگێڕمەوە لە چلەی جستاندا بەسەر ئەو چوار، پێنج سەرە ولاخەدا دەڕووخێ.

تۆ بڵێی: فاتم لە ماڵی حاجی برایم نەهاتبێتەوە/ بێ برێکم یاریدە بدات. جا فاتمی فەقیر بۆ دەتوانێ یاردەی من بدات و گێرەم لەباتییان لێخوڕێ؟ لە مەلابانگدانی بەیانیەوە هەستاوە. ئەو هەموو تەویلەیەی خاوێنکردۆتەوە. بیست، سی سەوەتە شیاکەی ڕشتووە. ئەو هەموو تاپاڵەیەی پێژاوە. دەرک و بانی بۆ ماڵیون. مەشکەی لەگەڵ کچەکانی حاجی ژاندووە. دزی لەگەڵ هەڵهێناونەتەوە. پەنیری لەگەڵ گوشیون. ژن لاپایژ و کارەکەری ماڵان بێت،

تازە بۆ ماڵی خۆین نیە.

ئەو چەتیوانەش نەهاتنەوە، هەرایان لێکەم بێن گێرەکەم لێوەرگرن، با ڕانەوەستێ. ئەو کابرایە زۆر زاڵم و بێحەیا و دەمشڕە. لە ماڵی بێ و لە خەو هەستا بێ و چاوی لێ بێ گێرەکەم ڕاگرتووە، تووشی کێشەیەکم دەکات. بە خودای دەترسم جەریمەشم بکات!. پێرێ ئەو دەمانە، عەولای مام نادر، قوتوە سیغارەکەی لە ماڵێ لێ بەجێمابوو، گێرەکەی ڕاگرت و بە غاردان چووە وە ماڵێ بیهێنێ. خۆ بە خودای چی واشی پێنەچوو: نازانم؟ ئەو کافری خودا نەناسە لە کوێوە چاوی لێبوو؟ خۆ بەلای ناخێریەوە میوانی بوو! ڕەئیس پاسگا لەوێ بوو!! هات: چ دەردێکی بەو پیاوە فەقیرە دا! هەزار جنێوی پیس و ناحەزی پێدا. زۆری لێدا. یەک سەعات لە درگای قاوەخانەی سەرجادە هەڵیانواسی. خۆ مەلا فریا نەکەوتایە دەستی لێهەڵنەدەگرت. لە دوایشدا هەزار دانە تمەنی جەریمە کرد.

زۆر سەیرە! خودا بە قوربانی بم، هەتا گەنگێ ئەو هەموو زوڵم و زۆرە قبووڵدەکات؟ دەڵێن: کاسە ئەگەر پڕبوو، لێی دەڕژێ. تۆ بڵێی! زوڵم و زۆری ئاغاوات کاسەی سەبری خودای پڕ نەکردبێ؟!

گەرووی بە تەپوتۆزی خۆیانەکە گیرابوو. خێرا خێرا دەکۆخی. تف و بەڵغەکەی خڕدەکردەوە و دەیخستە سەر نووکی زمانی و لوولیدەدا و دوور، سێ هەنگاو بۆ لای دەوێ دەچوو، ئەمجار توند فڕێیدەدایە خۆیانەکە!!.

جارجارێک نووکە نەقیزەیەکی لە گابەڵەک، کە سەرەی گێرەکە بوو، دەوەژاند و وەحەیەکی لێدەکرد. پێشی خۆش نەبوو: دەرپەڕێ و توند بڕوا و خێرا سووڕبداتەوە. دەترسا نەیانگاتێ خولبخۆنەوە و بەسەریدا بێنەوە و بیکەن بە ژێرەوە. بە نکەنک و لێوەلەرێ، بەدوای گێرەکەدا دەڕۆیشت و لەبەرخۆیەوە، داهات و خەرجی ساڵیانەی خۆی حیسابدەکرد: بێگارانە: ١٥ تەغار گەنم! کوێخا سجیلانە: ١ تەغار! گزیرانە: ١ تەغار! قۆرغچیانە: ١ تەغار! مجیورانە: دوو پووت! مەلایانە: ١ تەغار! کایانە: ٥ ڕەشکەی یەکسەری کا! تەپاڵانە: ٥ تەغاری سی دانەیی تەپاڵە! فرووجانە: ٥ فرووجی بەهاری! گوریسانە: گوریسێکی مووی ٧ باڵ! کاوڕانە: کاوڕەنێرێک! ڕۆنانە: دوو سیە ڕوونی زەنگ! دە و دوو لە هەموو حاسڵاتێک!.

خۆ بێگاریش لە حیساب نایەت! جۆگە جۆماڵکردن. گەلەجووت. هەرەوەزەدروێنە. سوختبڕین. زمهرهاڕین. سەربان سواخدان. کاکێشان. گێرەکردن. چاڵداکردن. لە جستاندا سەربان ماڵین. مەڕ و کاوڕ شوتنەوە. سوخت وردکردن و تۆوچاندن و... . بێگاری ئاغاژنیش، لەوێ ڕاوەستێ! ئەوە ١٧ ڕۆژي تەواوە ئەو کچەفەقیرانەم نەکەوتوونەتەوە ماڵێ: دوو ڕۆژ چوونەتە خوری شوشتن. سێ ڕۆژ خوری شانەکردن و هەڵپێچانی. چوار ڕۆژ قەلاغ هەڵپێچین و سواغدانی. ئەوە هەشت دانە ڕۆژیشە لە قوڕشێلانن. نازانم: ئەو ئاغاژنە غەزەبلێگیراوە ئەو هەموو قوڕە چی لێدەکات؟ ئەو ژنە

www.arsivakurdi.org

وەک دەزانین، لە هەموو ئەو ولاّتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، قەدەغەیە کە جوگرافیای کوردستانی گەورە بە شێوەیەکی سەرتاسەری لێی بکۆڵدرێتەوە و پیشان بدرێ. ئیدی نەخشەی کوردستان، لە هەموو ئاستە جۆراوجۆرەکانیدا: جوگرافیای سروشتی، ئاووهەوا، دابەشکردنی نەوت، کانەکان، پلەی ساردی و گەرمی، ڕادەی باران، جوگرافیای دابەشبوونی لەهجەکان، جوگرافیای شارنشینی، جوگرافیای دابەشبوونی عەشیرەتەکان، جوگرافیای کشتوکاڵی... هەموو ئەم بەشانەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی جوگرافیای نیشتمانەکەمانەوە، پێویستە لە چوارچێوەی سیاسیانەی سنووری عێراق، ئێران، تورکیا و سوریادا تەماشای بکرێت. تۆژەر و نووسەرانی کورد لە ناوەوەی ولاّتدا بۆیان نییە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی کارتۆگرافی لە بارەی جوگرافیای نیشتمانەکەمان بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بنووسن و بلاّویکەنەوە.

یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی تۆژەر و ڕووناکبیری کورد لە دەرەوەی ولاّتدا، بێگومان، پێویستە ئەوە بێت کە بە هاوکاریی دەستەیەک لە پسپۆر و کادری ئەم بوارە، چەند بلاّوکراوە و کتێبێکی کارتۆگرافی لە بارەی ئاستە جۆراوجۆرەکانی جوگرافیای کوردستان ئامادە بکەن و بلاّویکەنەوە.

بێگومان ئەورووپییەکان، کوردناسەکان گەلێک بەرهەمی جوگرافی و کارتۆگرافییان لە بارەی نیشتمانەکەمان چاپ و بلاّوکردۆتەوە، کە دەتوانرێ سوودێکی فراوان و ڕاستەوخۆیان لێوەربگیرێ.(٣٧) لێکۆڵینەوەیەکی کارتۆگرافی لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی جوگرافیای نیشتمانەکەمان، ئیمڕۆ بە ئەرکێکی پێویست دەزاندرێت.

## سەرچاوە و پەراوێز

١- گۆڤاری (هاوار)، ژمارە ١١، ل ١٤، دیمەشق. ١٩٣٢.

2- Victor Prevot: A quoi Sert la geographie?
ed. du Centurion, Paris: 1981, P 52.

٣- هەمان سەرچاوە فەرەنسییەکە، ل٥٧.

4- Fernand Joly: La Cartographie, Que sais- je?N. 937, P.U.F, Paris: 1985,p.6.

5- Victor PREVOT, p. 53.

6- Fernand Joly: La Cartographie, p.49.

7- Victor P., p.52

٨- هەمان س. ل٥٦.

٩- هەمان س. ل٥٣.

10- F. Joly, p.4.

11- Roger Brunet: La Carte, Mode d- emploi, ed. Fayard, Paris: 1987, P.6.

12- Histoire de l` Hummanite`, Sous La Direction de Pierre Vidal- Naquet, e`d. Hachette, Paris: 1987, P. (VII). (Atlas Historique).

١٣- هەمان س. ل (VII).

14- F. Joly, p.25.

15- Histoire de l` Hummanite`, P. (VII).

16- Rene CLOZIER: Histoire de La geographie Que sais- je?N. 65, Paris: 1972, p.19-20.

١٧- هەمان س. ل١٦.

18- Gerard CHALIAND et J- P. RAGEAN: Atlas de La decouverte du monde, ed. Fayard, paris: 1983, p. 52.

١٩- سەرچاوەی ژمارە ١٢، ل (IX) و ژمارە ١٨، ل ٥٣.

20- Rene CLOZIER, p. 50-51.

٢١- سەرچاوەی ژمارە ١٢، ل (VII).

٢٢- سەرچاوەی ژمارە ١٦، ل ٥١.

٢٣- سەرچاوەی ژمارە ١٢، ل ٥٢.

٢٤- هەمان س. هەمان ل.

٢٥- سەرچاوەی ژمارە ١٨، ل ١٢٣ و ١٢٧.

26- La Decouvert de La terre, Bibl. Nationale, Paris, Mai- Juill. 1979, p. (V-I).

٢٧- چەند لێکلینەوەیەکم لە بارەی ئەو نەخشە کۆن و جۆراوجۆرانەی کوردستان ئامادە کردوون، لە داهاتوودا بلاّویان دەکەمەوە.

٢٨- سەرچاوەی ژمارە ١٢ ل (XI).

29- Gerard CHALIAND: Atlas, p. 52-53.

30- Gerard CHALIAND: Atlas de La devouverte du monde, ed. Fayard, paris: 1983, P. 62.

٣١- ئێمە ئەو کتێبەی (محمد الغشقري)مان نەخوێندۆتەوە، بەڵکو پشتمان تەنیا بە سەرچاوە فەرەنسییەکەی (ژێرار شالیاند) بەستووە بۆ هەڵێنجاندنی ئەم ڕاستییە. نەخشەکەشمان لە هەمان سەرچاوە فەرەنسییەکەوە وەرگرتووە.

٣٢- سەرچاوەی ژمارە ٣٠. ل ١١٧-١٢٥، هەروەها سەرچاوەی ژمارە ١٦، ل٤٥-٤٨.

٣٣- ئەم تابلۆ ڕەنگاورەنگانەی ناو کتێبی شەرەفنامە، لە کتێبخانەی (بۆدلیان) لە شاری (ئۆکسفۆرد) پارێزراون، ژمارە ٣١٢. ئێمە تەنیا فۆتۆکۆپی ئەو میناتۆرانەمان لەلایە.

34- F. Joly, p.19.

35- Şerif Paşa (G.): Memorandum Sur les Revandications du peuple Kurde, paris:1919.
کۆدی ئەم کتێبە لە کتێبخانەی لانگۆز لە پاریس:
Mel. 8. 1312 (14)

٣٦- حوسێن حوزنی موکریانی: غنجەء بهارستان، چاپخانەی کوردستان، شاری حەلەب: ١٩٢٥، ل ٣و٢٣.

٣٧- هەندێک لەو کتێبە گرنگانەی کە نەخشەی کوردستانیان تێدا بلاّوبۆتەوە و لێکۆڵینەوەی کارتۆگرافییان لە بارەی جوگرافیای کوردستان تێدایە:

1- Oxford Regional Economic Atlas, The midle est and north Africa, prep. by the Economist Inteligence unit Limited and the Cartographic department of the Clarendon press, Oxford University press, London: 1960.

2- Yves LACOSTE: Atlas 2000, ed. Nathan, paris: 1986.

3- Donald Edgar PITHER: An Historical geography of the Ottoman Empire, prod. of the Shield press, London: 1972.

4- KHANZADIAN: Rapport Sur La geographie d` Armenie, paris: 1920 (R.1. 51):
کۆدی لە کتێبخانەی لانگۆز لە پاریس.

5- Jaques de MOGAN: Maison Scientifique, (Etudes geographiques), 7 Volumes, paris: 1898- 1902.

6- Atlas de L` Histoire du moyan age, ed. Robert Laffont, paris: 1985.

7- W.A. Rajkowski: Carte du Kurdistan, 12 pages, Caire: 1947.

8- Heinrich KIERERT: Atlas Antiques, Zwölf Karten zur Alten Geschichte, Berlin Diethrich Reimer (Ernst Vohsen), 1898.
(پێنج نەخشەی کوردستان)

9- H. KIEPERT: Nouvelle Carte generale des Provinces asiatiques de L` Empire Ottoman, Berlin: 1884 (6 Feuilles 1565*9661).
کۆدی لە کتێبخانەی لانگۆز لە پاریس: (CRT. Asi. Turquie).

www.arsivakurdi.org



(خريطةٔ اراضيكه كردان له بلخ و عراقه وه هجرتيان بو كردوه)

دەبینین ناوی ولاتی کورد بە (أرض الاکراد) هاتووە کە دەکاتە (خاکی کوردان- خاکی کورد) واتە بە هەمان شێوەی (أرض الیمن)، (أرض العراقین)، (أرض آذربادکان) کە لە نەخشەکەدا هاتووە.

بەم شێوەیە، ئەم نەخشەیەی (غەشقەری)، کە لە سالّی (١٠٧٠)ی زاینیدا دروستکراوە، بە یەکەمین نەخشەی جوگرافی و بە یەکەمین سەرچاوەی جوگرافی لە قەڵەم دەدرێت کە ناوی گەلی کوردی وەک نەتەوەیەک و وەک گروپێکی ئەتنیکیی سەربەخۆ هێنابێت و لە جوگرافیای نیشتمانی کوردی کۆڵیبێتەوە.(٣١)

یەکەمین جوگرافیاناسی ئەورووپیش کە بە کوردستاندا تێپەڕیوبێ و چەند نووسراوێکی لە دوای خۆیەوە جێهێشتبێ، جوولەکەیەکی ئیسپانی بووە بە ناوی Benjamine de Tu-dele کە لە سالّی ١١٦٣-١١٧٣دا چۆتە سوریا و میزۆپۆتامیا و ولاتی فارس. دوای ئەویش جوگرافیاناسی بەناوبانگی ئیتالّی (مارکۆ پۆلۆ) کە لە سالّی ١٢٧١-١٢٩٥دا سەفەرێکی بەرەو رۆژهەلات کردووە و بە کوردستانیشدا تێپەڕیوە.(٣٢)

لێکۆلینەوە لە نەخشە جوگرافییەکانی ئەو گەڕیدە ئەورووپیانەی کە لە نەخشە و کتێبەکانیاندا باسی جوگرافیای کوردیان کردبێت هەلّدەگرین بۆ بابەتی لێکۆلینەوەیەکی فراوانتر.

## یەکەمین نەخشەی جوگرافیای کوردستان کە لەلایەن کورد- خۆیەوە دروستکرابێ

ئاگادارین کە لە کتێبی شەرەفنامەی شەرفخانی بەتلیسیدا، گەلێک وێنە و میناتۆر بۆ وەسفکردنی شەڕ و شۆڕەکانی کورد، بە تایبەتی بۆ پیشداندانی شەڕی چالّدیران (١٥١٤)، شەڕی ئاق قۆینلوو...... هتد، دروستکراون.(٣٣) بەلاّم بە داخەوە، لەو کتێبە مێژوویی- جوگرافییە گرنگەدا هیچ نەخشەیەکی جوگرافی کوردستان دروست نەکراوە و پیشان نەدراوە.

ئیدی، نووسەری کورد لەوە دەچێ، هەر لە کۆنەوە تاکو سەرەتای ئەم سەدەیە، لە زمانی کاریگەرانەی نەخشە- بۆ بلاّوکردنەوەی رۆشنبیری و بیر و مەبەست- تێنەگەیشتبێ، ئەم زانست و تەکنیکی دەربڕینەی هێندە بەلاوە گرنگ نەبووبێ، ئەمەش، لەوانە لەبەر ئەوەی نەخشە، پێش هەموو شتێک پێویستی بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک دۆکیومێنت هەیە، هەروەها شارەزاییەکی قووڵ و فراوان لە بارەی ئەو بابەتەی کە دەیخەیتە سەر نەخشەکە.(٣٤)

یەکەمین رووناکبیری کورد کە لە بایەخ و زمانی نەخشە تێگەیشتبێت و نەخشەی وەک ئامرازێکی دەربڕین بە ئەرک خستبێت، سیاسەتمەدارێکی بە ناوبانگمانە: شەریف پاشا (١٨٦٤-١٩٤٦) کە لە سالّی ١٩١٩دا بۆ یەکەمین جار نەخشەیەکی کوردستانی گەورەی دروستکرد و لە نامیلکەیەکدا بە ناونیشانی (داخوازینامەکانی گەلی کورد) بە زمانی فەرەنسی چاپ و بلاّوی کردەوە- نوسخەیەکیشی لەم نامیلکەیە، لە شێوەی یاداشتنامەیەک پێشکەش کرد بە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس لە سالّی ١٩١٩دا: بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ گەلی کورد.(٣٥)

بەم شێوەیە، ئەم نەخشەیەی کوردستانی گەورەی ژەنەراڵ شەریف پاشا، بە یەکەمین نەخشەی جوگرافی- سیاسی لە قەڵەم دەدرێ کە کورد- خۆی دروستی کردبێ. هەر لەم نەخشەیەوە، دەتوانین درک بە یەکەمین سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی کورد بکەین بە شێوە نەوهەنگاوە هاوچاخەکەی: نەتەوە- دەوڵەت.

پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی لە سالّی ١٩١٩ بەولاوە، هەروەها بلاّوبوونەوەی چاپەمەنی و پەرەسەندنی رۆژنامەگەریی کوردی لە چارەگی یەکەمی ئەم سەدەیەدا، گوڕ و تەکانێکی بە زەبری دایە پێشکەوتنی رۆشنبیریی کوردی. نووسەر و رووناکبیرانی کورد وردە وردە هەستیان بە بایەخ و رۆڵی زانستەکانی وەکو مێژوو، جوگرافیا، نەخشەناسی...... هتد کرد. هەر بۆیە دەبینین کە تەنیا لە چارەگی دووەمی ئەم سەدەیە دایە کە چەند رووناکبیرێکی گەورەی وەکو مامۆستا ئەمین زەکی بەگ، حوسێن حوزنی موکریانی و تەوفیق وەهبی، دەست دەکەنە نووسین و نووسینەوەی جوگرافیا و مێژووی کوردستان.

بەم شێوەیە یەکەمین کتێب بە زمانی کوردی کە چەند نەخشەیەکی جوگرافیای کوردستانی تێدا دروست کرابێ و بلاّوکرابێتەوە، کتێبەکەی مێژوونووس، حوسێن حوزنی موکریانی-یە بەناونیشانی غنچەء بهارستان.(٣٦) ئەمەش لە سالّی ١٩٢٥دا.

www.arsivakurdi.org

گەڕان ودۆزینەوە جوگرافییەکان دەبێت». (٢٨)

ئەم قسەیە، ڕاستە، چونکە نەخشەی جوگرافی، لەلایەن جوگرافیاناس و گەریدەکانەوە، هەمیشە بە ئامانجی ئەوە دروستکراوە کە لە ڕێگای ئەو نەخشەیەوە کۆمەڵێک ئاگانامە و زانیاریی «بە سوود» لە بارەی میللەتێک، لە بارەی ڕێگاوبانی چوونەوە سەر وڵاتێکی یان شارێک بە خوێنەران بگەیەنن.

بە هەڵەدا ناچین ئەگەر بڵێین کە بۆ ئێمەی کورد، زانستی نەخشە Cartographie زانستێکی ئەورووپییە، یان بەلای کەمەوە زانستی داهێنراوی خەڵکانێکی غەیرە کورد بووە کە بە کوردستاندا تێپەڕبوون و کاتێ گەڕاونەتەوە وڵاتی خۆشیان، نەخشەی وڵات و مەڵبەندەکانی کوردانیان لە پەڕتووک و سەفەرنامەکانی خۆیاندا، وێڕای مشتێ زانیاری لە بارەی کورد، چاپ و بڵاوکردۆتەوە. هەر بۆیەش دەبینین، یەکەمین ئەو نەخشە و دۆکیومێنتە جوگرافیانەی کە لە بارەی کوردستان و گەلی کوردەوە ئامادەکراون، کار و بەرهەمی بێگانانن، نەک بەرهەمی کورد- خۆی.

ڕاستییەکەی، ئێمە ناتوانین بەبێ لێکۆڵینەوە لە مێژووی گەشت و گەڕانی ئەو جوگرافیاناس و گەڕیدانەی کە بە کوردستاندا تێپەڕیون، باس لە ناوەڕۆک و مێژووی ئەو نەخشە جوگرافییە کۆن و جۆراوجۆرانە بکەین کە لە سەدەکانی ڕابردوودا لە بارەی کوردستان دروستکراون. ئەم کارەش لە ئاکامدا ڕاپێچمان دەکات بەرەو مەیدانی لێکۆڵینەوەی کوردناسی و مێژووی کوردناسی. ئێرەش جێی ئەوەی تێدا نابێتەوە. ناچارین سنووری ئەم کورتە وتارە بەرەو چەند ڕوونکردنەوەیەکی سەرەتایی بکشێنینەوە.

یەکەمین ئەو گەڕیدە بێگانەیەی کە بە کوردستاندا تێپەڕیوە و چەند نووسراوێکی لە بارەی ئێمەوە جێهێشتبێت، وەک دەزانین، پیاوماقووڵێکی لەشکری یۆنانی بووە بە




ناوی (ئێکزێنێفۆن) لە سەدەی چواردەهەمی پێش زایندا. دوای ئەویش (هێرۆدۆت) و (سترابۆن)، پاشانیش (ئەسکەندەری مەقدۆنی).

ئەم یۆنانیانە، هێندەی ئاگامان لێ بێ، جگە لە نووسراوەکانیان لە بارەی کوردەوە، هیچ نەخشەیەکی جوگرافییان لە بارەی کوردستان دروست نەکردووە.

لە گەشتی و گەڕانی یۆنانییەکانەوە تاکو سەدەی نۆیەم، ئاگاداریمان لەبارەی هیچ گەڕیدە و جوگرافیاناسێکی بێگانە نییە کە پێش سەدەی نۆیەم بە کوردستاندا تێپەڕبووبێ و لە سەفەرنامەکەی خۆیدا باسی کوردستانی کردبێ.

گەڕیدە و جوگرافیاناسە موسڵمانەکان (عەرەب، فارس و تورک) بە یەکەمین ئەو جوگرافیاناسانە لە قەڵەم دەدرێن، کە لە سەدەکانی نۆیەم تاکو سەدەی دوازدەهەم، بە کوردستاندا تێپەڕبوون و باسی نیشتمانی کورد و جوگرافیای گەلی کردبێت. (٢٩)

لەناو هەموو ئەم جوگرافیاناسە موسڵمانانەدا، جگە لە نەخشەیەکی (محمد الغشقري) هیچ نەخشەیەکی دیکەی ئەو جوگرافیاناسە موسڵمانانەمان بەرچاو ناکەوێ کە وڵاتی کوردانی لەسەر نەخشەیەکی جوگرافیدا دیاری کردبێت.

(محمود الغشقري)، کە جوگرافیاناسێکی موسڵمانی بە بنەچە تورک بووە و لە ناوەڕاستی سەدەی یازدەهەمدا ژیاوە، لە ساڵی (١٠٧٦)ی زاینیدا نەخشەیەکی جوگرافی- سیاسی لە بارەی وڵات و گروپە ئەتنیکییەکانی کیشوەری ئاسیاوە دروست کردووە، لەو نەخشەیەدا ناوی گەلی کورد و وڵاتی کوردیشی هێناوە. (٣٠)

ئەگەر لەو نەخشەیەی (غەشقەری) وردبینەوە (بڕوانە نەخشەی ژمارە-١)



www.arsivakurdi.org

هەروەها سەفەرە دووروودرێژەکانی جوگرافیاناسی ئیتالی (مارکۆ پۆلۆ- ١٢٥٤-١٣٢٤) بوونە دۆکیومێنت و سەرچاوەگەلێکی جوگرافیایی مەزن بۆ پێشکەوتنی بیری جوگرافی مرۆڤ و پەرەسەندنی زانستی نەخشەسازی.(٢٠)

لە ساڵی ١٤٥٠دا لە ئەوروپا ماشینی چاپ دروستکرا و چاپخانە دامەزرا، یەکەمین نەخشەی فراوانی جوگرافی جیهان، بە چاپکراوی، لە ساڵی ١٤٧٢دا لە چاپخانەی Isidore لە شاری Augsbourg بڵاوکرایەوە. دوابەدوای ئەوەش، ژمارەیەکی زۆر لە جوگرافیاناسە ئەڵمانی و ئیتاڵیەکان خۆیان سەرقاڵی نەخشەسازی Cartographie کرد و پەرەیان بەو زانستەدا.(٢١) هەروەها جوگرافیاناسە پۆرتوگالییەکانیش، لە سەدەی چواردەهەم و پازدەهەمدا، رۆڵێکی گەورەیان نواند لە بواری دروستکردنی نەخشەی وڵاتانی جۆراوجۆر و بڵاوکردنەوەیاندا.(٢٢)

لە ساڵی ١٥٧٠دا جوگرافیاناس Ortelius یەکەمین ئەتڵەسی مۆدێرنی بەناونیشانی Theatrum Orbis Terrarum بڵاوکردەوە. لە پاشانیش، لە ساڵی ١٥٨٥دا، جوگرافیاناسی هۆڵەندی Mercator زاراوی ئەتڵەسی Atlas بۆ ئەم جۆرە کتێبە بەکارهێنا و ئیتر زاراوەی «ئەتڵەس» لەو رۆژەوە جێگای خۆی گرت و بڵاوبۆوە.(٢٣)

بووژانەوە و پێشکەوتنی بازرگانی لە نێوان وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیادا لە سەدەی شازدەهەم بەولاوە، دەرگایەکی تازەی بەسەر پێویستییەکانی مرۆڤ بۆ دروستکردنی نەخشە و شارەزایی لە بارەی جوگرافیای وڵات و نەتەوان کردەوە. میتۆدی نەخشە دروستکردن، کە تا ئەوکاتە وەک نهێنییەک مابۆوە، لەوە بە دوا بەناو خەڵکی خوێندەوار و رۆشنبیراندا بڵاوبۆوە. ئیدی، نەخشە، لە رێگای چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانەوە، بوو بە دۆکیومێنتێک، بوو بە ئامرازێکی لێکۆڵینەوە و کاری توێژینەوەی زانستی.(٢٤)

سەدەی هەژدەهەم بەوە دەناسرێتەوە کە گەشت گەرانی جوگرافیاناس و گەڕیدەکان بە دەوری جیهاندا، سیمای لێکۆڵینەوەی زانستیانەی بە خۆوە گرت. لە ئاکامی ئەمەشدا، زانستی نەخشە و نەخشەسازی، لە سەدەی هەژدەهەم بەولاوە پێشکەوتنێکی دیار و مەزنتری بە خۆوە گرت، بوو بە ئامرازێکی سەرەکی و گرنگ بۆ شارەزایی پەیداکردن لە بارەی وڵات و نەتەوانی جۆراوجۆری سەرزەوی.(٢٥)

بەم شێوەیە، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بەولاوە، نەخشەسازی Cartographie وەک زانستێکی سەربەخۆ لە پاڵ زانستی جوگرافیا خۆی سەلماند و جێگای خۆی گرت. لە ساڵی ١٨٢٨دا پاشای فەرەنسا، شارلی دەیەم، تۆمارخانەیەکی تایبەت و تەرخانکراوی لە کتێبخانەی نیشتمانیی فەرەنسادا کردەوە و ناوی لێنا (بەشی نەخشە جوگرافییەکان- Departement des Cartes geographiques). لەو رۆژە بەولاوە، ئەو تۆمارخانەیەی کتێبخانەی نیشتمانی، دەستیکردە کۆکردنەوەی هەرچی نەخشەیەکی جوگرافی و هەرچی دۆکیومێنتێکی نەخشەسازی کە لە سەدەکانی رابردوودا لە بارەی جوگرافیای وڵات وگەلانی سەرزەوی دروستکرابوون.(٢٦)

ئیمڕۆ، ئەم تۆمارخانەیە لە کتێبخانەی نیشتمانیی فەرەنسا لە پاریس، بە سەدان نەخشەی جوگرافیای جۆراوجۆری کوردستانیش لە سنگی خۆیدا پارستووە: ئەو نەخشانەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تاکو ئیمڕۆ لە بارەی جوگرافیای سیاسی، سروشتی، ئابووری، ئاووهەوای کوردستانەوە دروستکراون.(٢٧)

## یەکەمین نەخشەی جوگرافی کە ناوی کوردستانی تێدا هاتووە

جوگرافیاناسێکی هاوچەرخی فەرەنسی، دەڵێ: «مێژووی نەخشەسازی Cartologie گەلێک جاران تێکەڵ بە مێژووی گەشت و



www.arsivakurd.org

ئەم پەیوەندییە بەهێزەی نێوان زانستی جوگرافیا و سیاسەت، هەر لە کۆنەوە بیری فەیلەسوف و سیاسەتمەدارەکانی بەخۆیەوە خەریک کردووە. (ستراپۆن STRABON) بە ئاشکرا ئەوەی دەرخستووە کە جوگرافیا وەک چۆن خزمەتی زانست دەکا، بە هەمان شێوە لە خزمەتکردنی سیاسەت و دەوڵەتیشدا بووە.(۹)

لێرەدا جێگای خۆیەتی کە لە واقیعی ئەمرۆی رۆشنبیریی کوردی بپرسین: ئایا نوسەر و روناکبیر و رۆژنامەنوسانی کورد توانیویانە کە ئەم زانستە، هەم وەک ناوەرۆک و هەم وەک تەکنیک و ئامرازی دەربڕین، بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیرییەکی نەتەوەیی ئەنتی- کۆلۆنیالیست بەکار بهێنن؟! *ئایا ئێمە بەبێ دیاریکردنی سنوورەکانی جوگرافیایەکی نەتەوەیی، دەتوانین هیچ جوگرافیایەکی رۆشنبیری و هونەریی سەربەخۆمان هەبێت؟!*

زانستێکی هێند فراوان وگرنگیشە کە پەیوەندییەکانی خۆی، بە شێوەیەکی راستەوخۆ بە دیاردەکانی ژیانی رۆژانەمان و بە گەلێک لە زانستە جۆراوجۆرەکانی دیکە گرێدەداتەوە. نەخشەسازی، هەر لە کۆنەوە تاکو ئێمرۆ، بە پێی پێشکەوتنی ژیان و بیری مرۆڤایەتی لەپەرەسەندن و پێشکەوتندا بووە.

دروستکردنی کاغەزیش تەکانێکی گەورەی دایە بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی نووسین و نەخشەکێشان.(۱۵)

یۆنانییەکان رۆڵێکی گەورەیان نواند لە فراوانترکردنی ئاسۆی شارەزایی مرۆڤ لە بارەی جوگرافیای گۆی زەوی. هەر ئەوانیش بوون زاراوەی جوگرافیایان داهێنا (ژیۆ- ge زەوی)، (گرافی graphie- نووسین). راستییەکەشی، یەکەمین دۆکیومەنتە جوگرافییە گرنگەکان، هەر بەرەنجامی سەفەرەکانی زانای یۆنانی (هیرۆدۆت)ن.(۱٦) جگە لەمە، گەشتە بەناوبانگەکەی (ئەسکەندەری مەقدۆنی) کاتێ هات جیهانی رۆژهەڵاتی تاکو چین داگیرکرد، ئاسۆی بیری یۆنانییەکانی لە بارەی رۆژهەڵات فراوانترکرد.(۱۷)



Carte du Monde du Turc Al Kashgari 1076

کاریگەرێتیی پێشکەوتنی نەخشەسازی Cartographie لای جوگرافیاناسە موسڵمانەکان (لە سەدەمی نۆیەم تا سەدەی دوازدەهەمی زاینی) بەسەر نەخشەسازی و جوگرافیاناسیی ئەورووپییەکانەوە، راستیەکی ئاشکرایە و نکوڵی لێ ناکرێ.(۱۸) ئەم جوگرافیاناسە موسڵمانانە (بە تایبەتی عەرەبەکان)، لە سەدەی نۆیەم بەولاوە (واتە لە سەردەمی فەرمانڕەوای عەباسییەکان و ئەمەوییەکاندا) (دار المعرفە)ی بەغدادیان Maison de la Sagesse پڕ کرد لە نەخشە و دۆکیۆمەنتی جوگرافی. جگە لەوەش چەندین بەرهەمی جوگرافی زانا ئێرانییەکانیان وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، کە ئێمرۆ نوسخە فارسییەکانیان فەوتاون.(۱۹)

دوای هەموو ئەمانەش، گەشتە بەناوبانگەکەی جوگرافیاناسی مەغریبی (**ئیبن بەتووتە**-١٣٠٤-١٣٦٨) بەدەوری جیهاندا،

## کورتەیەک لە بارەی مێژووی نەخشەسازی Cartographie

نەخشەسازی Cartographie یان نەخشەناسی Cartologie: «هەموو جۆرە لێکۆڵینەوە و چالاکییەکی زانستی، هونەری وتەکنیکی دەگرێتەوە کە سەرچاوەکانی خۆی، لە پێناو ئامادەکردنی نەخشەیەک، لە بەرەنجامی چەند بۆچوونێکی راستەوخۆی دۆکیومەنتانەوە وەرگرتبێ».(۱۰) هەندێ نەخشەناسی دیکەش، پێناسەی نەخشە بەم شێوەیە دەکەن: «بریتییە لە ئیماژێک کە جیهان یان بەشێکی جیهانت بۆ نومایان بکات».(۱۱)

ئێمرۆ، نەخشەسازی نەک هەر تەنیا وەک زانستێک سەربەخۆیی وەرگرتووە، بەڵکو

مرۆڤ هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە هەوڵی داوە نەخشە دروست بکات و وەک ئامرازێکی روونکردنە و هوشیاری بەکاری بێنێ. دانیشتوانی میزۆپۆتامیا لە کۆتایی سەدەی شەشەمی پێش زایندا، چەندین نەخشەیان لەسەر تابلۆی قوڕین، بەوپەڕی وردی و کارامەییەوە، دروستکردووە.(۱۲)

بە هەمان شێوە ئەسکیمۆییەکان، میسرییەکان لە (١٣٢٠ پ.ز)، یۆنانییەکان لە سەردەمی شەشەمی پێش زایندا.(۱۳) بێگومان ناساندنی گۆی زەوی و فیگەراندنی، یەکەمین بابەتە سەرەکییەکانی ئەو نەخشانە بوون.(۱٤)

چینییەکان لە سەدەی یازدەهەمی زایینیدا دروستکردنی کاغەزیان هێنا ئارا،

www.arshivakurd.org

# کارتۆگراڤیی ئەورووپییەکان

# و

# یەکەمین نەخشەی جوگراڤی کە ناوی کوردستانی تێدا هاتووە

فەرهاد پیربالْ

**ئایا ئێمە، بەبێ دیاریکردنی سنووری جوگرافیایەکی نەتەوەیی، دەتوانین هیچ جوگرافیایەکی رۆشنبیری و هونەریی سەربەخۆمان هەبێت؟!**

شتێکی سەیر نییە کە شاعیرێکی کورد، **(عەبدولخالیق ئەسیری)** لە سالأنی سییەکاندا، سەرتاپای شیعرێکی خۆی بۆ دیاریکردنی سنووری جوگرافیای کوردستان تەرخان کردبێت.[١] هۆی ئەمە، بێگومان، ئاشکرایە: لەو سەردەمەدا ئێمەی کورد، سەبارەت بە کڵۆڵیی رۆشنبیریمان و نەبوونی هیچ لێکۆلینەوەیەکی جوگرافی و کارتۆگرافی، هیچ هوشیارییەکی سیاسیمان لە بارەی جوگرافیای نیشتمانەکەی خۆمان نەبووە. ئەم شیعرەی عەبدولخالیق ئەسیری، ئەمڕۆ بۆ ئێمە جێگای جوانترین نەخشەی جوگرافیای کوردستانی گرتۆتەوە.

جوگرافیاناسەکان هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکەن کە شارەزایی و ئاگاداریمان لە بارەی جوگرافیای نیشتمانەکەمان، لە ئاکامدا دەتوانێ ببێتە هوشیارییەکی سیاسی، ببێتە ئامرازێکی دەسەلأت پەیداکردن، رۆلێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی ببینێ.[٢] جەزاییرەکان، کاتێ درکیان بەوە کرد کە جوگرافیای نیشتمانەکەیان (لە ڕووی ئەتنیک و نەتەوەییەوە) نەخشەیەکی جوگرافی سەربەخۆیی هەیە، ئەم درکپێکردنە وای لێکردن کە بیر لە سەربەخۆیی نیشتمانەکەیان بکەنەوە و لە ئاکامدا بتوانن شۆڕش بکەن، کۆلۆنیالیستە فەڕەنسییەکان (لە سنووری جوگرافیای نەتەوەیی خۆیان) وەدەربنێن.[٣]

ئەمڕۆ هەموومان بە ئاشکرا دەبینین: نەخشەی جوگرافیای کوردستان، لە عێراقدا لکاوەتە دەولەتی عێراق، لە ئێراندا لکاوەتە دەولەتی ئێران، لە تورکیادا لکاوەتە دەولەتی تورک، لە سوریا بەشێکە لە سوریا...... هتد. ئەم واقیعە بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زانستی جوگرافیا، زانستی نەخشەداڕشتن یان نەخشەسازی Cartographie زانستێکی بێلایەن نییە.[٤] وەک مێژوونووس (ستاریۆن) دەلێت: «زانستی جوگرافیا لە بنچینەدا بۆ پێداویستییەکانی ژیانی سیاسی بەکار دەبرێت».[٥]

کەواتە نەخشە Carte تەنیا ئەوە نییە کە شوێنی جوگرافی ولأتێک یان کۆمەلە خەلکێک یان شوێنی جوگرافی دەریاچەیەک بۆ توورریستەکان یان بۆ قوتابیانی پۆلی سەرەتایی ڕوون بکاتەوە، بەلکو ئەمڕۆ وەکو چەکێک (وەکو چەکێکی ئایدیۆلۆژی و مێشکشوشتنەوە) بە کاردێت، یەکێکە لە ئامرازە هەرە گرنگەکانی خەباتی ئایدیۆلۆژی و دەربڕینی سیاسی، هەروەک تێکستێکی نووسراوە، یان وەک وێنەیەک کە چەند ڕاستی و زانیارییەکمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

هەر لەم خالەوە دەگەینە ئەنجامێک. دەسەلأت و شارەزایی پەیداکردن بەسەر هەر زانستێک و چۆنیەتی بلأوکردنەوەی خەباتی رۆشنبیری و چاپەمەنی (بۆ نموونە هەر تەکنیکێکی تازەی لە بارەی دروستکردنی نەخشە و بلأوکردنەوەی نەخشە، وەک تەکنیکێکی کاری چاپەمەنی و رۆژنامەنووسی) دەبێتە ئامرازێکی کاریگەر و تازەی خەباتی رۆشنبیریی نەتەوەییمان، دەبێتە ئامرازێکی دژ بە کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستی.

ناپلیۆن، سەبارەت بە چەند هۆیەکی سیاسی و سەربازی، بایەخێکی فراوانی دەدایە نەخشەسازی Cartographie.[٦] لە هەمان کاتدا هێزە ئیمپریالیست و داگیرکەرە ئەورووپییەکانیش، بۆ داگیرکردنی ولأتێکی کە دەیانویست داگیری بکەن، سوودێکی زۆریان لە زانستی نەخشە وەرگرتووە.[٧] بە پێچەوانەی ئەمەشەوە، گەلێک لە جوگرافیاناسە ئەمریکایی و فەرەنسییەکان، هەروەها ساسەتمەدارە چەپڕەوەکانی ژێر تەسیری بیری مارکسیزم، وای دەبینن کە نەخشە ئەگەر وەک ئامرازێکی گەیاندنی زانیاری و راستی وئاگادارکردنەوە بەکاربێت، دەکرێ بۆ خزمەتکردنی خەباتی رۆشنبیری و سیاسیانە بەکاربێت و رێگا خۆش بکات تەنانەت بۆ بەرپاکردنی شۆڕشیش.[٨]



www.arsivakurdi.org

# پەیانا دەلەگاسیۆنا چاڤدێر یا فەدەراسیۆنێ د هلبژارتنێن کوردستانا باشوور دە.

گەلێ کورد، ل باشوورێ کوردستانێ، د ۱۹۹۲/۵/۱۹ یان دە ژ بۆ دەستنیشانکرنا ئەندامێن مەجلسا نەتەوەیی یا کوردستانا باشوور و هلبژارتنا رێبەرێ تەڤگەرا رزگاریخواز یا کوردستانێ، ل گۆرا قانوونا هلبژارتنێ کو د ۸ نیسانێ ۱۹۹۲ یان دە ژ ئالییێ سەرۆکاتیا سیاسی یا جەبها کوردستانێ ڤە هاتبوو دەرخستن، دەنگێ خوە بکار ئانی.

فەدراسیۆنا کۆمەلێن کوردستانێ ل سوێدێ (ف.ک.ک.س) ل گۆرا بریارا کۆنگرا خوە یا ۱۲:ان د ۲۲-۲۳ شبات ۱۹۹۲ یان دە، ب دەلەگاسیۆنێک ژ سێ نوونەرێن فەدراسیۆنێ پێکهاتی، بەشدارێ چاڤدێریا هلبژارتنا د ۱۹ گولانێ ۱۹۹۲ یان دە، بوو. نوونەرێن چاڤدێر یا (ف.ک.کس) ل هەر هەرێمێ هلبژارتنێ دە بەرپرسیارێن خوە بجە ئانین.

نونەرێن چاڤدێر یا (ف.ک.کس) د ۲۲ گولانێ ۱۹۹۲ یان دە راپۆرێن خوە گهاندە هەڤ و ئەڤ راپۆرا تەڤاهی رادگهینن رۆیا گشتی.

هلبژارتنا گشتی یا د ۱۹ گولانێ ۱۹۹۲ یان دە، ژ بۆ گەلێ کورد ل باشورا کوردستانێ د رێیا بدەستخستنا مافێن خوە یێن نەتەوەیی و دەموکراتیک یا رەوا، هەنگاڤێک دیرۆکی بوو. هەروسا، هەرچەند گەلەک بێئمکانی و تەهدی برێڤەبرنا هلبژارتنە دخست تالوکێ، پێکهاتنا هلبژارتنێ ئەم ژی بۆ گەلێ کورد ب تەڤایی ل سەرانسەرێ کوردستانێ سەرکەفتنەک هێژا و گرنگ دبینن. دەلەگاسیۆنا چاڤدێر یا (ف.ک.ک.س) ل سەر برێڤەچوونا هلبژارتنێ دخوازە ڤان خالێن بگهینە رایا گشتی. بیروراێن دەلەگاسیۆنێ ل سەر بەشداربوونا ٤٨ مەرکەزێن هلبژارتنێ و چاڤپێکەتنێن کو ل گەل بەرپرسیار و خەباتکارێن هلبژارتنێ، نونەرێن هێزێن سیاسی و ب خەلقێ رە هاتن چێکرن، دەرکەتیە هۆلێ.

۱- گەلێ کورد ب داخوازەک بلند، ب سەبر و فیداکاری، ب ئاوایەک رێکوپێک ژ بۆ رایا خوە یا ئازاد بکار بینە، بەرێ کو مەرکەزێن هلبژارتنان دەنگێن خوە ڤەکنلان، ئامادەبوون و کەتن دۆرێ دا کو دەنگێ خوە بینن. ئەڤ داخوازا بلند، سەبر، بەداکاری و تەحەمول سیاسی هەر پیرۆزباهیێ یە.

۲- د ۱٦ سەعاتێن هلبژارتنان دە تونەبوونا بەربەری، شەڕ و موشکولەیێن وەکی وان، ژ بۆ گەلێ کورد و سەرۆکاتیا وێ یا سیاسی کو جارا یەکەم ل سەر عەردێ خوە یێ ئازاد هلبژارتنەک ئازاد برێڤەبر سەربلندی و سەوکەڤتنێ مەزنە. هەر وسا بەشداریا ژنێن کورد ب ئاوایەک گەلەک فرە هێژایی پەسندانێ و پیرۆزباهیێ یە.

۳- ل گۆرا مەرکەزێن هلبژارتنێ نفوسێن هەرێمان، کەمانیەک مەزن ژ ئالیێ مەرکەزا بلند یا هلبژارتنێ و مەرکەزێن هەرێمی یێن هلبژارتنان ڤە هاتیە کرن کو رە دایە کو گەلەک کەس ل هەرێمێن سولەیمانیە ئا کەرکوکێ د وێ دەما کو هاتبوو تەسبیتکرن دە نکارین دەنگێن خوە بدن. ل گۆڕ تەسبیتێن مە ل هەرێما سولەیمانیە ژ بۆ ئا هەر ...۸۰۰ کەس ۱ مەوکەزێ دەنگ دانێ، ل کەرکوک ژ بۆنا هەر ...۹۰۰ کەس ۱ مەرکەزا هلبژارتنێ هەبوو. ئەڤ یەک بێ پلان و پرۆگرامیا دەزگەهێن هلبژارتنێ نیشان دکە.

٤- ل تەڤاهیا مەرکەزێن دەنگدانان دە، کێم یان ژی زێدە دەنگدان ب ئاوایەک نەهێنی چێنەبوو. دەزگەهێن هلبژارتنێ دکاربوون رەوشا گەلێ مە یا جڤاکی و سیاسی هێن باش بدن بەرچاڤ و تەدبیران بگرن دا کو هلبژارتن ل گۆڕ قانوونە ب ئاوایەک تام نەهێنی بێ برێڤەبرن.

٥- ل گەلەک مەرکەزێن دەنگدانێ دە بکارانینا پردەنگ و موداخەلەکرن چێدبوون. هەر وسا ل هن جیهێن دەنگدانێ دە کێمانیێن تەکنیکی وەکی زوو وەندابوونا رەنگێ حبورێ ژ هات تەسبیتکرن.

ب ڤان باشی و خەلەتیێن خوە ڤە، بیر و راێن مە و هەر وسا یێن گەلەک دەلەگاسیۆنێن ئۆبسەرڤاتۆر ئەڤ بوو کو، هلبژارتن ل گۆڕ شەرتێن کو ئەڤ بەشا وەلاتێ مە تێ دە یە و ل گۆڕ ئەو رەوشا کو گەلێ مە ژ ئالی تەجروبا هلبژارتنان، بێ ئیمکانی و ....، تێ دە یە، بوو سەرکەفتنەک گرینگ و دیرۆکی. ب لێخوەدیدەرکەتنا ئەنجامێن دەنگێن خوە یە، دێ گەلێ مە، ب ئاڤاکرنا مەجلسا نەتەوەیی دێ هێن سەرکەڤتیتر بە. ئەڤ تەجروبا یەکەم کو بەشێک ژ گەلێ کورد ژ بۆ خوە بخوە دەنگێ خوە دا و ب هلبژارتنەک ئازاد، ب تەحەمولا هەڤدوودو و بێ موشکولە برەڤەبر، تەسیرا ئەو کەماسی و غەلەتیێن کو مە بناڤ کر، کەمتر دکە. ئیشەڤ ب ئیلانکرنا ئەنجامێن رەسمی یێن هلبژارتنێ رە دە هەر شک و مژەن ل سەر ئەڤ گاڤا دیرۆکی یا گەلێ کورد بێ بەلاڤکرن، وەندا ببە.

دەلەگاسیۆنا فەدراسیۆنا کۆمەلێن کوردستانێ ل سوێدێ ب ڤان بیر و راێن خوە رە، جارەکە دن گەلێ مە و سەرۆکاتیا سیاسی یا جەبها کوردستانا ئراقێ پیرۆز دکە و هێڤیدارە کو ئەنجاما هلبژارتنێ ژ بۆ گەلێ مە هن هەنگاڤێن مەزن ئامادە بکە.

**شەقلاوە، ۱۹۹۲/۵/۲۲، سەعات: ٥ێ ئێوارە.**

*دەلەگاسیۆنا چاڤدێر یا فەدراسیۆنا کۆمەلێن کوردستانێ ل سوێدێ:*
*ڤیلدان تانریکولو (سەرۆک)، چاڤدێرێ هەرێما دهۆکێ.*
*ئەبدولرەزاق میرزا (ئەندامێ ک.ک)، چاڤدێرێ هەرێما هەولێر.*
*حامید گەوهەری (ئەندامێ ک.گ)، چاڤدێرێ هەرێمێن سلێمانییە و کەرکوک.*

www.arsivakurdi.org

ئەورووپی» ویستوویەتی شوێنێک بۆ تورکیا خۆشبکات و نەیویستووە هەستی ئەوە لەلای تورک دروستبکات کە ئەوان دەوڵەتێکی ئاسیایی و موسڵمانن و لە دەرەوەی سیستەم و جیهانی ئەورووپین. ئەو هۆیانەی کە پەنجەیان بۆ راکێشراوە لەوەی کە رێگر بن لە بەردەم وەرگیرانی تورکیا لە بازاڕی ئەورووپی هاوبەشدا: باری ئابووری و باری دیمۆگرافییە. ئەو گرفتانە تورکیایان نائومێد کردووە لە وەرگیران، بەلاّم «ف.میتێران» ئومێدی دواڕۆژی لە لا نەبڕین و بڕیاریشی پێداون کە لەو بارەوە لە کۆبوونەوەی «لیزبۆن» کە لە مانگی حوزەیراندا دەگیرێت، قسە بکات. لە لایەکی دیکەوە، تورکیا وا هەستدەکات کە وەکو دەوڵەتێکی موسڵمان، ئەگەرچی ماوەی ٦٠ ساڵە هەوڵدەدەن سیاسەتی ئیسلامی لاییک «خواندناس» پێڕەوبکەن، لە لایەن ئەورووپاییە مەسیحییەکانەوە بەدەردەنرێت. لە رووی گونجاندن لە نێوان دین و سیاسەت، «ف.میتێران» شایانی لە سیاسەتی تورکی ناوە و لە تەلەفزیۆنیش وتوویەتی: «سەرچاوەی بەشێکی تەواوی کەلتوری من هی وڵاتی ئێوەیە...تورک نەتەوەیەکی کۆنن و لە توانایاندا هەیە چارەسەر بۆ زۆر گیروگرفت بدۆزنەوە کە ئەمرۆ جیهان پێیاندا رەتدەبێت». مەبەستی میتێران، لەم گرفتانە: تەقینەوەی مەسەلەی نەتەوایەتییە لە ئەورووپای بەڵقانی و ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز. هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت وای لە تورکیا کردووە بیبێتە مۆدی ١٥٠ ملیۆن تورکۆ-فۆن کە بە دوای پێشکەوتندا دەگەڕێن. تورکیا کە ناتوانێت دژی رای ئەمەریکا و ئەورووپا بوەستێت، لە مەسەلەی ئازەر و ئەرمەن خۆی بێلایەن گرتووە. بۆیە «ف.میتێران» وا هەستدەکات کە: «تورکیا خاڵێکی بەهێزە لە ناوچەکەدا و چەسپاوە و زۆر جیاوازە لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتەکانی دراوسێیی...».

لە کاتی قسەکردندا لەسەر کورد، «ف.میتێران» لە تەلەفزیۆنی تورکی ناوی کوردی وەک «کەمایەتی» بەکارهێناوە. ئەم درکاندنە سەری زۆر تورکی سوڕماندووە، چونکە بۆ زۆربەیان بوونی «١٣» ملیۆن کورد لە تورکیا شتێکی نەزانراوە و کەمایەتیش لە تورکیا تەنها بریتین لە چەند هەزار جولەکە و ئەرمەنیەک. بەرامبەر بە بەکارهێنانی وشەی «کەمایەتی»، وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا «حیکمەت چەتین» کە لە رەسەندا کوردە، رەخنەی لە میتێران گرتووە: «لە قەڵەمدانی کورد بە کەمایەتی واتە هاووڵاتی پلە دوو لە ناو کۆمەڵدا...».

شایانی باسە کە «رۆلان دوما» و «بێرنارد کوشنێر» یش بەشداریان لەم گەشتەدا کردووە و لە لایەن خۆیانەوە داوایان لە دەسەلاّتدارانی تورک کردووە، کە دەبێ رێگا بدرێت کە هێزی هاوپەیمانەکان کە بۆ یارمەتیدانی کوردی عێراق لە تورکیا ماونەتەوە، دوای «٣٠» حوزەیرانیش درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە خانم «دانیال میتێران»، خێزانی سەرۆک کۆماری فەرەنسا، چەند رۆژێک پێش گەشتەکەی «ف.میتێران» رایگەیاند کە ئەو ئامادەنیە لە گەڵیا بچێت بۆ تورکیا بەرلەوەی تورکیا رێز لە مافی هاووڵاتی کورد نەگرێت. خانم «دانیال میتێران»، کە لە ساڵی ١٩٨٨ سەری لە کامپی ئاوارەکانی کوردی عێراق لە کوردستانی تورکیا دا، لە لایەن کوردی تورکیاوە رێزێکی زۆری لێگیرا و ترسێکی گەورەشی لە دڵی دەسەلاّتدارانی تورکدا دروستکرد، کە گەشتەکەیان بە دڵ نەبوو. ئەمرۆ، تورکیا ئەو هەڵوێستە نوێیەی خانم «میتێران» ی وا لێکداوەتەوە کە فۆنداسیۆنەکەی خانم «میتێران» کە بە ناوی «فرانس لیبەرتێ» یە لەگەڵ ئەنستیتوتی کورد لە پاریس هاریکاری دەکات.

ئەمرۆ، فەرەنسا چوارەم دەوڵەتە، لەو دەوڵەتانەی کە کەلوپەل بۆ تورکیا دەنێرن و یەکەم بەکارهێنەریشە. نزیکەی ١٠٠ کۆمپانیای فەرەنسی لە تورکیا کراوەتەوە و پێوەندی کەلتووریش قسەی لێکراوە کە دەبێ بەرەوپێش ببردرێت. تورکیاش کە پێویستی بە یارمەتی دەرەوەیە، پێشوازی لە دەوڵەتێکی وەکو فەرەنسا دەکات.

خاڵێکی دیکەی گرنگ تایبەت بە سیاسەتی ئەمرۆی تورکیا ئەوەیە کە دەسەلاّتدارانی تورکیا لە باری خۆگونجاندندا دەژین لە نێوان سێ پارتی دژ بە یەک: پارتی «دایکی نیشتمان» ی تورگوت ئۆزاڵ و «رێگای هەق» ی سلێمان دیمیریل و «سۆسیال دیموکراتی» ئەردال ئینونو. رۆژنامە فەرەنسییەکان لەم رووەوە پەنجە بۆ ئەوە رادەکێشن کە «ف.میتێران، ئامۆژگاری کردوون کە چۆن دەبێ لەگەڵ یەکتردا بگونجێن...». یەکەم خاڵی ئەو نەگونجانە هەفتەیەک دوای سەفەرەکەی «ف.میتێران» سەریهەڵداوەتەوە لەسەر ئەوەی کە «تورگوت ئۆزاڵ» دەیەوێ کەناڵێکی تەلەفزیۆن بە زمانی کوردی بکرێتەوە، بەلاّم «سلێمان دیمیریل» دژی وەستاوە.

سەرچاوەکان:


1- Liberation, N. 3388, Lundi, 13 Avril 1992
2- Liberation, N. 3389, Mardi, 14 Avril 1992
3- Le Monde, N. 14684, Mardi 14 Avril 1992
4- Le Monde, N. 14685, Mercredi 15 Avril 1992
5- Le Monde, N. 14686, Jeudi 16 Avril 1992
6- Le Figaro, N. 14818, Lundi 13 Avril 1992
7- Le Figaro, N. 14819, Mardi 14 Avril 1992


(١) لە درێژەپێدانی قسەکانیدا، «بێرنارد کۆشنێر» پەنجەی بۆ ئەوە راکێشا کە «نابێ لە شا شاهانەتر بین». بەو مانایەی کە کورد خۆیان تا ئێستا داوای دەوڵەتیان نەکردووە.

www.arsivakurdi.org

دابەزرێت، کە کۆمەڵێ گیروگرفت بۆ زۆر دەوڵەتی دەورووبەر دەخوڵقێنێ». هەروەها «فرانسوا میتێران» کاری تێرۆریزمی تاوانبارکرد و بە کوێرانەی لە قەڵەمدا و بە تورکیای راگەیاند کە: «ئێوە هیچ چارەسەرێک نادۆزنەوە و لە لایەن دەوڵەتێکی وەکو هی منیش باوەڕتان پێناکرێ ئەگەر کوردی تورکیا نەبن بە خاوەنی مافی خۆیان......دەبێ تورکیا لە هەق دەرنەچێ و لە چەوساندنەوەی گەلەکۆمەکی خۆی بە دووربگرێت...». هەروەها سەرۆکی فەرەنسی جەغتی کردە سەر: «دانهێنان بە ناسنامەی کولتوری کوردا و مافیان لە هەبوونی هۆیەکانی خۆدەربڕینی ئاسایی...تورکیا دەیتوانی باشتر کێشەی خۆی لە ئەورووپا بخاتە روو ئەگەر لە رێگای وتووێژ و دیموکراتیەوە، چارەی مەسەلەی کوردی بکردایە...».

گومای تیا نیە کە ئەو گەشتەی «میتێران» هەڵوێستی تورکیای زۆر بەهێزکرد، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە لایەن ئەڵەمانیا و پەرلەمانی ئەورووپییەوە بە پێشێلکەری مافی مرۆڤ تاوانبارکرابوو.

لە یەکی نەورۆز دا کۆمەڵێ بەرەنگاربوونەوە لە نێوان سوپای تورکی و پارتی کرێکارانی کوردستان «پ.ک.ک» روویاندا کە لە ئەنجامدا تورکیا کەوتە دامرکاندنەوەی گشتی و بەکارهێنانی تانک و تەنانەت فڕۆکەش. ئەم رووداوانە وایان لە حکومەتی ئەڵەمانیا کورد، تورکیا تاوانباربکات بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و هەروەها بەکارهێنانی چەکی ئەڵەمانی لە دژی کورد.

ئایا ئەو هەڵوێستەی ئەڵەمانیا بنچینەیەکی ئەخلاقی هەبوو؟ یان لە ترسی کاری تێرۆری بوو لە ئەڵەمانیا دا، کە یەک ملیۆن و نیو هاوڵاتیی تورکی، کە زۆربەیان کوردن، تیا ئەژی؟ وە یان لەبەر ئەوەی کە کاتی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردن بوو حکومەتی ئەڵەمانیا لەوە دەترسا کە تاوانباربکرێت، هەروەکو چۆن لە رابردوودا تاوانبارکرا، بە فرۆشتنی چەکی کیمیاوی بە لیبیا و عێراق؟

لەبەر هەر هۆیەک بێت، ئەو تاوانبارکردنەی ئەڵەمانیا و دوابەدوای ئەویش پەرلەمانی ئەورووپی، تورکیای خستە نێو بارێکی خراپەوە و لە ئەنجامدا پەیوەندی لەگەڵ ئەڵەمانیا پچڕاو لە لایەن خۆیەوە ئەڵەمانیای تاوانبارکرد بەوەی کە یارمەتی «پ.ک.ک» دەدات و پێڕەوی سیاسەتی هیتلەری دەکات، بەڵام گەشتەکەی «فرانسوا میتێران» تورکیای لەو بارە رزگارکرد و هەڵوێستی بەهێزکرد لە بەرامبەر جیهان و لە بەرامبەر «کۆمیونیتیێ بازاری ئەورووپی هاوبەش»دا، هەروەها هەڵوێستی ئەڵەمانیاشی لاوازکرد.

دەسەڵاتدارانی تورک لەو باوەڕەدان کە لە ماوەیەکی زۆرەوە هیچ حکومەتێک نەیتوانیوە وەکو ئێستای ئەوان خۆی لە مەسەلەی بەرەو دیموکراتی چوون بدات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەورووپا گەشە پێبدات. فەرەنساش لەو باوەڕەدایە کە ساڵەکانی «ئۆزاڵ» پێشکەوتنی ئابووری باشی بە خۆیەوە بینیوە و هەڵوێستی ئێستاشی لە بەرامبەر کۆمارە تورکۆجەفزنەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران وایکردووە،کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەورووپا شێوازێکی دیکە بە خۆیەوە ببینێت.




گوایا ئەمڕۆ، تورکیا لە باری جاراندا نازی و رستەی «من کوردم» و دوان بە زمانی کوردی چیتر بەندیخانەیان لەسەر نیە، دەیانەوێ «چارەسەرێکی دیموکراتی بۆ کێشەی کورد بدۆزنەوە»، بەڵام شایانی باسە کە پۆلیس و سوپا کە بەشێکی گەورەی ئەو دەسەڵاتەن کە بە ناوی دیموکراتییەوە قسەدەکات، ئەو دیموکراتییە پووچە بۆشدەکەنەوە. دەسەڵاتداران دەڵێن: «تا پۆلیس و سەربازی تورک بە دەستی «پ.ک.ک» بکوژرێن، ئێمە ناچارین هێز بەکاربێنین...». لە لایەکی دیکەوە بەکارهێنانی هێز و ستەمکاری زیاتر هانی خەڵک دەدەن کە لە دژی ئەو سیستەمە «کەمالییە» هەڵگەڕێنەوە و زۆربەشیان بچنە ناو بزووتنەوەی «پ.ک.ک»ەوە.

بابەتێکی دیکەی وتووێژ لە نێوان دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە و «فرانسوا میتێران» مەسەلەی وەرگیرانی تورکیا بوو لە ناو بازاڕی ئەورووپی هاوبەش، ئەگەرچی ئەمڕۆ ناتوانرێ بە شێوەیەکی راستەوخۆ قسە لەسەر ئەم باسە بکرێت، بەڵام «ف.میتێران» لە پاڵ بەکارهێنانی تێرمی وەک «سیستەمی ئەورووپی» و «جیهانی

# گەشتەکەی فرانسوا میتێران بۆ تورکیا و مەسەلەی کورد

## «دوو ڕۆژ لە ڕۆژنامەگەریی فەڕەنسی»

نەزەند بەگی خانی

«من لەو کەسانە نیم کە وا بیردەکەنەوە، دەبێ دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێت، کە کۆمەڵێ گیروگرفت بۆ زۆر دەوڵەتی دەوروبەر دەخوڵقێنێ».

فرانسوا میتێران

سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەمە، ١٣ ی نیسان، فراسوا میتێران، سەرۆکی کۆماری فەڕەنسا، بۆ گەشتێکی دوو ڕۆژی تایبەت بە دەوڵەت، بەرەو تورکیا کەوتە ڕێ. دەربارەی ئەو گەشتەی فرانسوا میتێران. ڕۆژنامەکانی فەڕەنسا، لە ڕۆژی دوو شەمە و سێشەمە و هەندێکیان چوارشەمەش، کۆمەڵێ وتاریان بڵاوکردەوە کە تیایاندا باسی مەسەلەی کورد کراوە.

لێرەدا، بە پشتبەستن بە سێ ڕۆژنامەی سەرەکی فەڕەنسی و خاوەن سێ دەنگی جیا: لۆمۆند «Le MONDE» و لیبێراسیۆن «LIBERATION» و لۆفیگارۆ «Le FIGARO»، هەندێک لەو ڕا و بۆچوونانە دەخەینە بەردەم خوێنەری کورد.

لە ڕۆژنامەی «لیبێراسیۆن»ی ڕۆژی دووشەمە، ١٣ی نیساندا نووسراوە: «فرانسوا میتێران، کە دابەش بووە لە نێوان خواستی لە پشتگوێخستنی ستەمکاری دژی کورد و هەلی بنیاتنانی چەند پەیوەندییەکی بەسوود لەگەڵ هێزێکی نوێی ناوچەیی، دەبێ بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە پایتەختی تورکیا ڕۆڵ ببینێت». هەروەها لە ژمارەیەکی دیکەی ڕۆژی سێشەمەدا دەڵێ: « سەرۆکی دەوڵەتی فەڕەنسی بەشێکی بنەڕەتی وتووێژەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکدا بۆ مەسەلەی کورد تەرخانکرد».

بە هەمان شێوە، لە «لۆمۆند»ی ڕۆژی سێشەمە، ١٤ی نیساندا نووسراوە: « پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و ئەورووپا و کێشەی کورد، گەشتەکەی میتێران بۆ تورکیا. داگیردەکەن».

ئاشکرایە کە باری ئەمڕۆی خۆرهەڵاتی نزیک و ئاسیای ناوەڕاست بەجۆرێک کەوتۆتەوە کە تورکیا بووە بە گەورەترین هێز لە ناوچەکەدا. ئەمە و بە ڕای دەوڵەتێکی وەکو فەڕەنسا، کۆمەڵێک چاککردن لە بواری چوون بەرەو دیموکراتی و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ لە تورکیا ڕوویانداوە کە شایانی ئەوەیە، بۆ هاندان و بەرەوپێشبردنی، بەسەربکرێنەوە، بەڵام ئەو کاتەی کە فرانسوا میتێران بۆ گەشتەکەی هەڵبژاردووە،؛ کاتێکی ئایدیالی نیە؛ چونکە ئەمڕۆ دوو گرفتی مەزن لە تورکیا لە ئارادان، یەک: کێشەی کوردە کە سەرتاپای خوارووی ڕۆژهەڵاتی داگرتووە. دوو: کێشەی نێوان ئەرمەن و ئازەرە لەسەر قەرەباغ.

تا کاتی ئەو گەشتە، فەڕەنسا یەکێک بوو لەو دەوڵەتانەی کە لە لایەن تورکیاوە گومانێکی زۆری لێدەکرا لەوەی کە یارمەتی کێشەی کورد دەدات. «کێشەی کورد پیرۆزە» ڕستەیەکی وەزیری کاروباری دەرەوەی فەڕەنسی، «ڕۆلان دزما»یە کە لە کاتی وتووێژی لەگەڵ «مەسعود بارزانی» وتویەتی، بەردەوام لە ڕۆژنامەکانی تورکیا دا وتراوەتەوە و لێکدراوەتەوە. جگە لە قسەکانی ئەم دواییەی وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی و تەندروستی «بێرنارد کوشنێر» لە ڕادیۆی «شالۆم»: «پێویستە ڕۆژێک بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بکرێتەوە. کورد ٢٥ ملیۆنن، ڕۆژێک دەبێ ئەم سنوورانە بجووڵێن، یان دەبێ چاوپۆشین لە کوشتنی مرۆڤ لە پێناوی بەرژەوەندی بازرگانیچەک...»[١]

ئەم ڕاگەیاندنانە ترسێکی زۆریان خستبووە دڵی دەسەڵاتدارانی تورکەوە، بەڵام «فرانسوا میتێران» بە ئاشکرایی ئەو گومانانەی دوورخستەوە و لە تەلەفزیۆنی تورکیدا، ڕایگەیاند کە: «من لەو کەسانە نیم کە وا بیردەکەنەوە کە دەبێ دەوڵەتێکی کوردی

www.arsivakurdi.org

# کوردستانەکە دیموکراتیک

## هەڵبژارتنا کوردێن ئیراقێ نە تەنێ سەمبولا حەسیەتێیە، لێ سیاسەتەکە راستە ژی.

وەرگێڕ: موستەفا ئایدوگان

د دەمێن تەهلوکەیان دە، ئیمکانێن مرۆڤ ێن دیمۆکراسیێ تونە. ب تەنێ یەکیتیا گشتی دکارە نەتەوە رزگار بکە. گەلەک سەرۆکێن وەلاتێن دنیا سێیەم، د وارێ تەخیرکرنا هەلبژارتنێن ئازاد یا کو ب شکلەکی دایمی دە، خوە ب ڤی ئاوایی دپارێزن. پر کێم گەل هەنە کو وەک کوردێن ئیراقێ د بن ئەزیەت و تەهدیتان دە ژین. تەڤی کو تو دەولەتەک وان تونە ژی رۆژا سێشەمە، جارا یەکەم هەم ژی بۆ سەرۆکێ خوە و هەم ژی، ژ بۆ مەجلیسا خوە، هەلبژارتنێن ئازاد ل دار دخن.

ژ بۆ مە، مافێ گەلەکی یا هەلبژارتنا سەرۆکێ خوە، تشتەکی پر ئەشکرە و تەبیی یە. تێکۆشینا کوردان یا ژ بۆ ستەندنا ڤی مافی، ئەڤ دەمەکە درێژە کو وەکە بێهێڤی خویا دکر. ئو سالا چوویا ژی، وەکە کو ئەو ب خوە بێهێڤی بوون. دو ملیۆن کەس، ژ بەر ترسا کو دیکتاتۆرێ ئیراقێ سەدام، دێ ب گاڤێ ئێریشی وان بکرا (وەکە کو بەرێ کر)، ژ جیهە و وارێ خوە بوون. سەرۆکێ د.ی. ئا (دەولەتێن یەکبوویێن ئامەریکا) یێ کو د پێڤاژۆیا شەرێ خەلیج دە، ئەو ل هەمبەر دیکتاتۆرێ ئیراقێ داوەتی سەرهلدانێ کر، نەخوەست ئالی وان بکە.

کورد د سائەتا تالی دە، ژ تەرەفێ موخالەفەتا کو ل وەلاتێن رۆژاڤا رابوو سەر بیان ڤە هاتن خەلاسکرن. حکومەتێن ئامەریکا، ئینگلیز و فرانسا بێدلی خوە، ل باکورێ ئیراقێ، ژ بۆ کوردان ئاڤاکرنا هەرێمەکە ئەمنیەتێ دان سەر خوە. ئەڤ هەرێم، دێ ژ بۆ حەزێن رەژیما ئیراقێ قەدەغە با. دڤێ دەمێ دە، کوردان د دەرهەقا موختاریەتا خوە دە، ب زولمدارێ خوە رە دەست ب دانووستەندنێ کرن.

ب ڤێ ئاوایی، ژ بۆ موخالەفەتا وەلاتێن رۆژاڤا، مەسەلە ب گرانی قەدیا بوو. مرۆڤێن حەوجەداریا وان ب ئالیکاریێ هەبوون، ب سایا سەرێ موخالەفەتەک ناڤنەتەوەیی، بوون خوەدیێ ستار و ئالیکاریێ. تشتێن کو داویکێ هاتن کرن، بەرسڤا داخوازێن هەموو کەسان نەدان.

لێ ژ بۆ کوردێن ئیراقێ، ئەوەلییەکە بەردەوام هین ژی دوورە. ژ بەر کو سەدام حسێن هین ژی، دەڤ ژ هێڤیا خوە یا کو کوردان بشکەنینە، بەرنەدایە.دانووستەندنێن کو د ناڤبەینا جەپها کوردستانی و بەغدایێ دە هەبوون، هاتە قوتکرن. ژ شەش مەهان ڤر دە یە کو هێزێن ئیراقی، چ تشتێن د وارێ ئیحتیاجێن ئاجیل دە لازم بە، ناهێلن ژ ئالیێن وان دەرباسی هەرێما ئازاد ببن.هێزێن ئیراقی ێن شەڕ ب تۆپان، بێی کو هەدەفیەک خویا هەبە، ل هەر دەرێ دخن. ژ بەر ڤێ رەوشێ ژی . . . . . ٤ کەس ژ جیهە و وارێ خوە بوون.

مسۆگەریا وەلاتێن رۆژاڤا، ژ بۆ ئەمنیەتا کوردان، نکارە ببە پشتقایەک بەردەوامی. هێزێن موتەفیک، ژ بۆ پاراستنا کوردان یا د وارێ لەشکەری دە، ب بنکەیێن بالافرێن کو ل ترکی هەنە ڤە گرێدایی نە. سەدام حسێن، ب لیستکێن خوە یێن دزی یێن خەراب و بکرانینا دژیتیا ئانکارا یا کو ب کوردان رە هەیە، دخوازە کو ترکیە هێزێن موتەفیک ژ وەلاتێ خوە دەرخە.

گەلێ کورد د دەرەجاک بان دە، سپارتی لیستکێن ئیکتیداران بوویە. ب لدارخستنا هەلبژارتنەکێ د رەوشەک وەها دە، ئیشارەتێن وەکە کو کورد، خوە دانن خەباتا کو بکارین قەدەرا خوە، ب خوە تاین بکەن، خویا دبن. هەلبژارتنا کوردان، نە تەنێ بەلگەیەک سەمبولیک یا حەیسیەتێ یە. لێ ئەڤ ب خوە، سیاسەتەک راست و بئاقلی یە ژی.

د دەرهەقا ستراتەژیا بەردەوامکرنا تێکۆشینێ دە، د ناڤبەینا هەر دو هێزێن سیاسی یێن مەزن دە لێنەرینێن جودا هەنە. پارتییا دەمۆکراتیک یا کوردستان، پ.د. ک یا کو ژ تەرەفێ مەسعود بارزانی تێ ئیدارەکرن، ژ بۆ، ب سەدام رە مەشاندنا دانووستەندنێن د دەرهەقا ئۆتۆنۆمی دە، ئامادە یە. یەکیتیا نیشتمانی کوردستان، ی.ن.ک ب سەرۆکاتییا جەلال تالەبانی، دبێژە کو هەتا ژ بەدێلا سەدام رەژیەک دەمۆکراتیک نەیێ ئیراقێ، دانوستەندن نە مومکونە.

دەما کو لێنەرینێن جیهێ، یێن د دەرهەقا خەتا کو دڤێ بهاتا مەشاندن دە، پەیدا دبوون، موناقەشێن د ڤی واری دە، گەلەک جاران ب چەکان دهاتن بەردەوامکرن. د نەتیجا شەڕێ براکوژی دە، گەلەک خوین هات رژاندن و تێکۆشەرێن رزگاریێ ب خوە بوون زۆرکەر. سەرۆکێن کوردان ب بریارا، د هلبژارتنەک ئازاد دە، خوە تەسلیمی ئیرادا گەل کرن ڤە، تەهلوکا شەڕێ براکوژی یێ کو وان ژ قوەت دخست، کێمتر کرن.

ل کوردستانێ هەلبژارتنەک دەمۆکراتیک، دێ تێکۆشینا یا ژ بۆ سەربخوەبوونێ ژی، د وارێ ناڤنەتەوەیی دە خورتتر بکە. گەر کورد، خەباتا خوە یا ب دلووجان ژ بۆ د ژیانێ دە، ب جیهکرنا پرەسیپێن ئیدارا گەل نیشان بدە، دێ سەمپاتیا موخالەفەتا وەلاتێن رۆژاڤا بێتر ببە.

هەلبژارتن تێ مانا کو کورد، د وارێ مەشروویەتەکە گەلی دە، دبن خوەدیێ پۆزیسیۆنەک پڕ خورت. ل گۆرە بریارا ژ تەرەفێ دادگەها هاگ (هاگ دومستولێن)، یا کو د دەرهەقا سەحرا رۆژاڤا دە، هات ستەندن، تێتە گۆتن کو دڤێ شەرتێ " ئیفادەیەک دەمۆکراتیک"، وەک داخویانیەک قانوونی، ل سەر مافێ مافێ موختاریەتێ بێتە دانین.

ئەم پڕ عەجەب نابینن کو دیکتاتۆرێ ئیراقێ ل هەمبەر هلبژارتنێ دەردکەڤە و وان نە موعتەبەر ئیلان دکە. ترکی یا کو ب تو ئاوایی، مافێ خوە ئیدارەکرنێ نەزە کوردان ژی، رەخنە ل هلبژارتنێ گرت و نوها گوندێن کوردستانا ئیراقێ بۆمبە دکە.

هەولدانێن گەلێ کوردستان، یێن ژ بۆ ئاڤاکرنا دەمۆکراسی، نە تەنێ لایەقی پایەدانێ یە. هلبژارتن ب خوە، دنیا کو ب پاراستنا حقوق و ئازادیێ ڤە ئالاقەدارە، مەجبوور دهێلە کو پشتگریا داوا وان بکە.

*(پوختەی سەرووتاری رۆژنامەی "Dagens Nyheter" ی سویدی، رۆژی ١٩٩٢/٥/١٧).

www.arsivakurdi.org

گەرم ئەکران. ئەو پەرتوکانە کە بە خوێنی جگەر و هەزار دەردی سەری و ناخۆشی لە پێست یان لە بەرگ، یان هەر شتێکی کەی ئەو کاتانە، ئەنووسران زوور بە ئاسانی هەموو سووتێران).

مێژوونووسێکی کە، بە ناوی (ابو فرح ملقی) لە پەرتوکێکدا کە بەزمانی سریانی نووسراوە بەناوی (مختصر تاریخ الدول)، ئەڵێت: (گەرماوەکان هەر بەو شێوەیە گەرم کراون). هەروەها (جورج زیدان) مێژوونووسی بەناوبانگی میسر، لە پەرتوکی (تاریخ تمدن اسلامی) ئەڵێت: (بە قسەی عبدل لەتیفی بەغدادی، کە چۆتە میسر وای نووسیوە، کە ئەو پەرتوخانە گەورەیەی ئەسکەندەریە، بە فەرمانی عومەری کوڕی خەتاب، لەلایەن (عمرو کوڕی عاص)ەوە سووتێنرا.

لە کاتی هێرشی عارەب بۆ سەر ئێران، دیسان پەرتوخانە و پەرتوکەکان هەر وایان بەسەردا هات و (ابن خەلدون) بەدڵگرانییەوە دەربارەی لەناوچوونی پەرتوکی زانیاری و فەلسەفی و باوەڕی ئێرانی نووسیوویەتی: (این علوم فارس التی امر عمر رضی الله عنه بمحوها عند الفتح)، ئەمە یەکێکە لەوانەی دژی سووتاندنی پەرتوک و پەرتوکخانە بوون، کە بە فەرمانی عومەر کراون.

(عبدالله کوڕی تایر)، کە لە کاتی عەباسییەکاندا فەرمانڕەوای ئێران بوو، بەرامبەر بە پەرتوکە فارسیەکان و پەهلەوی ئێرانی هەر وای کرد. لە ساڵی ٢١٣ ک. ٨٢٨ی ز. لە خوراسان، ڕۆژێک لە نەیشاپور بووە، کابرایەک پەرتوکێکی بۆ هێنا بەدیاری، لێی پرسی: ئەمە چ پەرتوکێکە! لە وەڵامدا وتی: ئەمە ڕازی (وا مقدوعوزرایە) ڕازێکی زۆر خۆشە کە زانایان بەناوی شا (ئەنوشیروان)ەوە کۆیان کردۆتەوە. ئەمیر عبدالله وتی: ئێمە خەڵکێکین، قورئان و وتەکانی پێغەمەر ئەخوێنینەوە، جگە لەوانە هیچی ترمان ناوێت. ئیشمان بەم جۆرە پەرتوکانە نییە، ئەمەش نووسینی موغەکانە، فەرمانی دا بە ئاو بیشۆنەوە. (فەرمانی دەرکرد هەرچی نووسین و پەرتوکی عەجەم و موغەکان هەیە، هەمووی بسووتێنن).!

دوای هاتنی عارەب بۆ ئێران هەرچی پەیکەر و پەیکەری بەرد و لەدار تاشراو هەبوو، شکێندران و لەناوبران.

(قوتەیبە کوڕی موسلم)، کە فەرمانڕەوای عارەب بوو لە خوراسان، ساڵی ٧١٢ی ز.، هەموو ئەو کەسانەی کە نووسینی خوارەزمی و هەروەها سەرگوزشتە و ڕازی کۆن و زانیاری خوارەزمییان ئەزانی، لەناوبرد. لە هاتنی عارەبەوە بۆ ئەو ناوە، ئەو شتە کۆنانەی خوارەزمی لەناوچوون و کەس نەیئەتوانی ناوی شتێک بەرێت. پاش ئەوەی قوتەیبە نووسەرانی خوارەزمی لەناوبرد و پیاوە دینییەکانی هەموو کوشت و هەموو پەرتوکەکانی سووتاند، خوارەزمییەکان لە خوێندەواری بێبەش بوون.

هەچ پەرتوکێک بە عەرەبی نەنوسرا بوایە، لەلایەن موسڵمانەکانەوە بە پاشماوەی کافر و بە پێچەوانەی ئاینی خوا و پێغەمەر سەیر ئەکرا.

لە ساڵی ٨١ی ک. (٧٠-٧٠٠)ی زایینی، عەرەبی بووە زمانی ڕەسمی دەوڵەتی ئیسلام. لەرووی کاروبار و ئابووری و زەوی و خانووبەرەشەوە ئاکادمیسین ای.یو.کراچکوفسکی ئەڵێت: لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەشتەمی زایینی، زمانی عەرەبی لە خوراسان و ما وراء النهر و هەموو جێگاکان- بەناونیشانی زمانی بەڕێوەبەرایەتی بووە.

سوڵتان مەحمودی غەزنەوی، بەرامبەر بە بت و بتخانە و پەرتوکخانەی پەرستگاکانی هند هەروای کرد.

هۆلاکۆ خانی مەغول، لە ساڵی ٦٠٦ی ک. ١٢٥٨ی زایینی، بەغدای گرت و (معتصم بالله)ی کوشت. لە ڕۆژێکدا فەرمانی دا هەرچی پەرتوکی زانیاری و ئەدەبی و هەرچی کە هەیە لە گەنجینە و پەرتوکخانەکانی عەباسیدا، هەمووی بخەنە ناو دجلەوە، ئەو پەرتوکخانانەش کە زل بوون کردیانە ئاخوڕی ئەسپ.

پاش ئەوە بە سەد ساڵ کردەوەی ئەمیر محەمەد مزەفەر، هەر بەو جۆرە بوو، لە ساڵی ٧٦٠ک. ١٥٣٩ی زایینی.

سوڵتان سەعیدی مبارزالدین محەمەد کوڕی مزەفەر یەزدی/ لە دەوارنی ممالیک دا کە سەر بەو بوو لە ناوچەی کارس و کرمان و یەزد و ئەسفەهان، سی و چوار هەزار پەرتوکی فەلسەفی و ئەدەبی لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا بە ئاو شوردرانەوە.

ئەورووپاییەکان (خاچەکان لە شەڕەکانی شام و فەلەستین و پاش ئەوەی دەستیان گەیشتە تەرابلس و پەرتوکخانەی، بە فەرمانی فەرماندە خۆی (کنت براتران دوسانژل) پەرتوکخانەکەیان سووتاند.
ئیسپانییەکانیش پاش ئەوەی ئیسپانیایان لە دەست ئیسلامەکان سەندەوە بەرامبەر بە پەرتوکخانەکانی ئەندەلوس وایان کرد.

لە ئێران کاتی شا عەباس ساڵی ٩٩٨ک. ١٥٩٠ی زایینی، ئۆزبەکەکان موسڵمان بوون و سوڵتانەکانیان بەناوی (عوسمان و محەمەد و عبدالله و عبیداللەی شەیبانی)، لەو کاتانەدا کە دەستیان بەسەر مەشهەددا گرتووە، بە هەزارەها پەرتوک و قوران و تەفسیریان خستە ناو ئاو و شوردیانەوە، گوایا ئەمانە پەرتوکی شیعەن.

صدامیش، بەرانبەر هەموو ئەو نووسین و پەرتوکانەی لە کوردستان، لە دیهات و شارۆچکەکاندا هەبوون دوای سووتاندن و کاولکردنیان، هەر وای کرد.

**تێبینی:** لە معجم البلدان- چۆن چوار هەزار گەرماو بۆ ماوەی شەش مانگ بەو پەرتوکانە گەرم کراون! یان ئەبێت بڵێین هەر یەکێک لەو پەرتوکانە لە هەزار پەرە کەمتر نەبوون، یان ئەبێت باوەڕبکەین کە دانیشتوانی ئەسکەندەریە هەر شەش مانگ جارێک چوونەتە گەرماو و بۆ شەش مانگ جارێکیش گەرماوەکانیان گەرم کردووە. ئەگینا ئەم قسەیە بۆ ئەوانەی خاوەن مێژوون ڕێی تێناچێت.

سەرچاوەکان:
١- مقدمه فقه اللغه ایرانی، ای.م.ارانسکی، ترجمه کریم کشاوەز.
٢- اسیای هەفت سەنگ. اثر: باستانی پاریزی.



www.arsivakurd.org

# لەناوبردنی پەڕتوکخانەکەمان
# لە مێژوودا

عبداللە قەرەداغی
(مەلا عەلی)

لە پەڕتوکخانە بەناوبانگەکانی جیهان، پەڕتوکخانەی ئەسکەندەریەیە لە میسر، کە لە مێژووی ئیسلام و ئێراندا بەناوبانگە. بەشێکی زۆر لە نووسەر و زانا بەناوبانگەکان پەرتوکیان لەوێدا هەبووە. لە کۆندا لە لایەن داگیرکەرانەوە، سووتاندنی پەڕتووک، یان ششتنەوەی بە ئاو کارێکی ئاسایی بووە، تەنانەت بە پێویستیان زانیووە. لە مێژوودا، چەندەها کاری ناڕەوای وا روویداوە. بۆ نمونە:

ئیمپراتۆر (تیئودسیوس) لە ساڵی ٣٨٩ زاینیدا لە کاتی لەناوبردنی پەرستگاکانی میسردا، لەوانە پەرستگای (سراپیوم)، ئەسکەندەریە، بەشی زۆری پەڕتوک و نووسین و پاشـــمـــاوەی زۆر بەنرخی ئەو پەرستگایەی لەناوبرد.

پەڕتوکخانەی ئەسکەندەریە: ئەسکەندەری مەکدۆنی لە ساڵی ٣٢٣ پ.زایندا مـــردووە، ســـەرکـــردەکـــانی ئەو هەر یەکـــە لایەکی ئیمپراتۆرییەتەکەی بۆ خۆی راکێشا و دەستیان بەسەرداگرت. میسر بووە بەشی (بەتلیموس لاگوس) کە دامەزرێنەری زنجیرەی بەتالسەی میسرە. ئەسکەندەریە، لە چەرخی بەتالیسەکاندا بووە جێگای هونەر و زانین (لاگـوس) لەم شـارەدا، پەڕتوکخـانەیەک و مۆزەخـانەیەکی دروســتکرد، شـــاعـــیـــر و نووســـەرانroوویان تێکرد. (مـــان تون) مێژوونووسی میسری، لەو کاتەدا بووە کە مێژووی میسری بە زمانی یۆنانی نووســـیـــوە. لە فـــەرمـــانڕەوایی لاگـــوس بەشـــێکی زۆری مـێژوونووسـان و نووسـەرانی یۆنانی هـاتوونەتە مـیسـر و کـەوتوونەتە نووسین.

لە نزیکەکـانی لاگـوس، زانای یۆنانی بەناوی (دیمـتـری والیـرس)، بووە. مـێژوونوسـانی عـەرەب ئەم وشـەیەیان بە (زمـیرە) نووسـیووە. ناوبراو بە فەرمانی پادشا، پەرتوکخانەی ئەسکەندەرییەی دروستکرد و بە زوویی دەها هەزار پەرتوکی باشی لە کۆشکی پادشاوە وەرگرت و پەڕتوکـخـانەکـەی پێدەوڵەمـەند کـرد بەتلیـمـوسی دووەم، کـە بە (فـیـلادلفـوس) بەناوبانگ بوو، کـەوتە کـڕینی پەڕتوکی زۆر بەنرخ و بێهـاوتا. ئەو پەرتوخـانەیە لە فەرمـانڕەوایی بەتالیـسەدا، زۆر فـراوان بوو، تا نزیکی لەدایکـبوونی مـەسـیح، ژمـارەی پەڕتوکـەکـان لە سـەد هەزار زیاتر بووە. بەهۆی پەیوەندی (کلیـوباترە) و پەیوەندی ئەو بە (ژولیوس) کە لە میسردا بوو لە ساڵی ٤٧ی پ. زایین، کێشەیەک بۆ وڵاتەکـە دروست بوو، جـەمـاوەرەکـە چوونە سـەریان، ئەوانیش بۆ دەربازبوونیان ئاگریان بەردایە کەشتییەک، بۆ ئەوەی دوکەڵ بەرچاوی خەڵکەکە بگرێت و دەربازبن. توانیان دەربازبن، ئاگر گەشتە کۆشکی شا و پەڕتوکخانەکەش بەر ئاگر کەوت. خەڵکەکە توانیان هەندیک لە پەڕتوکەکان رزگاربکەن، بەشێکی زۆر زوریش سووتا.

ئەم پەڕتوخانەیە هەمووی لەناونەچوو. لە کاتێکدا شارستانیەتی مەسحی لە میسردا فەرمانڕەوابوو شارستانیەتی ئیمپراتوریەتی رۆمی هاتۆتە میسرەوە، وردە وردە پەڕتوکخانەی ئەسکەندەریە ناوبانگی جارانی پەیداکرەدەوە و پەڕتوکی تازە و بەنرخیان بۆ هێنا. جارێکی کە ئەم پەڕتوکخانە گەورەیە، لە کاتی ئیمپراتۆر (تئودوسیوس)ی مەسیحی لە کاتی لەناوبردنی پەرستگاکانی میسردا، پەرتوکەکانی سووتێنران.

لە کاتی راکردنی (کلیوباترە) و سووتاندنی پەرتوکخانەکە، بەشێک لەو پەرتوکـە زۆر بەنرخـانە، کـــە لە ســـووتاندن رزگـارکـرابوون، گوێزرانەوە بۆ پەرستگای (سەراپیوم)، ئەوانەش هەر ئەو پەرتوکانە بوون کە لە ساڵی ٣٨٩ زاییندا بەدەستی (تئودوسیوس) سووتێنران.
دوو جار پەرتوکخانەی ئەسکەندەریە سووتاون و دیسان و سەر لە نوێ، تازە کراونەتەوە. دوای هاتنی عەرەب و ئیسلام بۆ میسر، دیسـان سـەرەی سـووتاندنی پەڕتوک هـاتەوە. (ابن قـفطی) قـازی و مـێژووناسی مـیـسـری لە پەڕتوکـێکدا بەناوی (تراجم الحکمـا) نووسـیـوویەتی: ( پیـاوێک بەناوی یەحـیـا نەحـوی لە مـیـسـر و ئەسکەندەریەدا ژیاوە، بە فـەیلەسوفێکی ئەو وڵاتە دەژمێردرا، پاش ئەوەی میسر بەدەستی عمرو کوڕی عاص گیرا، ئەو کەسە خۆی لە عمرو نزیککردەوە، جارێک یەحیا نحوی بە عمرو کوڕی عاصی ووت: ئەمڕۆ شار و دیهاتی میسر لە ژێر دەسەلاتی ئێوەدایە، هێندێک شت هەیە بە کەڵکی ئێوە نایەت، ئەگەر بیان گەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانیان زۆر باشترە. ئەوەش لە گەنجینەی فەرمانڕەواییدا پەڕتوکی فەلسەفە و زانیاری هەیە و مۆرکراوە و کەس دەستی بۆ نەبردووە، فەرمان بدە ئەو پەرتوکانە بدەنەوە دەست بەڕێوەبەرانی زانیاری. عمرو کە ئەمەی بیست، وتی: من بێ فەرمانی خەلیفە هیچ ناکەم! نامەیبۆ عومەری خەلیفە نووسی و پاشان فەرمانی عومەر گەیشت، بەم شێوەیە بوو:
(و اما الکتب التی ذکرتها، فان کان ما فیها یوافق کتاب الله ففی کتاب الله غنی عنه، و ان کان فیها یخالف کتاب الله تعالی فلا حاجه الیها، فتقدم باعدامها).

عمرو فەرمانی دا ئەو پەرتوکانە بەسەر گەرماوەکانی شاردا دابەش بکەن). (ابن قـفطی) لە کۆتایدا دەنووسێت: (هەمـوو گـەرمـاوەکـانی شـاری ئەسکەندەریە بۆ ماوەی شـەش مـانگ بە ئاگـری ئەو کتێبـانە

www.arsivakurdi.org

عێراق لەژێر مانداتی بەریتانیا دا بوو.

ئەوەی پێوەندی بە فەرەنساشەوە هەیە، بەرەسمی ئەگەرچی ئەو مافەی سنووردار کردبوو کە (وەزعی کەمە نەتەوەییە)، رایگەیاند. ئەمە یەکەم راگەیاندنی سەرۆکی ولاتێکی ئەورووپی بوو دەربارەی کێشەی کورد لە رۆژهەلاتی نزیکدا.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ و لە ئازاری ١٩٩٠دا سەرۆکی عێراق چووە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی. لەبەردەم خەلکەکەدا، لە کاتی وتاراندا، گفتی ئەوەی دا، کە بە ملیۆن پارە بۆ تازەکردنەوەی ژیانی ئابووری، پێشکەوتنی کولتووری و نوێکردنەوەی کوردستان، تەرخان دەکات. ئەو بەڵێنە بەخشندەیەش نیشانەی سەغلەتی بەغدا بوو، لە باری ناوچە هاوسنوورەکانی تورکیا، لە خوارووی رۆژهەلاتی ئەو ولاتە، کە هاوینی ١٩٩٠ بزووتنەوەی کورد کەوتبوە چالاکی. لە بەرئەوەی ئەنقەرە زۆر ناجۆر بوو لە کاری پێشتری عێراق، لە دە رۆژی یەکەمی ئابی ١٩٩٠دا نامەیەکی ئاشتیخوازانە، رەوانەی ئەنقەرەکرا.

ئەمجارە سەدام حوسێن بە ئاشکرا هەوڵیدا پێوەندیی لەگەڵ تورکیادا خۆشکاتەوە. تورکیاش رایگەیاندبوو کە ئیتر رێگە نادات خواردەمەنی و داودەرمان لەوێوە بگاتە عێراق، ئەمەش بە تەواوی بەغدای نارەحەت کردبوو، بەلام سەدام حوسێن دەبوایە حیسابێکی بۆ ئەو هۆکارە بکردایە کە تورکیا بەشدارە لە ناتۆدا.

پێوەندی عێراق لەگەڵ ئێرانیشدا، ئەوە هەتا ئێستاش رێکەوتنامەی ئاشتی لە نێوانیاندا مۆرنەکراوە. هەردوولا شتیان لەیەکتر دەوێ. بەغدا نایەوێ رێگە بدات کە تاران دەستبخاتە کاروباری ناوخۆیەوە، تارانیش چاوی بڕیوەتە چەند ناوچەیەکی سەر سنووری عێراق و داخوازییەکانی بەغدا پشتگوێ دەخات. باری ئێستای کێشەی کوردیش لە پێوەندی نێوان هەردوو ولاتدا، لە راستیدا گرنگە، چونکە بەشێکی زۆری ئەم گەلە لەسەر ئەو خاکە دەژین کە سنووری عێراق- ئێرانی پێدا دەروا (هەروەها ناوچەکانی نزیک سنووری تورکیاش).

رێکخراوە میللییە کوردییە ناسراوەکان، خەلکێکی زۆریان بە مەبەستی سەرنج راکێشانی رای گشتی جیهان بۆ کێشەی کوردی عێراق، بلاوەپێکردووە بە مەبەستی قەناعەت پێکردنیان کە بە پەلە داکۆکیکردن لە مافی ئەم گەلە بە گوێرەی پەیماننامە جیهانیەکان پێویستە.

لە لایەن رێکخراوی «لیبەرتیە» کە دانیال میتران، خێزانی سەرۆکی فەرەنسا رابەرایەتی دەکات، کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی سازکرا. لە کۆنفرانسەدا نوێنەرانی خەلک و ولاتان و کەسانی سیاسی ٣٣ ولات بەشداربیان کرد، کە بڕیارنامەیەکی فراوانیان دەرکرد و پێشنیارکرا، لەو ولاتانەی کوردی تێدا دەژی لیژنە پێکبهێنرێ بە بەردەوامی چاودێری پاراستنی مافی ئەم گەلە بکات و داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی لە پەرلەمانی ئەو ولاتانەدا بکرێ. لە بڕیارنامەکەدا باس لە پێویستی پشتگیری کێشەی کوردیش لە پەرلەمانی ئەورووپا و ئەنجوومەنی ئەورووپا دا کراوە.

پاشان بەشدارانی کۆنفرانسەکە داویان لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە لە بەرپرسیاربوونی ئەو ولاتانەی کە تەکنولۆژیای بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاییان داوەتە عێراق هەلبداتێ. هەروەها بڕیاریش درا کۆمەلەیەکی (ئەنجوومەن)ێکی گەورەتر بە بەشداری رێکخراوە نێونەتەوەییە بە دەسەلاتەکان پێکبێت.

بە پێچەوانەی بیروڕای جیهانییەوە، باری کوردی عێراق خراپتر دەبێ. لەو بارەیەوە جەلال تالەبانی سەرۆکی (سکرتێری- وەرگێر) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایگەیاند، کە ولاتانی رۆژئاوا هەر مەبەستیان پاراستنی سنووری دەولەتی و گەرانەوەی دەسەلاتی شێخەکانی کوێتە، لە بارەی چارەنووسی کوردیشەوە، هیچ گۆڕانێکی روو لە چاکە نییە.

بە دەستپێشخەری خەلکی کورد لە واشنگتۆن ٢٦/ی شوباتی ١٩٩١ کۆنفرانسێکی نوێ لەمەر مافی کورد پێکهات. دانیال میتران لە کۆنفرانسەکەدا رایگەیاند: «دەمەوێ لەم کۆنفرانسەدا چارەسەرێکی وا دابنرێ بتوانێ کۆتایی بە ئازاری گەلی کورد بێنێ. کە مافە سەرەتاییەکانیشی، مافی ژیان و هەستکردن بە کەرامەتی تایبەتی، پێشێلکراوە».

کۆمیتەی سویدی لەمەڕ مافی گەلی کورد ١٥-١٧ ئازاری ١٩٩١ لە ستۆکهۆلم کۆنفرانسی دەوریی خۆی لە بارەی مەسەلەی کوردەوە رێکخست. بە داخەوە، هەر کۆنفرانسە دەبەسترێ، کەچی وەزعیش لە کوردستان روو لە باشی نییە. چارەنووسی کورد بە ئەندازەیەک دراماتیکییە، کە لە چارەسەرکردنی کێشەی ئەم گەلەدا ولاتەکانی خۆیان گرنگی پێ نادەن. کورد رۆلی هێوربوونەوە لە پێوەندیی نێو ولاتانی عێراق، تورکیا و ئێران یاری دەکات، هەر یەکە و لە سیاسەتی ناوخۆیدا هەولدەدات ئەم نەتەوەیە هەلوەشێ یا قڕبکرێت. لەم بارەیەوە، رووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستانی عێراق هەروەها هەزاران ئاوارەی لە مەرگ قوتار بوو کە سنووری ئێران و تورکیایان بڕیوە شایەتن. ئەم ولاتانە هێشتا لە باریاندا نییە ئەو دەزگایەی کە کوردەکان دەیانەوێ فیدرالی یا کۆنفیدرالیان بۆ بڕەخسێنن، ئەویش تەنیا بە بوونی دیموکراتی راستەقینە لەو ولاتانەدا مسۆگەر دەبێ.

لە هەموو حالێکدا، لەم بارەی ئێستای نێودەولەتاندا، راستییەکەی ئەوەیە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ولاتانی ئەورووپا مەبەستییانە هۆکاری کوردی (فاکتەر) بۆ وەدەستخستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە رۆژهەلاتی نزیک و ناوەڕاستدا بەکار بێنن.

سەرچاوە:

رۆژنامەی (گۆلەس کوردا- دەنگی کورد)، ژمارە ٨ و ٩ تشرینی دووەم. ١٩٩١ ل٦- نزرگانی مەلبەندی کولتووری کوردی- مۆسکۆ.

www.arsivakurdi.org

# پاشەڕۆژی چارەسەرکردنی کێشەی کورد

ژیگالینـە
وەرگێڕانی لە رووسییەوە: مارف عومەرگوڵ

یەکێک لە ئەنجامەکانی شەڕی عێراق لە دژی کوێت و تێکشکانی سوپاکەی، ئەوەبوو کە ناوەندی بزووتنەوەی دیموکراتی-نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی ئێرانەوە دابەزییە کوردستانی عێراق. ناکۆکی نێوان کورد و رژێمی بەعس، لە دوای ئەوەی سەدام حسێن گوێی نەدایە رێکەوتنامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠. دەربارەی ئۆتۆنۆمی ئەم گەلە،، بەبێ چارەسەر مایەوە. لەبەرئەوەی پێشتر سەدام حسێن بڕیاری بەرفراوانکردنی سیاسەتی خۆی دابوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک، دەبوایە لە سەرەتاوە باری نێوخۆی جێگیر بکات. بۆیە سیاسەتی خۆی لە کوردستان «نزیکەی ٣/٥ ملیۆنی» درێژ کرد و لە ساڵی ١٩٨٧ بە توندی کەوتە گیانی شۆڕشگێڕانی کورد و بە کۆمەڵ راونان و چەوساندنەوەیان. لە نیسانی ١٩٨٧ دا چەکی کیمیاوی لە دژی کورد بەکارهێنراو، دەیان هەزار کەس شەهید بوون. لە ناوەڕاستی ئازاری ١٩٨٨ یشدا تاقیکردنەوەی خۆیان لە شاری هەڵەبجە دووبارەکردەوە. کە ژیانی ٥ هەزار کەسی کردە قوربانی.

بیروڕای گشتی لە ئەمەریکا ئەم کارە دڕندانەیەی مەحکوم کرد. حکومەتی ئەمەریکاش ئەمەی بە هەخەڵ زانی بۆ ئەوەی یارمەتی عێراق کەم بکاتەوە. واشنگتۆن ئەوەندەی مەبەستی رەخساندنی بارێک بوو بۆ دەستێوەردانی ناوچەکە ئەوەندە مەبەستی نەبوو یارمەتی کورد بدات، تا قەرەبووی ئەو سیاسەتە لە دەستچووەی بکاتەوە، کە لەگەڵ حکومەتی ئێراندا لەسەری رێککەوتبوون. «وا تێدەگەم مەبەست لە رژێمی شایە-وەرگێڕ».

لەبەر بەکارهاتنی چەکی کیمیاوی لە عێراق، لە دژی کورد، «ئەنجومەنی پیران» ی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لیژنەیەکی تایبەتی رەوانەکرد، تا راپۆرت و بەڵگە و دۆکۆمێنت لە بارەی ئەو تاوانەوە ئامادە بکرێت. ئەنجامی لێکۆڵینەوەش وا دەرکەوت کە رژێمی دەسەلاتداری لە عێراق، بە شێوەیەکی بەرفراوان چەکی کیمیاوی لە دژی کورد لە سەرووی عێراق بەکارهێناوە و هەر لە ٢٥ ی ئابی ١٩٨٨ ەوە، بە مەبەستی سەرکوتکردنی شۆرشگێڕانی کورد هێرشی پان و پۆڕ دەستی پێکرد.

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکە دەرکەوت، تیۆری و پراکتیک لە لای حکومەتی عێراق لە یەک جیاوازنین، واتە هاوجووتن، کە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، بە مەبەستی دەرکردنی کوردبووە لەو ولاتە، بەغدا ویستی لە سەرانسەری خاکی کورددا شار و دێهاتەکان وێرانکات و ئۆردوگای بە سوپا کۆنترۆڵ کراو بۆ دەرکراوان دروست بکات. پاشماوەی خەڵکەکەش بەهۆی گازی ژەهراوییەوە لە کوردستان وەدەرنێت. ئەم سیاسەتەش زۆر دڕندانە پێڕەو دەکرێت.

لیژنەی نێردراوی ئەمریکی بۆ کوردستانی عێراق، روونیکردەوە، کە لە دێهاتەکاندا نیشانەی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی دیارە، بەلاّم ئەمە تەنیا بەشێکی سیاسەتی عێراق بوو لەمەڕ کوردستان. لە ئەیلولی ١٩٨٧ نوێنەری کۆمیتەی پێوەندیی نێو دەوڵەتان لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان «پیتەر هیلبریت» چووە ناوچە کوردییەکان، هەر لە دیاربەکرەوە تا کەرکووک. لەو ناوچانەش بە دەیان دێهاتی وێرانکراوی بینی. دەڵێ: «دیمەنی ئەم بەشەی کوردستان، بریتیە لە تابلۆیەکی غەمبار، کە بەرهەمی کولتوریی مرۆڤ، لە دینگە و ئەستوون، گۆڕستان و باخچەی بێخاوەن دەچێت. کوردەکان خۆیانە ناوی ٣٨٩٧ گوندی وێرانکراویان تۆمارکردووە». خەڵکە کوردەکە زیاتر لە ئۆردوگا زۆرەملییەکان و ئۆردوگای تایبەتیدا لە بیابانەکانی خوارووی ولاّت دانراون.

پ. هیلبریت دەڵێ: «ناتوانم ژمارەی شەهیدبووان لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەوە، بڵێم، بەلاّم دەتوانم بڵێم کەم نییە. بەرنامەی کۆچ پێکردنیش لەسەر وێرانکردنی دێهاتەکان و وێرانکردنی ئەو کولتوورە دەوڵەمەندە بنیات نراوە».

پ. هیلبریت ئەوە دەستنیشان دەکات کە لە عێراقدا پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، نەک هەر کورد، بەڵکو خەڵکی تریش دەگرێتەوە. گوللەباران کردن، ئازاردان، گرتن و نەبوونی هیچ جۆرە ئازادییەکی دیموکراتیانە، وەزعی ناوخۆی ئەم ولاتە دیاری دەکەن. ئیتر داهێنانی رژێمی عێراق ئەوەیە کە منالاّنی خەڵکی راونراو بکوتێ و بکوژێ. لیژنەکە ئەو کارەساتەی تۆمار کردووە، کە دایک و باوکان تەرمی سەرکردەکانی کورد لە دیدەنی خۆیاندا بۆ واشنگتۆن شایەتی لە سەردەدەن، لەلایەن دەسەلاّتی رەسمی ئەمریکاوە حیسابێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە.

پ. هیلبریت واپیشان دەدا، گینۆسیدی کورد ئەنجامی جێبەجێنەکردنی ئەو ئۆتۆنۆمییە کە لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم لەلایەن (کۆمەڵەی گەلان)ەوەک گفت بەم گەلە درابوو، ئەو کاتەی

# هەنگاوێکی مێژوویی

ویلدان تاتریکولو

لە ١٧ای گوڵانی ١٩٩٢ دا، لە باشووری کوردستان، بۆ دەست نیشانکردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرکردایەتی ساسی، هەڵبژاردنی گشتی دەکرێت.

بڕیاری بەرەی کوردستانی عێراق، بۆ هەڵبژاردن و ئامادەکردنی هەڵبژاردن، کە تا ئێستا، سێ جار لەبەر هەر هۆیەک بێت، دوا خراوە، بڕیار و ڕووداوێکی گەلێک گرنگە لە مێژووی نوێماندا.

گەلی ئێمە، لە بەشێک لە وڵاتەکەماندا، بە ویست و خواستی خۆی نوێنەرانی خۆی هەڵدەبژێرێت و لەم ڕێیەوە، لە بواری کۆمەڵایەتی دا، ڕاستەوخۆ ئەرک و بەرپرسیاری خۆی، دەگرێتە دەست خۆی.

بڕیاری بەرەی کوردستانی بۆ هەڵبژاردن، شایانی پەسندان و پیرۆزبایییە.

نمونە گەلێک کەمە، کە وڵاتێکی دیکە، لە بارودۆخی وڵاتی ئێمە دا، سەرۆکایەتییە سیاسییەکەی بڕیارێکی بەو جۆرە وەربگرێت و بۆ ئەنجامدانی هەوڵبدات.

سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی عێراق، لە دەستپێکی یاسای هەڵبژاردندا، کە لە ٨ ی نیسانی ١٩٩٢دا دەرچووە، هۆی ئەو هەڵبژاردنەی بەم جۆرە ڕوونکردۆتەوە: (لە کۆمەڵدا، کار بە ڕێکخستنی دەسەڵاتداری یاسایی، ئەنجامدانی دادپەروەری، پەیداکردنی بژێوی، پاراستنی ئاشتی و ئاسایش، پاراستنی خاوەندێتی، پاراستنی ماف و ئازادی ژیان و ڕێزگرتنی مافی هاووڵاتی بەڕێوەدەچێت، ئەویش پێویستی بە خەباتێکی هاوبەش هەیە و بە خەباتی تاقەکەس بەڕێوەناچێ!. خەباتی هاوبەشیش تەنیا، لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی سەربەست لە لایەن گەلەوە دەستەبەردەکرێت).

(بەرەش بە پێی واقیعیەتی ئەم چەرخە و ڕاستی ژیان لە کوردستانی عێراقدا، ئەم هەنگاوەی ناوە، تا لەو ڕێیەوە، کوردیش لە نێو کۆمەڵانی تری هاوچەرخدا جێیەکی تایبەت بە خۆی بگرێ و کۆمەڵگای کوردەواریش، لە چوارچێوەی مافە نێونەتەوەییەکاندا بیسەلمێنێ کە توانای بەڕێوەبردنی خۆی هەیە، چون کۆمەڵگا لەسەر بنەمای دیموکراتی و مافی ئازادی ئینسان دادەمەزرێت).

هەرچەند ئەز ناخوازم، چ لە سەرکەوتنی ئەم بڕیارە و چ لە چۆنیەتی ئامادەکردن و بەڕێوەچوونی، بدوێم، بەڵام پێم وایە سەرنەکەوتنی ئەو بڕیارە وەک ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ، شکستی هەموومان دەبێت، نەک تەنێ بەشێک لە گەلەکەمان.

ئێمە دەتوانین، ئەو بەرپرسیارییەی دەکەوێتە سەرشانمان، لە زۆر بواردا جێبەجێ بکەین، لە کاتێکدا گەر بزانین، یا بتوانین، ڕێزی ئەو یاسایانەی لە داهاتوودا دەریدەکەین بگرین و کەمایەسییەکانی کۆمەڵگای خۆمان بە ڕاشکاوی بخەینەڕوو، گفتوگۆیان لەسەربکەین و هەوڵبدەین ئەو کەموکوڕیانە لەنێوبەرین، کە دێنە ڕێمان و هاوکاری لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو بەشەی وڵاتەکەماندا بکەین.

ڕێگای سەرکەوتنی ئەو بڕیارە کە (کۆمەڵ خۆی، خۆی بەڕێوەببات)، لەسەر (پاراستنی بنەماکانی دیموکراتی و ماف و ئازادی ئینسان) ئاسانتردەبێت.

بێگومان، لە جێبەجێ کردنی بڕیاری هەڵبژاردندا، کێشە و گیروگرفت دەردەکەون، بە تایبەت لە کاتێکدا، تا ئێستاش، ئەو بەشەی وڵاتی ئێمە، چون باقی بەشەکانی دی وڵاتەکەمان لەژێر هێرش و پەلاماری داگیرکەراندا قوتاری نەبووە. ئەمە بێجگە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و گیروگرفتی ئابووری.

بۆیە دەبێت، بە گوێرەی باری گشتی ئەو بەشەی وڵاتەکەمان و ئەو پێوانانەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، بنواڕینە هەڵبژاردن و ئەو ڕاستیە لەبیرنەکەین کە هەڵبژاردنێکی وا، ناکرێت بە هیچ هەڵبژاردنێکی دی بەراوردبکرێت.

کۆنگرەی ١٢ یەمی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید، بڕیاریدا وەک چاودێر لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری بکات. بە پێی ئەو بڕیارە، دەستەیەکی نوێنەرایەتی، کە لە سێ کەس پێکهاتووە، ڕوو دەکاتە کوردستان، تا بتوانێت هەم لە کاتی هەڵبژاردندا و هەم دواتریش هاووڵاتیانی ئێمە لە سوید، لە ڕووداوەکان ئاگاداربکاتەوە.

ئاشکرایە، بەشداری دەستەی نوێنەرایەتی فیدراسیۆن، پشتگیرییەکی ڕاستەوخۆیە لە بڕیاری هەڵبژاردن و گەلی ئێمە لە باشووری کوردستان و ئەو سەرکردایەتییە سیاسییەی خودی وەرگرتنی بڕیارەکەیە.

هیوا و ئاواتمان ئەوەیە، هەڵبژاردنی گشتی، بەو جۆرەی لە پێشەکی یاسای هەڵبژاردندا دیارکراوە، ببێتە بنەمای کۆمەڵێکی وا، کە کار تیایدا بە گوێرەی پرینسیپی لێک جیاکردنەوەی کاری دانانی یاسا و بەڕێوەبردنی دابەشبکرێت و دادپەروەری بکەوێتە دەست نوێنەرانی گەل کە لە ئاکامی هەڵبژاردنێکی ئازاد و سەربەستەوە هەڵدەبژێردرێن.



www.arsivakurd.org



# ناوەڕۆک


باس و لێکۆڵینەوە

هەنگاوێکی مێژوویی ............... ویلدان تانریکولو

پاشەڕۆژی چارەسەرکردنی کێشەی کورد ........... ژیگالینە

کوردستانەکە دیموکراتیک.............. و. موستەفا ئایدوگان

گەشتەکەی فرانسوا میتران ............. نەزەند بەگی خانی

بەیانا دەلەگاسیۆنا چاڤدێر یا ..............................

کارتۆگرافی ئەوروپییەکان و................ فەرهاد پیرباڵ

ئەدەب و هونەر

( بەرۆژ ئاکرەیی سەرپەرشتی دەکات)

بەڵێ مولکی خۆتە......... چیرۆک.......... هیوا کەریمی

دەربارەی نازناوی کۆچەر ...... شیعر......... بێرتۆلت برێشت

دوو شیعر .............................. فوئاد سورخی

دوو بەرهەم و یەک تێڕوانین ............. بەرۆژ ئاکرەیی

چاوپێکەوتن - کۆمەڵێن مەمە - تەندروستی

چیکییەکی کورد (قادر دیلان).........................

کۆمەڵەی کوردی لە ئیسکلستونا................ بەربانگ

دوای منداڵبوون................ سەربەست رواندزی

بەرهەمی نوێ....................... بەربانگ




نیلسۆن ماندێلا ... ل ٣٥



قادر دیلان ... ل ٤٣

ڕووبەرگ: زیاد


# بەربانگ

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد

بەرپرسیار: خەبات عارف

*دەستەی نووسەران*

*خەبات عارف، بەرۆژ ئاکرەیی، دیلان دەرسیم،*
*جەمال باتون، پ. خورتۆ، مستەفا ئایدۆگان،*
*بوبێ ئەسەر، حەمیدکلچاسلان، محەمەد هەمبێلۆ*

*پیتداچن و تەکنیکاران*

دیلان دەرسیم، بوبێ ئەسەر، لۆران جەنگین

ئابوونەی ساڵانە: ٢٠٠ کرۆنی سوێدییە

بۆ دەزگاکان ٣٠٠ کرۆنی سوێدییە

دەستەی نووسەران لە نووسین و وتارەکانی فیدراسیۆن و لەو نووسینانەی بە واژۆی خاوەنەکانیان بڵاودەکرێنەوە، بەرپرسیار نییە.

ناونیشان:

BERBANG
Box 490 90, 100 28 STOCKHOLM
Tel. 08- 652 85 85
Fax. 08- 650 21 20

پۆستگیرۆ: 8-80 38 64

ژمارە ٨١ ساڵی (١١) ١٩٩٢

☐ فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد، لە ٦-٦-١٩٨١ دامەزراوە.

☐ گۆڤاری بەربانگ ژمارەی یەکەمی لە ١٩٨٢/٧دا، بڵاوکراوەتەوە.


www.arsivakurdi.org



SCHEICH 'ADĪ, EINGANG ZUM HEILIGTUM DER JEZIDEN

شوێنێکی ئایینی ئێزیدییەکان

www.........org

SVERIGE
PORTO BETALT

**B**

# بەربانگ

Box 490 90, 100 28 Stockholm



گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوید. ژمارە ٨١ ساڵ «١١»